رۆمان

# مۆسیقای مەرگی ناوەختە

نوسینی : سەلاح جەلال

**ناوی کتێب: مۆسیقای مەرگی ناوەختە**
**بابەت: رۆمان**
**نوسینی: سەلاح جەلال**
**چاپی: چوارەم**
**دازاینی بەرگ: دیار بەکر**
**چاپخانەی: کۆشکی سەرا**
**تیراژ: 1000 دانە**
**نرخ: 1000 دینار**
**سالی بلاوبونەوە: 2021**
**لەبەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(1587) ساڵی 2020 پێدراوە.**

وشەیەك شك نابەم بۆ سوپاسگوزاری برای بەرێز کاك (سامان فائق علی) بە جوانیەکانی رۆحیەوە ئەرکی لەچاپدانی رۆمانەکەی گرتە ئەستۆی خۆی، ئەم رۆمانە شانسی بەچاپ نەبوو، لەکاتێکدا لای خوێەران دەنگدانەوەیەکی زۆری هەیە، برینیك بوو لەدڵما. جێی دڵخۆشییە من و خوێنەران لەو مەرگی چاپە خراپانە رزگارمان بوو، بە شێوەیەکی جوان چاپمان کردەوە. نمونەی کاك سامان زۆربێت.

رۆمانەکە یەك رستەو ساتەوەختێك زەمەنە تەنها لەجیاکردنەوەی دایەلۆژدا دو نوقتەم داناوە.
شا جوانی جیهان ( نینا مراد )چاپی دووەمی گرتە ئەستۆی.
کاك غەفور مەخموری کاتی خۆی چاپی یەکەمی گرتە ئەستۆ.
چاپی دووەم لە چاپخانە سەقەت کرا، لەفۆنت و لاپەڕە و شتی تر، بەمقەست لەتم کرد چاپی سێیەمیش بەناو چاپ بوو، لەبەر ئەوە چاپم کردەوە.
لێرەدا گۆڕانکاری کەم هەیە لە وشەو پیتی زیادەو شتی لەو جۆرە، جارێکی تریش هەر هەڵەچنیم کردەوە دازاینی جوان نەبوو، چەند هەڵەیەکی سانایش هەبو، مانەوەی واوی پەیوەندی و رێکخستنی ماوەی نێوان وشەکان، لەبەر ئەوەی کەسانی رێزمانی کوردیش حەزیان لەئۆتۆنۆمی واوە ئەویشم جیاکردەوە، چونکە چاپەکانی تر هیچیان باش نەبون.

لەبەر ئەوە بۆ هەموو کارێك پشت بەم چاپە دەبەسترێت.

# 1

(چەرچەفێکی خوێنین بەری ئاسمانی شارەکەی گرت بو کەڤ تواوەی خۆر لە ئاپورەی کۆچدا خڕ دەبووەوە لەناو شەپۆلی شینی چینەکانەوە ڕەنگی دەدایەوە بە کزەیەکی بەهێزەوە بەچەند ڕەنگێکی ماتەوە دەکشاو لەسەر ئاستی گۆڕستانەکە گرمۆڵە دەبو کێل و گڵ و بەردی ڕەنگاڵە دەکرد زیبەڕۆی لەمۆسیقایەکی ناکاتە ڕادەچڵەکاندو لەسەر تەرمە ڕاکشاوەکە وێنەی دەکێشا لە ڕاست و چەپ و خۆرئاواو خۆرهەڵاتەوە ڕوبەری گۆڕەکان ببو بەزرنگەی خەزانێکی تورە گەڵاو لق و چڵ و دارو درەخت فرمێسك لە پێڵوی ماتەمیان دەبینراو ئەستێرەی ژوانی گۆڕستان لەژێر پەردەیەکی دینامیکی نەبینەوە کپ ببو وەك لە مەداری جارانی دەرچوبێت مارو مێروو باڵندەو زێبەڕۆ بە

خامۆشـییەوە نوزەیـان دەهـات وەك چـاوەڕوانی شـانۆیەکی نـەبین بکـەن لـە چـوار چـێوەی گۆڕەکانیشـەوە پریشـکی ترسناکی دەکشا هەردو شینە شاهۆیەکەی سەر مەرقەدیش هەڵفڕین لەگەڵ شـەقەی باڵیانـدا لـەژێر پـەڕە نەرمەکانیانـەوە مۆسـیقایەکی هێـدی و دڵ تـەزێن بڵاوبـووەوە وێنـەی گاسـنێکی ئەفسـوناوی دڵـی گۆڕەکـانی هەڵـدڕی زەنـگ و مـارش و تـەپڵ و کەڕەنایـەکی خـامۆش لـەناو هەواکـەوە دەهات بەهاوارو قیژەی خەفە کراوی سروشتەوە دەهاتە بەر گـوێ وێنـەی شـیوەنێکی دڵ تـوێن دەکشـا لەگـەڵ ڕەنگـی ئاوێتەییـدا بـۆ ناوجەرگـەی گۆڕسـتان دەهاتنـەوە وەکـو هێزێکی ئەلەتریکی لەسەر لێوی تەرمەکە لەنگەریان دەگرت لەناو بێدەنگی و کپی و گوێ قولاخی ناوچەکەدا بە زەردی شەوقێکی تاریکی دەدایەوە لەسەر لاپاڵ و گردو تەپۆڵکەوە شێیەکی تـەزیو دەکشاو توتك و سەگەلیش کەوتنە وەڕین گریەی وەڕسیان لێ دەردەکـەوت گۆپکـەو گـەڵاو گڵ و خۆڵ چـاوی ماتـەمیان تیـژ ببـو وەکـو رەنگـی مردنیـان گرتبێـت لوتکـەو سـەرکەل و لاپـاڵ و دەشـت و دەریـش چـاویان لـە خامۆشـی سـەر تەرمەکـە بـڕی بـو وەکـو هـەمو مادەیـەك چاوەڕێی هەستانەوەی کفن پۆش بکات لەنێو چینی تاریك

و ڕونـــی ئاسمانـــەوە ســـکێکی ژەم بـــوردەیی دیـــاری دەدا هـەروەکو بەئاشـکرا بـاوەش بـۆ ناشـتنی تەرمەکـە بکاتـەوەو بانگەشـــەی مەرگـــە ناوەختەکـــەی بڵاوبکاتـــەوە شـــاڵ ســـپی تیشـــکی چـــاوی تێـــبڕی بـــو ڕەنگـــە تێکەڵاوەکـــەی دەهاتـــە بەرچاوی وای دەزانی بەدەم جیهانـەوە پێدەکەنێت کەفێکی زەرد باو لەسەر لێویەوە نیگایان گرتبو وەکو بە تەلەسکۆبی هـەزار میلـەوە سـەیری بکـات نهـێنی جیهـانی تیادەبینیـەوە کێڵگەی زامە سەختەکانی سەرەتاو کۆتایی تیاهەڵدەکوڵیٚ و زمانیـان لـەگۆ دەخسـت وەکـو هـەمو شـتەکانی تـر سەرسـام مابو ڕۆشنایی بۆ هەستانەوەی کفن پۆش هەتەر دەدا لـەناو شـــێواوی سروشـــتا بێهـــوش ببـــو وەك کارەبـــای ئـــەو ڕۆژە ســـەختە گـــرتبێتی توانـــای ئـــەوەی نـــەبو وشـــەیەك بڵێـــت شـریخەی دینـامیکی ناکـات بـە جەسـتەیدا دەهـات چـەندی کرد نەهاتە سەر بڕوای گیان دەرچونی شاڵ سەوز تـەنیا لـە ناو تاڵی و توشـی ئـەو ڕۆژگـارە سـەختانەدا دەخولایـەوە کـە سەرتاپای ژیانی ئەویان پیـادا تێپـەڕی بو ئـەو ڕۆژانـەی کـە بەو چەشنەی لیٚ دەهات لە پڕێکدا ڕاست دەبووەوە ئەوانـە ڕوژانـــە ئاکـــاری بـــون هەمیشـــە سەرســـامی دروســـت دەکـــرد هەزاران بیرەوەری وای بەجیٚ هێشت بو بەو جۆرە لەلاسایی

مردندا دەبینرا وەك ئۆقیانوسی مەرگەسات شەپۆلی مەرگی دەدا شاڵ سپی کە سەیری دەکرد جەستەی دەکەوتە لەرزین لە دەریای پڕ تەوژمی گومانەوە وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ لە نیگایەوە کەفیان لە ڕۆحی هەزاران وەلی هەڵدەکفاند بە قولایی ژیانی چەرمە سەری خەڵوەو ئەشکەوت و گۆڕو تەکیەدا ڕۆ دەچو پەلی بۆ کێشەی ژیان ڕادەکێشا هەر لە ئاسمان و گەردونەوە هەتا مرۆڤایەتی لەم ساتەشدا بە هەمان جۆر گوێی بۆ نرکەی دەرونی هەڵخست بو تەرمەکەش بە جۆرێك لەسەر تەختە بەندی قسنەکە ڕاکشابو بەڕاستایی شاخەکەدا درێژ ببو تیشکی لوتکە بەسەر جەستەیدا دەهات چاوەکانی لەسەر شەپۆلی شارەکە هەڵفڕی بو وەکو نەیەوێت چاوی بەتابوتی خوێن گرتوی بکەوێت دشداشە سپیەکەی هەتا سەر سنگی هاتبو توکە سپییەکانی سینەی بە گرژی مابونەوە هەر دو دەستی بەسەر زبرایی تەختە بەندەکەدا بڵاوببوەوە نینۆکی پەنجەی درێژ ببون لەگەڵ خوێنە مەیوەکەیدا وشك دەردەکەوتن وەکو ڕۆژانی تریان دەنواند ئەو ساتانەی بەبێ جوڵە لەسەر تەختە بەندەکە ڕادەکشاو ئازارەکانی جەستەی لەسەر خاو دەکردەوە ئێواران لەو کاتەدا بە هاوارەوە لە گۆڕەکەیەوە

ڕادەپەڕی گۆڕستانەکەی دەهەژاند دڕی بە شەپۆلی هێمنی دەدا خونچەی بێ گیان و گیانداری ڕادەچڵەکاند لێوی خۆڵاویانی دەخستە سەر خەندەی بەدەرکەوتنی بەو هێزەوە لە سوپا مۆڵ کراوەکەی شاری دەڕوانی چاوی بە ئاسماندا دەگێڕا هەتا گڵۆپەکان هەڵدەکران ئەوسا بروسکەی مەرگاوی لە جەستەیان دەدایەوە گورج خۆی وەردەچەرخاند ساتێك دادەنیشت دەستی بەسەریەوە دەگرت هەتا ئازارەکانی پشو بدەن مێشکی لەو شاڵاوە تۆقێنەرە ڕزگاری ببێت و بحەسێتەوە ئەوسا دەچووە سەر تەختە بەندەکە جەستەی پێوە دەنوساند دەکەوتە بیر کردنەوەی جیهان ئەم ئێوارەیەش گۆڕستانەکە شێوابو بەردو گڵ و هەواو مادەو شێ و تریفەو پوش و شنەو سێبەرو هەتاو چاویان بڕی بووە جەستەکەی هەتا وەکو جاران بتەقێتەوە ناخەکانی دەرونی بەتێکەڵی خەون و خەیاڵ و بیرو جیهانی ئەفسانەییەوە بەسەر خاك و خۆڵدا پەرش بکاتەوە شەپۆلی ترسناکی مێشکی بکات بەنەشتەرو لەجەرگی مرۆڤایەتی بژەنێت و ڕەوشت و ئاکاریان بگۆڕێت هەمو نیگاو ڕوانینێك شیرازەی ئارمیان پچرابو شاڵ سەوز بەجۆرێك ڕاکشابو جوڵەو خشەو نوزەو دەنگی لێنەدەهات

شـەوو ڕۆژێـك بـو بـەبیٚ چـرکە ئـارامی لەسـەر گرتبـو ڕۆژان لەگەڵ شەقەی باڵی شینە شاهۆکاندا ڕادەچەنی هـەر کـە دار ئەرخەوانەکەیان دەشڵەژاند بە باڵەکانیان مۆسیقایان بەسەر گۆڕسـتانەکەدا دەهێنـا شـاڵ سـەوز هەڵدەسـتایە سـەر پـیٚ قریشــکەی دەکــرد ئــەم ئێوارەیــە شــاهۆکان ئاسمــانی گۆڕەکانیان دەدڕی دەنوکیان سەرەو خوار کردبووەوە میلـی کاتـژمێری لەخـەو ڕاچـەنینی شـاڵ سـەوز لایـدابو زەنگـی ترسـناکی لێـدەدا ئـەو هـەر وەکـو خـۆی مـابووەوە دەنگـە بەهێزەکەی خنکابو قریشکەی خامۆش ببون شەپۆلەکانی هۆشی لەهێرش کەوتبون جاران هەر کاتێك لەو خەوە ئاڵۆزە ڕابپەڕیایە وەکو مقەست بەباڵەکانی دەیویست جیهان ببڕێت کـرۆك و دڕکـی ژانـاوی مێشـکی ببونـە خـۆرە بـەهیچ شـتێك دامرکاندنەوەیان بۆ نەبو سالآنێك بو بەو چەشنە ئارامیان لێبڕی بو لەو ساتانەی کە ئەو تەزووە زبرانە لە جەستەیدا ڕاسـت دەبونـەوە خـۆی دەخسـتە نـاو گۆڕەکـەی دەچـووە جیهانی زنەوە وێنەی مردویەکی ڕاستەقینە خۆی دەگۆڕی هەناسـەی خـامۆش دەکـرد هـەتا لـەو جیهانـە ئەفسـانەییەدا ڕانەچەنێت بەگیانێکی زیندووەوە دەچووەوە پرۆڤەی مەرگ و ژیانەوە کاتێك چاوی لێك دەنا وای هەست دەکرد وەلیو

فریشتە دەیخەوێنن لەناو شەپۆلێکی نەبینندا بەڕوبەری
ژیاندا پەلکێشی دەکەن بەنهێنی گەردوندا دەگەڕێت مردن و
ژیان تاقی دەکاتەوە ئەم خونچەیە لە ناخیدا ببووە تەلیسم
لەو کاتەی ئەو بەرگەی لەبەر کردبو تەواوی ڕوانینی لەناو
دەریای ئەفسانەییدا تێکەڵاو ببون کاتێك موچڕکەی زەنگی
ناڕەوای ژیان بەمێشکیدا دەهات هەر دو دەستی گرمۆڵە
دەکردو ددانی جیڕ دەکردەوە قاچی ڕاست و چەپ دەکرد
ماوەیەکی زۆر جەنگی جیهانی خەیاڵی دەکرد ئەوسا بە
قریشکەو هاوارەوە لە گۆڕەکەیدا ڕادەکشاو ئەو شەڕەی
تێکەڵاوی بێ هۆشییەکەی دەکرد لە کەناری شەپۆلاویدا
پەتی پاپۆڕی ژیانی بە دەستەوە دەگرت بە خەون نهێنی
گەردونی تاقی دەکردەوە هەتا بەناڵەیەکی دڵ توێنەوە
بێداری دەبووەوە بەو تەوژم و هێزە زۆرەوە دەهاتە دەرەوە
پاش سەیرکردنی شارەکە بە ڕقەوە لەسەر تەختە بەندەکە
ڕادەکشا چاوی سەریەك دەخست تەوژم و شاڵاوو هێزو
وزەی سروشت بە سەریدا دەکشا لەگەڵ کشانی تارای
تاریکیدا زیندەوەرو بێگیان و گیاندار دەچونەوە دۆخی
خۆیان لە زەماوەندی ئەفسوناوی ئەو ڕۆژە دەگەڕانەوە
چاویان دەبڕیە ئەو هەتا فێری هونەری مردن بن ئەمڕۆ ئەو

هیوایـەیان زڕ ببـو هـەمو مـات ببـون لەگـەڵ خۆپێچـانەوەی خـۆردا سـەرەتاتکەیان بـو وەکـو بیانـەوێت نیگـای بـە نـاو گۆڕسـتانەکەدا بگێڕێـت بـە دیـدەی کزیـەوە وەکـو جـاران بەسـەریان بکاتـەوە بـزەی نهـێنی بخاتـە سـەر لێویـان هـەتا چاوی ئەسرینـاویان بسـڕن خـەونی نـەزانراوی شـاڵ سـەوز خرۆشـی نهـێنی خسـتبووە خوێنیانـەوە چارەنوسـێکی ئـاڵۆزی دەخسـتە بـەردەمیان وەك هـەمو سـاتێك بـەرماڵ بـۆ دادگـەری خـوا ڕابخـەن سـێ سـاڵ بـو شـاڵ سـەوز هـەمو بێدەنگی و قیـژەو هـاژەو هـاوارو نرکـەو داڕمین و ڕوخـان و دروست بونێکی دەتکانـد بەسـەر دەنـگ و چرپـەو خشـپەدا زاڵ ببو لەم ساتەشدا ئەو تەزووە بێگیان خۆی دەنواند شاڵ سـپی مـەلی هیـوای هەڵـدەفڕی سـیمای کفـن پـۆش بـە بەرچـاویدا چـەخماخەیان دەدایـەوە سـاتەکانی کـاتی ڕابوردوی دەهاتـەوە بەرچاو چۆن لـەو یاریـە مەرگاویانـەی پێشویدا ڕابەرایـەتی ژیـانێکی نوێی دەکـرد چەند ساڵێکی سـەخت بـو بەخەرمانـەی ژیـانی ڕاهـاتبو سەرسـامی پرۆڤـەکانی هونـەری گۆڕسـتان ببـو قریشـکەو هـاواری لـە مێشـکیدا دەزرنگایـەوە زۆرجـار بـەو چەشـنە لەسـەر تەختـە بەندەکـە دیبـوی ئەندامـەکانی جەسـتەی لەجوڵـە دەکـەوتن

ئەگەر نامۆیەك سەیری بکردایە دەیگوت: مردووەو گیانی تێدا نەماوە .. هەناسەیشی خامۆش دەبینرا هەست بە لێدانی دڵی نەدەکرا ئەمجارە شێوازێکی تری گرتبو جەستەی گومانی پەخش دەکرد ڕەنگ و ڕوی شێوابو لەدیدەی شاڵ سپیدا نورانی دەنواند کەفەکەی سەر لێوی نیشانەی ترسناکیان لە بەرچاویدا دەکێشا دەزوی خەیاڵە نەبینەکەیان دەکرد بەچاوشارکێی بزربون ئەویش بە جۆرێك هەڵتۆقی بو ڕاستیەکانی مردنیان دەگوتەوە هەردو چاویشی زەق ببون لەگەڵ ئەوەشدا نەکەوتە سەر بڕوای مردنی شاڵ سەوز لەگەڵ بروسکەی ئەو خەیاڵەوە ڕوی تێ دەکرد تیشك و ڕوانینی دەخستە سەر جەستەی سەدان چیرۆکی دەهاتەوە بەرچاو بەخەیاڵی خۆڕسکەوە پێدەکەنی وێنەی زەردەخەنەکەی شاڵ سەوز سەر لێوی خۆی دەگەشانەوە بەو هێزەوە وەکو جاران لەگەڵیدا دەدوا: بەڵێ گەورەم جیهان لیتەیەکی بۆگەنە مرۆڤایەتی پڕبووە لە فەسادو کوشتارو خوێن و پەڵەی شەهوەتی ناڕەوا.. جارێك بەو جورە گرێ کوێرەی ئەو رۆژگارەی پێکردەوە شاڵ سەوز جەستەی لەرزی مووەکانی ڕاست بونەوە بەتوڕەییەوە چاوی بەسەر خاك و خۆڵدا دەگێڕا لەگەڵ ئەو قسانەشدا

هێنـدەی تـر خرۆشـاو بـەئازارەوە وەڵامـی دایـەوە: جیهـان دەبێــت لــە تیاترۆخانــەوە باســی بکرێــت ئەوســا ئــەو ســـەرکردانەی مرۆڤایـــەتیان خســـتۆتە ژێـــر پۆســـتاڵی کوشــتارەوە.. شــاڵ ســپی وێنەیــەکی ترســناك کەوتــە بەرچاویەوە موچڕکە جەستەی گرتـەوە شـەش کاتـژمێربو بەتـەنها بـەجێی هێشـتبو لەدڵـەوە هەسـتی دەکـرد توشـی کارەساتێك بووە یەکەمجاربو بەوجۆرە نائومێدی و تـوڕەیی و تـف کردنــەوەی شــاڵ ســەوز ببینێــت ئەمــە کرۆکێکــی تۆقێنـەری خسـتە دڵیـەوە لـە وێنـەی سـورباوی شـارەکەو تـوڕەیی ئەوەوە کەوتـە نـاو هێڵـی حەشمەتـەوە بە هێواشـی وەڵامی دایەوە: گەورەم جیهان لە ژێر قاچی زۆرداردایە خاك و خــۆڵ ســوربوی خوێنــاوە بــەڵێ گــەورەم.. شــاڵ ســەوز پریشکی بەناو گۆڕستانەکەدا دەپژا لەکێل و دارو درەخت و ئاسمانـەوە تـەمی جـۆراو جـۆر بەرچـاویان دەتـەنی هـەمو شتێکی لێ ببو بە تنۆکەیەکی تێکەڵاوی شەهوەت و خوێن مێشکی بەو کەفاوە دەشۆرایەوە مرۆڤ بەبێ هێـزی دەهاتـە بەرچاوی ژیانی وەك قەوزەی بۆگەن دەدیەوە لە پێچانەوەی نەخشەی سروشت تەنها تالان و کوشتار لەشەپۆلی چاویدا دەمایەوە بەو هێڵە سامناکەوە بەسەر شاڵ سپیدا قیژاندی :

ئێمـە لـە جیهـانی ون و ئاشـکراوە سـەیریان دەکـەین لـە ئـەنجامی کـارە ناڕەواکـانی ئەوانـەوە کەوتوینەتـە ئێـرەوەو خۆمـان دابڕانـدووە هـەتا چـاومان لـەئاکاریان نـەبێت و لەگەڵیان نەژین ئەوان لەژێر چاودێری تیشکەکانی ئێمـەدان بـەڵام پانتـایی مـردن و ژیـان زۆربـون و چارەسـەر نـاکرێن فراونن بەڵێ بەڵێ .. شینە شاهۆکان لە شەقەی باڵیانداو دەنوکیـان بـەرەو گۆڕسـتانەکە گرتبـو چـاویان بڕیبـووە گۆڕەکان و مۆسیقایەکی هێدیان بە دڵی هەردوکیاندا هێنا شـاڵ سـەوز بـە خورپەیەکـەوە ڕاچـەنی سـاتێك بەهـەواوە سـەیری کـردن ئـەوانیش چـەند چرکەیەك خولانـەوە ئەوسا لەسـەر دار ئەرخەوانەکـە نیشـتنەوە شـاڵ سـەوز زەنگێکـی ترسناك گرتی هـەردو قاچی ڕاست و چەپ کـرد جـەنگێکی خـەیاڵی لەگـەڵ جیهانـدا کـرد ئەوسا چـووەوە سـەر تەختـە بەندەکـە چـوار پـەلی ڕاکێشـا ئـەوە دە ڕۆژ پـێش مـەرگی بـو شاڵ سپی کاتێك لە شـار هاتـەوە چووە بـەردەمی جەسـتەی گرمۆڵـە ببـو مێشـکی بەسـەر جیهانـدا دەخولایـەوە چـاوی ئاگری لێدەبووەوە لەوەدابو کەلەی سەری بڕژێت شاڵ سپی هەسـتی پـێ کـرد بەلـەرزەوە سـەیری دەکـرد زاتـی نـەبو قسـەیەکی لەگەڵـدا بکـات هـەتا ئـەو بـە دەنگێکـی گـڕەوە

هاواری کرد: ژیان بووە بە شەپقەی سەرۆکی خوێن مژ ئەم شارە دو شالاوی گڕو پشکۆی لەسەرە سالەهای سالە لە دو لاوە هیواو ئاواتی دەسوتێت منداڵ و ژن و پیرو گەنجی لەبەر دەستڕێژی مەرگدا ئارامیان گرتووە بەڵێ بەڵێ .. ئەوسا شاڵ سپی بە لەرزینەوە زاری جولاندەوەو ئەو ماوەیە قسەی لەگەڵدا کرد پاش ئەوە شاڵ سەوز ئاگر گرتی لەرزی مەرگ پێچایەوە پەنجەکانی دەگرتە ئاسمان وەکو بە ئاشکرا شەڕ لەگەڵ گەردوندا بکات پاش چەند چرکەیەك لەسەر تەختە بەندەکە هەستایەوە چیچکەی کردو هەردو دەستی بە مێشکیەوە گرت و بەبێدەنگی مایەوە شاڵ سپی زمانی وشك ببو لە دڵەوە هەستی بە کارەساتێکی گەورە دەکرد نەیوێرا ئەو پرسیارەی لێ بکات ئەویش گڕی بێ ئارامی ببووە بڵێسەیەکی ئاگراوی مووەکانی جەستەی گرژ ببون وێنەی نەشتەریان لێهاتبو هەر کە قاچی ڕاست و چەپ کرد گریان لێدەبووەوە ڕوانینی وەکو کڵپەی شقارتەیەکی لێهاتبو وەك بیەوێت تەواوی زەوی بکات بە قەرەبوتێکی ڕوت و وێنەی جیهانی لەشێوەی هێلکەیەکدا دەدیەوە لەژێر پێیدا بێت و پانی بکاتەوە چەند جار لەئەشکەوت و شاخ و کێودا ئەو هێزەی دایە بەرخۆی سیمای ژیانی دەخستە

بەرچاویەوە ئەشکەوت و موغارەکانی بن زەوی دەدڕی هەتا قاچی دەگەیشتە سەر ئاو ئەو کاتە ڕادەچەنی بەدودڵی و نائومێدیەوە لەناو گۆڕەکەیدا خۆی مۆمیا دەکرد وەکو پارچە تەختە خۆی بەخۆڵەکەوە دەنوساند خوێنەکەی تەزوی بەبەردو چیلکەو خاك و چەوو لم دەبەخشی ئەو جارە دەردێکی گرانی گرتبو سەری بەبەردا دەکێشاو هاواری دەکردو ماخۆلانی پێکەوت بو شاڵ سپی بە پەلە دەستی گرت و کێشی کردە ناو گۆڕەکەیەوە ئەویش چوار پەلی تێدا کردەوەو هێمن بو ئەم جارە جیاوازی لەگەڵ جاری تردا هەبو سامناکی گەورەی سەر نیشتبو بەجورێك هەمو شتێك سڵی لێدەکردەوە تەنانەت تیشکی خۆریش بە ناویدا دەتوایەوەو خۆی دەخواردەوە ترس ناو گۆڕستانەکەی گرتبووەوە شاڵ سپی ئارامی لەبەر بڕا بو هێزی لێو جولاندنیشی نەبو لەناو دەریای بێ ئاماندا دەخولایەوەو گێژی دەخوارد چەند ساڵ بو هاوڕێی بو ڕۆژانە بەو چەشنە لەو جیهانە سەرقاڵەیدا دەیدی لەپڕ گۆڕستانەکەی دەهێنایە لەرزەو گۆڕەکانی دەتەزاندو ئاوێنەی ژیانی تەڵخ دەکرد ڕوانینی هەمو مرۆڤایەتی لەبەرچاوی دەخرایە بەر دیدەی دێڵە دێوێکی ڕەش لەوێوە

بــە تــونێلی پێچــاو پێچــی ژێــر زەویــەوە دەگــەڕاو تــاقی دەکردەوە ماتەمی سەر جەنازە نازدارەکانی نویٚ دەکردەوە لــەو دەرونــە گڕاویەیــەوە ســەیری گۆڕەکــانی دەکــرد وای دەزانــی هــەمویانی خستۆتە ســەر هــۆش و زینــدو بونەتــەوە گۆڕســتان لــەو ژیانــە جەنجاڵەیــدا ســەر گــەرم ببــو ئێــواران بێدەنگی و کشی و ماتی و تەزین و مردن و گەرماو سەرماو ڕەشــەبا بەشــاڵاوی کفــنی ســپی ئــەوەوە دڕیــان پــیٚ دەدرا ســەگەل و توتــك و تولــەش بــە هەنگــە شــەلیٚ و ڕوخســاری شــێواوو یــاری ســەگانەوە لــەلاڕیٚ و تولــە ڕیٚ و شــیوو لاپاڵەکانــەوە دەوەســتان ســەیریان دەکــرد جــار جــارە حەپەیەکی کزیان تێکەڵاوی قروسکەیەك دەبو ئەوسا دەست و قاچــی یــەکتریان دەلســتەوەو چــەمۆڵەیان لــە یــەك دەداو دەوەڕیــن کاتێــك کــە شــاڵ ســەوز لــە گۆڕەکــەی دەهاتــە دەر ڕویان دەکردە ئاسمان بە کزی قروسکەیان دەهات وەکو لە دەرگــای خوایــەك بپاڕێنــەوە دارو درەخــت و بــنج و پــوش و کەل و لاپاڵ و بەرزایی و نزمایی ڕوتــەنی و لاشان و هــەورو بــاران و مــانگ و ئەســتێرەو هــەتاوو ســێبەرو هــەوا وەکــو هــاوڕێی دەهاتنــە بەرچاوی کاتێك کــە لێیــان ورد دەبووەوە وای دەزانــی هــەموی عاشــقی ژیــانی بــون هــیچ مادەیــەکی بــە

نامۆ نەدەدیەوە لە سەرەتاوە هەتا كۆتایی دەزوی ژیان بە ناو دەمارەكانیدا دەهات و دەچو تاڵە دەزووەكانی ژیان لە نیگایدا دەبون بە پەتی سێدارەی یەكجارەكی نهێنیە سەختەكانی گەردونی بۆشی نەدەكرایەوە مێشكی بە قوڵفی قولاپ دەتەندرا هەزاران جاڵجاڵۆكەو جرۆجانەوەر دەهاتنە بەرچاویەوە مشكی قەڵەو مێشكیان دەكرتاند چیڕكەی ددانی جەستەی دەخستە سەر خرۆش لەوەدابو بەیەكجاری دابووەشێت بەو ترسەوە خۆی دەخستە گۆڕەكەیەوەو هەناسەی لەخۆی دەبڕی و چاوەكانی سەر یەك دەناو هێزو خوێنی بە گڵەكەوە دەنوساند وەكو لەگەڵیدا بوبنە یەك مادە بەو جۆرە دیاریان دەدا ئێستاش جەستەكەی ڕەگێكی سامناكی گرتبو شاڵ سپی بە دڵۆپە فرمێسكێك پێڵوی بەستبوی ناوچەوانی تەزی بو بروسكەی یادە سەختەكانی ژیان لە چاوی دەدراو زەنگۆڵەی ناكاتی گەردون لە مێشكیدا لێدەدرایەوە گەرمێنەو كوێستانەی هەوارو كۆچباری ژیان و مردنی لێ ببو بەمقەستێكی پۆلا بڕو گوێزانێكی خوێناوی تەواوی هیواو مەبەستی ژیانی لە تەنەكەی بزردا دەدیەوە شاڵ سەوز لەبەر چاویدا ڕاكشابو ترسناكی ژیانی كردبووە ئالا لەگەڵ كزەدا دەیپێچایەوەو

کەفەکەی سەر لێوی وەکو فرۆیەکی تازە لەسەر لێوی هەڵتۆقی بون ژیانی دەخستە ناو جۆلانەیەکی شەختە بەندەوە زۆری لەسەر ئەو کەفە بیستبو دەیزانی کە کەف وەلییایەتی و گیان دەرچونە لەگەڵ ئەوەشدا نەکەوتە سەر بڕوای مەرگی شاڵ سەوز کەسێك خۆی بریتی بو لەمردن و ژیان هەزار جار دەمردو کتوپڕ زیندو دەبووەوە چەند جار دەستی لێشت و فرمێسکی بۆ هەڵڕشت و بەمردوی ژمارد کەچی لە ناکاوێکدا نرکەیەکی دەکردو زەوییەکەی دەلەرزاند ئەو موچڕکانە بە دڵی شاڵ سپیدا دەهاتن وەکو جاران گوێی بۆ هاوارەکانی دەگرتەوە : مێشکم بووە بەپاپۆڕی ئاوی و جەنگ لەگەڵ گەردونیدا دەکەم شەیتانێك بووە بەپاشای گەردون سوپاکەی یەئجوجە ها ئێستا ها ساتێکی تر یەئجوج ئەم جیهانە داگیر دەکەن و دڵتان دەخۆن و دەبنە سەرۆکی سەر زەوی و دوای ئەوە مرۆڤ کۆچ دەکات و کاتیان لەسەر زەویدا تەواوبووەو تەواو..لەو ساتەدا شاڵ سپی بە قسەکانی ئاگر مێشکی گرت ساتێك لە جێی خۆیەوە خولایەوە ئەوسا بە سەر سوڕماویەوە ئەوەی پێ دوپات کردەوە : خەلیفە یەئجوج.. شاڵ سەوز هێندەی تر توڕەیی گرتیەوەو دەستی لە قەراغی گۆڕەکە گیرکرد بە

سەر ئەوو جیهاندا هاواری کرد: شێرازەی ژیان پچڕاوە سەیر بکە هیچ تاڵە دەزویەکی ناو مێشك ناكرێنەوەو نهێنیەكان هێندە ئاڵۆزن كەس سەریان لێدەر ناكات ئەگەر ژیان بریتی بێت لە خەوو خواردن و ئارەزوی بێهودە مانای نهێنی نییە بەڵام لەوە زیاتر تێپەڕی كردەوە ئێستا نۆرەی بیركردنەوەیە لەمردن لەو جیهانەی لەدوای ئەم بونەوە دێت ئۆف ها ها ها..بەو قسەیەوە توشی بیرێكی چڕ هات و بەهەمو هێزی قریشكاندی : نا نا گومە هیچ ئێمە دارێكی بەنج كراوین لە ناو ئەم شەپۆلانەدا دەخولێینەوە ژیانمان لێبووە بە لەتێ گوێزانی پۆڵا بڕ جەستەمان شیدەكاتەوە خەریكە دابڕزێم جیهان گۆماوێكی خوێناوی پیسە پاكژ نابێتەوە..لەگەڵ ئەو قسانەدا لەگۆڕەكەی هاتە دەرەوەو دەستی بە سەریەوە گرت و جەستەی بۆ هێرش كردن جیڕ كردەوە شاڵ سپی سەیری دەكردو ورتەی لە دەم دەرنەدەهات نەرمە چەپۆكی بەڕانی خۆیدا دەكێشا ئەویش وەستاو تفێكی كردە جیهان و دەنگی بەرز كردەوە: شاڵ سپی گوێت بەگوللەی شەوكوژەكانی شارەكە كەڕ نەبو..؟ شاڵ سپی گریا دڵۆپە بە ناوچاوانیدا ڕێچكەیان دەبەست سەری بە سەر كۆشیدا شۆڕ كردەوە ئەویش بە قینەوە لە

ئاسمانی ڕوانی نۆ ڕۆژ پێش مەرگی ئەوانەی گوت و بە شپرزەییەوە لە گۆڕەکەی ڕاپەڕی و ئەو قسانە لەدەمی دەرپەڕین ئەو ڕۆژە گوللە باران بەرز دەبووەوە شەستیرو تۆپ گوێچکەیان کاس دەکردو گۆڕستانەکەیش تەوژمی دەنگ و قریشکەو هاژەی بەسەردا دەهات و دەلەرزی شیوەن لەگەڵای بیٚ نەوای دارەکانەوە دەستی پێکردو دەوەرینە سەر زەویەکەو ختورەی خوێناوییان بە شادەمارەکاندا دەهێنا چاوی تەلیسمی ڕەنگاو ڕەنگ گرتبوی هەرلە گەڵای سەرگەردانەوە هەتا جوڵەی مێرو هەموی دەبون بەدڵە خورپەی مردووەکان لەپێش چاوی زیندو دەکرانەوەو ڕوانینی چنراوی تەرمی شێواوبو بۆ هەرلایەك هەڵدەگەڕایەوە وەکو دەوار بەرچاویان دەگرتەوەو یەك یەك بەکفنێکی سپییەوە دەردەپەڕین زیندووەکانیش بەپۆشاکی جوانەوە دەخرانە ناو گۆڕەکانەوە ئەوە ئارامی لێبڕی و ڕیشی خۆی ڕنیەوەو بەچەپۆك بەربووە خۆی و چاوی نوقاند لەتاو ئازاری کوشندە قیژاندی و گۆرستانەکەی هەژاند هێزە نەستییەکەی لە مێشکیدا دەبونە شەپۆل بەو هێزەوە بەپەلە چووە ناو گۆڕەکەیەوەو خۆڵەکەی دەنگداو خۆی لە باوەشی مردن خست لە چرکەی

مەرگی هەزارەهادا چاوی نوقاندو خەوی بە سێدارەو گوللە دابێـژانی جەسـتەی منـداڵ و پـیرو لاوو ژنـەوە دەبـینی ئـەو لافاوە خوێناوییـە لـە دەمارەکانیـدا فیچقەیان دەکـرد چـەند ڕۆژ بو توشی ئازارێکی کوشندە ببو هەر لەو کاتـەی دەنگـی یەکەم دەسـتڕێژ بـەرزبووەوە چـو بـۆلای زێوانەکـەی مەرقـەدو بەلەرزینەوە ئەو پرسیارەی لێکرد: خەلیفە خـدر ئـەم تەقانـە چین چەند ڕۆژێکە مێشکم دەزرنگێتـەوە ..خەلیفە دشداشـە سـپییەکەی داکەنـدبو شـەڕواڵ و مرادخانیەکـەی لەبـەر دەکـردەوەو دەیویسـت بچێتەوە بـۆ ماڵـەوە لـەو کاتەیشـدا بەپەلـە پشـتێنەکەی بەسـتەوەو بـەخێرایی وەڵامـی دایـەوە: شـەڕە سـەرباز داڕژاوەو خـەڵکی دەکـوژن لاوێکـی هـەژدە ساڵانە لە سێدارە دراوەو دراوسێمانە ئێستا بۆ پرسەی ئەو دەچـم .. خەلیفـە هـەنگاوی هـەڵهێناو ئـەویش پەنجـەی خستبووە دەمیەوەو دەیمژی لەگەڵ شەپۆلی ئەو خەونەشدا ئەو ژانەی هەڵدەکفاو تێکەڵاوی خۆرە ئازاراوییـەکانی دەبو بەو دڕکە ژەهراوییانەیشەوە هەتا بەیانی مایەوە ئەوسایش هـەر لـە پـێش گزنگـەوە بـەدەنگی شەسـتیرو تـۆپ و گوللـەو فڕۆکـەو زرێپۆشـەوە ڕاپـەری فڕۆکـە بـە ئاسمانـەوە خولیـان دەداو بانگـەوازیان بڵاودەکـردەوە پـاش ئـەوە گوللـە بـە نـاو

گۆڕەکاندا دەهات کێلەکانیان دەشکاند دارو درەخت لق و چلْ و پۆپیان دەهاتە خوارەوەو سکی گۆڕەکانیان دەدڕی و زەنگۆڵەی کۆتایی لە مێشکی شالْ سەوزدا لێدەدراو بەئاشکرا فیلمێکی تازەیان دەخستەوە بەرچاو ئەو زەنگە گۆشتەکەی کرمۆڵ کردبو لەم ساتەشدا بەجۆرێك ڕاکشابو وەکو مشەمای ئازار لەجەستەی گیرا بێت بڕست و هۆشی بەهیچ شتێکەوە نەمابو شالْ سپی کە سەیری دەکرد زەوی لە بەر چاویدا هەڵدەگەڕایەوەو زنجیرە فرمێسکەکانی پێڵویشی تەمێك بون بە دوای گومانی مردنی خەلیفە شالْ سەوزەوە قەتارەیان بەستبو!!

٢

تەرمەکە لە سەر تەختە بەندی قسنەکە ڕاکشابو هێزی هەوا فێنکەکە دشداشەکەی فو دەدا لەسەر سنگی هەڵی دەئاوساند تیشکێکی تێکچڕژاویش قەتارەیان لەسەر ڕەنگە گەنمیەکەی دەمو چاوی بەستبو وەکو کەڤ ناو شوشە ڕەنگێکی تاریکی تێری دەدایەوە وێنەی تابلۆیەکی سریالی شێوەی دەنواند گەڵای دار ئەرخەوانەکەی ژور سەریشی بە هێمنی دەباریە خوار ئەویش لەناو شیوەنی شاراوەدا دەنگی کڕوزانەوەی دەردەهات نوزەو هاواری گەروی سروشتی خنکاویش بە تیژی دەردەپەڕین وەکو لە ژێر تونێلی ژێر خاکەوە بەندکرابن چینی ئاسمانیش تکەی خوێناوێکی مەیویان لێدەردەکەوت وێنەی پۆپەشمینێك هەناسەی چەم و کانیاوو ڕوبارو ئەستێڵ و دەریا هەڵبمژن ئاسمان و

زەوی لە نێوەندی هەواکەوە پێڵویان لەیەکتری گیردەبو دەتگوت کاسی خۆشەویستی کەف چڕێن دەکەن شارای گۆڕە تەنیاییەکانیش شاراوە دەردەکەوتن تەرمەکەیش وێنەی دەستەواژەی ڕەنگی مردنی دەداو سکاڵای مور دەکرد وەك کێڵگەی زامی ژیان بکێڵێت لەبەرچاوی شاڵ سپیدا تۆوی خۆشەویستیان دەچاند سەدان جۆر ڕەنگیان دەدایەوە لە نێوەندی گۆڕەکانیشەوە وەکو مومی سلێمان دەگڕا لە هەمو لایەکیشەوە سەرەتاتکەی دەکەوتە سەر چەند چرکەیەك بو زەنگی هەستانەوەی شاڵ سەوز لێدرا بو جاران لەگەڵ شەقەی شینە شاهۆکاندا ئەو ڕوبەرەی دەوروژاند ئەمڕۆ ئەوانیش چەند چرکە چاوەڕوانیان کرد ناچار هەڵفڕین وەك بیانەوێت بە شەقەی باڵیان بێداری بکەنەوە لەگەڵ ئەو مارشە بەهێزەشیاندا ئەو هەر وەکو خۆی مابووەوە ئاپورەی تەلیسمی ئەفسانەیی بەرچاوی شاڵ سپیش بەتەواوی تێك ئالابون دودڵی سروشت و دەوروبەر لەدڵیدا چەکەرەی دەکردەوە هۆشی بەخۆی نەمابو دەزولەی یادی چەند ساڵە لەمێشکیدا ڕادەبورد چەندە بیری کردەوە نەگەیشتە سەر ئەوەی ئەو گیانە بزێوە لەو

جەستەیەوە دەرچوبێت فیلمەکانی ژیانی دەهاتەوە بەر چاو مۆسیقای دڵفڕێنی ساتەکانی زو لە مێشکیدا چەخماخەیان دەدایەوە ئەو کاتانەی بە قریشکەوە لە سەر تەختە بەندەکە هەڵدەستا دەکەوتە سەر هاوارو قریشکە جارێك بەو جۆرە گڕ جەستەی گرتەوە وەکو ئاپورەی ئازار هاواری دەکرد: ئای عەرشی عەزیم زەنگی ڕۆژی حەشری کۆتایی ژیان.. ئای ئای .. بەم ڕاچەنینە ئالۆزی کەوتە گۆڕستانەکەوە شەپۆلی سامناکی دڕیان بە هەمو شتێك دەدا شاڵ سپی بەبێ چرپە لەکاتی چاوەڕوانیدا سەیری دەکردو زمانی نەدەجولاند هەتا کەمێك لەرزین و توڕەییەکەی هێدی بووەوە ئەوسا پرسیاری ئەو ژاوە ژاوەی لێکرد : خەلیفە چی کارەساتێك بووە قسەم بۆ بکە مێشکم ئاڵوزە نازانم تاڵە تاریکەکانی ژیان لە کوێوە دەست پێدەکەن؟ بەڵێ هەمو شتێك بە تەواوی گۆڕاوە بەڵێ گەورەم بەڵێ .. شاڵ سەوز هەنسکی دەدا کەف لە دەمیەوە دەردەپەڕی وێنەی ژیانی دەخستەوە بەرچاوی بروسکەی بە جەستەیدا دەهێنا لەگەڵ قامچییە ناکاتەکاندا ئەو گریەیەی بۆ دەکردەوە : تازە باس لە

ژیان مەکە بۆتە سفرەی بەردەمی سۆزانی کەوتۆتە ناو قەپاڵی دڕندەوە تەواوی مرۆڤ بە پیسی لەدایك دەبن ئەگەر ئەم بەرگەمان نەپۆشیایە وەکو ئەوانمان لێدەهات من بڕیارێکە داومە ئیتر تێکەڵاوی مرۆڤ ناکەم نەء نەء.. شاڵ سپی موچڕکە گرتیەوە وێنەی سی ساڵ دەربەدەری و تەنیایی هاتەوە بەر چاوی بە لەرزینەوە ڕوی تێکرد: گەورەم سی ساڵە تۆ تەنیایت بۆ چاوخشاندنێکیش نەتوانیووە شەقامو شۆستەکانی ژیان بەسەر بکەیتەوە چەند ساڵە ئەمەویت ئەو پرسیارەت لێبکەم .. شاڵ سەوز مێشکی خۆی گوشی هیچ وەڵامێکی نەدایەوە ئەو پرسیارەیش ببووە خۆرەی مێشکو دڵی کاتێك لە دوریشەوە لە ئاوێنەی نیگای شاری دەڕوانی جەستەی یەکالادەبووەوە هەمو جارێك هاواری دەکرد : ئای ئای لەو کارەساتە سەختانە .. ڕۆژێك پێش هێرشی سوپاکە لەگەڵ تەقینەوەی خۆردا لە ناخەوە ئەو پریشکانەی دا پاشان لەرز جەستەی گرت و کەوتە قوڵپی گریانێکی سەخت شاڵ سپی مەست ببو نیگای خوماری شەوی دەدایەوە بە پرسیارەکانی خۆی ئازاری پێدەگەیشت ئەویش لەگەڵ

بارینی پەڵە فرمێسکێکدا بە گۆڕەکەیدا هەڵزنا قاچی لێدەرکێشایە دەر ئەوسا لەسەر تەختە بەندەکە دانیشت دەستی بە سەریەوە گرت ئازارەکانی لە مێشکیدا خولیان دەخوارد زەنگی کەنیسە خامۆشەکان بە ئۆرکستراو مارشی سەربازی دەهاتنەوە بە گوێیدا پیانۆی ئاوازی مەلی کۆچەری بە هەورازی نشێوی و سەختی و ڕەوەزی لاپاڵەکاندا دەهاتن لە بەر بروسکەی شریخەیەکی بەتیندا ئازارێکی ترسناك جەستەی گرتەوە لە پڕ ڕاچەنی: گوێیەکانم لەبەر بۆمبای هێزێکی کاولکەردا دەتەقنەوە ئەمڕۆ گۆپکە قڕانی بەر گەردەلول و شالاوی هەرەسهێنانی خوایەکی خوێن گرتو کەوتۆتە ئەستۆی شارەکە سەیری تەبەقە شینەکەی بکە ئاوێتەی خوێن بووە ..شاڵ سپی توشی گەرداوی تەقینەوەیەك هات لە جێگەی خۆیەوە گوێی دەزرنگایەوە بە ئاوازی جەنگێکی نادیارەوە زمانی کردەوە : بەڵێ گەورەم بەڵێ زەنگی کارەساتە سەختەکانی ڕۆژگاری ڕەش لێدەدرێت ئەمە ئەو کلافە ئاگراوییەیە هەر لە زەمانی قەومی لوت و فیرعەون و کافرەکانی تری سەر زەوییەوە هاتووە ئێستا کەوتۆتە ناو مورووی ئاودارو بەیەکەوە لێدەدرێت

گەورەم زمانم تەتەڵە دەکات ئەمڕۆ بە تەواوی زمانم لە ئاستی تۆو ئەم جیهانەدا شکاوە بەڵێ گەورەم .. هەتاوەکە بەتیژی بروسکەی بەڕوخسارەکاندا دەهێنا هەوایەکی گڕاوی پیشاو دەهات لە هەمو لایەکەوە دیمەنی شاری دەسوتاندو خەندەی لێوە گەشەکانی دەتۆراندو ڕق و توڕەیی گەلای لارە مل و پوش و پەلاش و گڕەی بەردو دارو ئازاری بێنەوای مەلی گەڕیدەو هەناسەو بۆچڕوکی مرۆڤی بێدەرەتانی نێو تاشە بەردی ژێر خاك هەموی بەتێکەڵاوی دەهاتن ویژدان و گەرویان دەدڕییەوە گۆڕستان نوقمی پۆپەشمینی ئازارو جەستەی ژاناوی ببو گەڵاو بەردو دار نوزەیان بەسەردا دەباری چەتری خەمناکیان بەسەریەوە هەڵدابو سمۆرەکان لەکونی دارەکانەوە چاوە زەقەیان بو چۆلەکەو کۆترو شینە شاهۆ لە ئاسمانەوە چاویان دەبڕیە گۆڕەکان زەنگی چاوەڕوانی هەمو گوێیەکی کەڕ دەکرد سەراپای بێگیان و گیاندار چرکەی لەرزینی کفن پۆشیان دەویست ڕۆژان بەقیژەی دڵ توێنەوە ماڵئاوایی خۆری دەکرد ئەم ئێوارەیە هەتاویش چاوەڕوانی نرکەی ئەوبو هەتا کۆچ بکات ئەوەیش تەنها زەردەخەنەکەی

ســەر لێــوی نیشــانەی بــۆ دەكێشــان وەكــو وەڵامــی پرسیاری كوچەری بداتەوە گومانێكی دروست كردبو لێــوە ئاڵــەكانی ببونــە فەرشــی ژێــری لەگــەڵ ددانــە برنجیەكانیــدا بنەمایــەكی ترســناكیان دەردەخســت جەستەیشی تەنها چوار پەلی درێژكراوو لاشەیەكی بێ جوڵە بو قاچەكانی درێژ ببون پێڵاوە قورسەكانی هەر لە قاچیدابون وەكو سەرخەوێكی مەرگاوی شكاند بێت دەستیشــی بەســەر زبرایــی تاشــە بەردەكــەدا شــۆڕ كردبووەوە پەنجەكانی بەیەكەوە جوت ببون نیشانەی پێستە ژاكاوەكەیان دەكێشا لەبەر تیشكە تێكەڵاوەكەدا ڕەنگێكی ئاڵتونی دەنواند نسێیەكی تاریك و ڕون لەسەر دەم و چاوی نیشتبو شێوە گەنم ڕەنگییەكەیان تێر كردبــووەوە مــووە ســپییەكانی بــەجارێك وەك بــەفر شــێوەیان دەنوانــد لــەو كاتــەی شــنە دشداشــەكەی هەڵدەدایەوە جەستەی دەگۆڕا وێنەی كەشتی سەر ئاو دیاری دەدا هەروەكو شالاوی ئەو ڕۆژە ڕەشە ڕەنگی دەدایەوە كەهێزە سەربازیەكە گەمارۆی شارەكەیاندا هاوارو بانگی سەرباز لە خواروی گۆڕستانەكەوە دەهات لــە پڕێكــدا كەوتنــە دەســتڕێژ شــاڵ ســەوز لــە لێــواری

گۆڕەکەیەوە سەیری شارەکەی دەکرد هەوایەکی تەزیو دشداشەکەی هەڵئاوساند بو هەردو دەستی بە ڕاستایی شاخەکەدا کردبووەوە وێنەی لە خاچدانی مەسیحی دەکێشا کەچی هەر لە پڕ زرێپۆشەکان گەیشتنە ناو گۆڕستان چەند تۆپێکیان بۆ شاخەکە تەقاند ئەوسا گەیشتنە بەردەمی گۆڕەکان بە هەر چوار دەوردا کەوتنە دەستڕێژ شاڵ سەوزو شاڵ سپیش لەگۆڕەکانیاندا خۆیان مات کردبو ڕێزەی گوللە هەمو لایەکی گرتەوە خرمەی شکاندنی کێل و دارمینی هاواری بێدەنگی سروشت شەپۆلی ئارامیان دەشڵەقاند کاتژمێرێك بەو چەشنە ئەو دەورو بەرەیان دابێژا ئەوسا بەرەو شارەکە کشان ورەی زرێپۆش و ئۆتۆمۆبێلی سەربازیش شارەکەیان گرتبو چەند فڕۆکەیەکی جەنگیش ئاسمانیان تەی دەکرد هێڵ و خولی ترسناکیان دەکێشا هەلیکۆپتەرەکانیش لە پێش گزنگەوە پەروانەیان بەناو ئاسماندا دەخولایەوە هەر پێش شەفەق شارەکەیان دەنگدا: کەس لەماڵ نەچێتە دەر هاتوچۆ قەدەغەیە .. دوای ئەوەش دەنیشتنەوەو بەرز دەبونەوە چەند کاروانێکیان بەرەو پایتەخت کرد شاڵ سەوزیش

لـــــەدوای ســــێبەری زریپۆشـــــەکانەوە لەترســــناکی گەڕەکـەکانی دەڕوانـی بـە نـاو جیهانـدا ڕۆدەچـو هـەردو چاویشی ئاوسابون و جەستەی گۆڕابو وەکو بەئاشکرا فوی تێکرابێت پێڵوی بەخوێناوێکی نادیار ڕەنگ ببـو بیرەوەری بە سەر ژیانیدا پەرش دەبووەوە لەو کاتەی لە ئاسـەواری شـارەکەوە فـڕی و وازی لـە ژیـان هێنـا بـەو جۆرە گوللە بارانی وای نەهاتبووە بەرگوێ ئەو کاتەیش بەســـەر خەرمانـــەی تـــەرمی لاوانـــەوە لـــەناو پـــەرێزی شارەکەوە بە شاخ و دۆڵ و دەشت و دەردا خـۆی کێش کـرد هـەتا جـارێکی تـر چـاوی بـە کـەرەنتوی دەسـتی ئیزرائیلی زیندو نەکەوێت تەوژمێکی تۆقێنەر جەستەی ئاوساند بو لەو ساتەشدا بـە هـەمان چەشنی لێبەسـەر هـات ئـەوە سـی سـاڵی بەسـەردا ڕابردبـو کەچـی وەکـو ڕەگێك سەرلەنوێ سەری هەڵدایـەوە چۆن لـەناو جەستە ڕاکێشــراوەکانی شـــارەکەدا خوێنـــاوی مـــەیوی پیـــادا هەڵســواو دەســترێژی یاســاوڵیش بــە ســەریدا دەهــات لەگەڵ هاوارو ناڵەو دەنگی گوتاری دڵتوێنیشدا هێندەی تــر کەللــەی ســەریان دەئاوســاند ئــەوە چــەند ڕۆژ بــو بنـــەمای ئـــەو زەنگـــە تۆقێنـــەرە لـــە مێشـــکیدا بـــو دڵـــە

خورپەیەکی زۆریان پێخستبو هەر لەو ڕۆژەی کوڕەکەی لەپایتەخت هاتبووەوە ترس گرتبویەوە ئارامی لەبەر بڕا بو لەناخدا خۆی دەخواردەوە بە توڕەییەوە هاواری بەسەردا دەکرد: ئاراس بۆچی هاتویتەوە تۆ عاشقی عومری بەزایە بردویت ناتوانیت خوێندن تەواو بکەیت .. ئاراس هەر سەری دادەخست وەك بت لە بەردەمیدا دەوەستا ئەو بێ دەنگییەیشی دەبووە مایەی سەدان دڕکی ئازاراوی تر چەند ڕۆژیش بەو ژانەوە مایەوە لە پێشهاتی کوڕەکەی دەترسا لەگەڵ دەستڕێژی ڕۆژی شەڕەکەیشدا هەناوی نەماو بە پڕتاو لەماڵەوە هاتە دەرو سەیری هەڵپەو ڕاکردن و شڵەژانی خەڵکی دەکرد کاتێك چاوی بەجەستەی خوێناوی کەوت بروسکە لێیدا کەوتە خولانەوە خۆی بە سوچی دیوارو عەرەبانەو دار ئەلەتریکەکاندا دەکێشا لە تاوی کوڕە تاقانەکەی ئارامی نەبو تەنیا ئەو منداڵەی هەبو ئازاریکی زۆری پێوە کێشابو ئەویش چەند ساڵێك بو لەبەر چاوی گۆڕابو ئومێدو هیوای ژیانی دەژاکاند شەوانە لە ماڵ دەچووە دەر تادرەنگانێك نەدەهاتەوە زۆر جار بە هێواشی پێی دەگوت : ڕۆڵە هەر کاتێك خوێندنت تەواو کرد

سەربەستیت هەرچی یەك دەكەیت بیكە بەڵام جارێ نەمامی خۆت توشی هەڵە مەكە ڕۆڵە .. بێدەنگی ئاراس هەمو گومانێكی دادەپۆشی ئەوەی لەلایشی ئاشكرا بو تەنها ترسی دڵدارەكەی بو ئەوە گومانێكی ئاشكرای بو ئێواران لە كاتی هاتنە دەرەوەیدا كچێكی دەدی لەماڵیان دەچووە دەر ئەوە ترسی لێ پەیدا كردبو لە ژیانی كوڕەكەی زۆر دەترسا زۆر چاودێری كردن وشەیەكیان لێ تێنەدەگەیشت و سوسەی هیچ تاوانێكی لێنەدەكردن تەنها ڕۆژێك ئەو نهێنییەی بۆ ئاشكرابو كە بۆ یەكەم جار ئەو دو دڵدارە دەمیان لە ئاسمانی یەكتری گیركردبو كاتژمێرێك بو قسەیان لەسەر چارەنوسی یەكتری دەكرد شەش مانگ پێش مەرگی ئاراس ئەوەی بینی لە كاتێكدا بۆ خوێندن دەچو بۆ پایتەخت نیاز بە هێزێكی ترسناكەوە جەستەی دەلەرزی كرۆكی بیرێكی پەرش مێشكی دەگوشی لە پڕێكدا ئەو نهێنییەی دركاند: ئاراس دەڕۆیت دور كەوتنەوە مانایەكی بێپایان هەڵدەگرێت كارێكی ترسناكە بەیەكەوە لەگەڵ شەونمدا سەفەر دەكەن .. ئاراس هەستی پێكرد دەمێك بو بەو چەشنە دەیدی جارێك ئەو ڕقەی پێڕشت و بە توندی

وەلآمی دایەوە نیازیش قژی خۆی ڕاکێشا ئەویش لە دڵەوە گوتی : کاری بە تۆ نییە سەربەستم کچی تر بناسم گرنگ ئەوەیە پاك بم .. ئەوەی گوت ئیتر هیچ باسێکی تری لەگەڵدا نەکردەوە لەو کاتەشدا قسەکەی تەواو کاریگەر بو لێی و لێوی خۆی کرۆشت و پێیگوت : نیاز هیچ شتێك کار لەخۆشەویستی من و تۆ ناکات بەسە ئازارم مەدە .. نیاز سەری داخست وێنەی شەونمی هێنایەوە بەرچاوی خۆی بالآ مام ناوەنجیەکەی قژە خاوەکانی بەو گەردنە شوشەییەوەو مەمکۆڵە نارنجیەکانی جەستە پڕ لە تەوژمەکەی ساتێك بەو جۆرە لێی ڕوانی لە دڵەوە گوتی : شەونم شۆخی ئەم شارەیە لە بەغداد بەیەکەوە دەخوێنن ئیتر منی چی .. ئەم ترسە لە دڵیدا جێگیر ببو لە کاتێکدا ئاراس بێدەنگ بو بە تەواوی چارەنوسی خۆی بە ڕەشی بینی و هەستایە سەرپێ و ئاراسیش لەوساتەدا هەستی جولاو دەستی بە قژە خاوەکانیدا هێناو بۆ سەرەوە هەڵیدایەوە ئەو جەستەیەی خرۆشاند وێنەی شەبەقی مانگ لە ناو تاریکی ئاوێکی ڕوندا شەوقی دایەوە نیگای کەوتە ناو عەشقێکی خرۆشەوەو لێویان کەوتە

سەر لێوی یەکتر وەکو هەنگ شیلەی یەکتریان مژی ئەوە یەکەم جاریان بو کەچی کڵاو ڕۆژنەی ئەو نهێنیەیان لەسەر لاچو جگە لەوە جارێکی دی نەیبینیەوە لەو ساتەشدا خۆی بێدەنگ کرد پەردە ترسناکەکە دەمی بەستبو هەستی کرد کوڕەکەی توشی کارەساتێك دەبێت کەچی لەو گوللە بارانەدا ئەو هەستەی گۆڕاو تۆڕی شۆڕش و سیاسەت گرتیەوە لەو چەند ڕۆژەدا دەرکی پێکرد بو ئەو بەیانییەش کە بە شەڕواڵ و مرادخانییەکەوە چووە دەر زانی بەرەو ڕوی گوللە دەچێت ویستی ڕێی لێبگرێت و نەهێڵێت بڕوات لە پڕ قسەی منداڵەکەی بیر هاتەوە کە سێ ڕۆژ لەوەبەر گوتی : داگیرکەر سەردەبڕین لە پێناوی نیشتماندا مردن چییە .. ئەوەی گوت هەڵبەزییەوە ئەویش پێی گوت : تۆش شەڕ دەکەیت .. بە توڕەییەوە قاچی بە زەوییەکەدا کێشاو وەڵامی دایەوە : من کوڕی ئەم خاکە نیم خاڵەکە ؟ ئەم قسەیە بروسکەی بە مێشکیدا هێنا بە تەریقییەوە سواری عەرەبانەکەی بو لەو ساتەشدا ئەوەی بیرهاتەوە ساتێك لە ژێر جاجمەکەیەوە سەیری کرد ئەوسا چاوی نوقاندەوە ئەویش بە تیژی دەرپەڕی کاتێك دەنگی تەقە

بەرزبووەوە خەوەکەی شەویی بیر هاتەوە وەکو توشی نەخۆشییەکی سامناك بوبێت لەگەڵ هەنگاوەکانیدا ڕیشاڵی خەوەکەی شیدەکردەوە : ددانم کەوت زانیم کوست کەوتنی لەدواوەیە ڕۆڵە ڕۆ .. چەپۆکێکی بە خۆیدا کێشا کاتێك تەرمی خەڵکی هاتە بەر چاوی وەخت بو زراوی بتوقێت لە تاوان بەرەو خوار کشاو بە هاوارەوە خۆی هەڵدایە ناو جەستەکان لەبەر دەست ڕێژو گوللەدا باوەشی بەتەرمی کوڕەکەیدا کردو دەمی خستە ناو خوێناوەکەی و بە پرتاو تەرمەکەی کێش کرد لەو کاتەدا خەڵکی بە هانایەوە هاتن قاچ و دەستیان گرت و ڕزگاریان کرد لەناو خوێناوی مەیوەوە مۆمیا ببو کاتێك بەخۆی زانی جیهان لە بەر چاویدا ببو بەشەپۆلی خوێن و ڕەنگی سور ببو سەر زەوی لێتەندراو کشانێکی خۆکرد لەبەرچاویدا مایەوە لە ناو چرپەو لەخۆدان و گریانی خەڵکەکەدا گێژ ببو: ئۆف ژنەکەیشی مرد.. داخەکەم بە منداڵەوە بو.. بەم قسەیە وشك هەڵهات بروسکەی مەرگێکی خۆکرد سەرتاپای جەستەی ڕادەوەشاندو هێزو بڕستی لێبڕی تریشقەی هەزاران هەوری خوێناوی لە مێشکیدا کەوتە لێدان

چەخماخەو بروسکەی ناجۆر بورکانی مێشکیان دەشڵەقاندەوە هێستریای مەرگ ببو بەچەرچەفێکی سپی خوێناوی وەکو دەوار جەستەی پێچایەوە لەناو شەپۆلی کۆچەریەوە بە گۆڕو گۆڕستانەکانەوە کەوتە سوڕانەوە لەگەڵ ئەوانەشدا هەر وەکو خۆی مایەوە وەکو ئەم ساتەش لەسەر تەرمەکەی دەبینرایەوە شاڵ سپیش لێوەکانی وشك ببون وەکو ڕوژانی تر دەیویست گوێی بەقریشکەکانی پڕ ببێت ئەوسا بەسەر ئازارەکانی مرۆڤایەتیدا بچێتەوە بە درێژایی ئەو ماوەیە هەوڵیدا نەیتوانی بچێتە ناو ئەو شەپۆلە بڕوا دارییەی ئەوەوە چەند باسی سەر گوزشتەی گۆڕو خەڵوەو کارەساتەکانی بۆ کردبو توێشە بەرەیەکی زۆری بۆ والا کردبووەوە کەچی هەمو ئەو شتانەیش نەبونە هۆی ئەوەی لاسایی بزوتنەوە بروسکەییەکانی ئەو بکاتەوە کاتێك وێنەکانی ئەوی دەخستەوە بەر چاوی کە لەگۆڕەکەیەوە دڕی بەگەلای وەریو دەدا وەکو هەڕەشە لە مەرگ و ژیان بکات لەوساتەدا هەمو جەستەی دەلەرزی لەو ساتەشدا چەندە وێنەی هێنایەوە بەرچاوی چاری نەبو شاڵ سەوز ببووە ئەستێرەیەکی نەمری لەلای بەو

هەمو بیرەوەریەی جارانیەوە وای دەزانی هەڵمی تاریکی و ڕونی لیٚ دەکشێت وێنەی گڕی دۆزەخ و تریفەی ئاوی کەوسـەر ئێسـتاش جەسـتەکەی لەبـەر چـاویدا ئـەو شێوەیەی گرتبو دڵی لە ترپەی لێداندا بو بۆ ئەوەی بە قریشـکەیەکی جـەرگ بـڕەوە ڕابپـەڕێت دیـوارە ئەسـتورەکانی خـەیاڵ و بیرکردنـەوەو ئەفسـانەیی بڕمێنێت پێناسەی بونی خۆی دەربخات بەڵام جەستەکە ئـەو هیوایـەی دەمرانـد کەفەکـەی سـەر لێـوی دڵـە خورپـەیان پێـدەکرد کاتـژمێری ڕاسـت بونـەوەی شـاڵ سـەوز مۆسـیقای ترسـناکیان دەژەنـد میلـی لـە کـاتی خۆیـدا ترازابـو سـەرتاپای سروشـتی گۆڕسـتانەکە چـاوەڕوانی هەسـتانەوەی ئـەوبون ئـەویش لـە مـەداری خـۆی دەرچـو بـو هۆشـی لـە زەنگـی ڕاچـەنیندا خنکـابو کفنە سپییەکانی بە ئاشکرا وەکو کەشتی مردن شالاٚوی مەرگی ناوەختیـان دەکێشـا بـانگی مردنـی خەلیفـە شـاڵ سـەوزیان بـە گـوێی شـاخ و کێـوو گـردو تەپۆڵکەو گۆڕو گۆڕستاندا دەدا !!

# 3

سێبەری شاخەکە بەسەر تەرمەکەدا کشابو لەگەڵ هێزی ساردەوەبوی خۆرەکەدا بە تێکەڵی وێنەی پشکۆیەکی خامۆشی بەر بارانیان دەنواند پەنجەکانی بەسەر تەختە بەندەکەدا وەکو ئێسکێکی وشك بڵاو ببوەوە نینۆکی درێژ ببون وەکو نیشانەی کۆتایی ژیان بکێشن چاوی بەناو ئاسمانی ڕەنگاو ڕەنگەوە وەك گەوهەرێکی شاراوەو خامۆش دەر بەزەردێکی ڕەش باوەوە دیاریان دەداو برۆ سپییە پڕەکانی بە تیژی درێژ ببون وەکو گوڵە جۆ ڕەنگاڵەیان دەدایەوە ڕیشە بەفرینەکەی شارای گەنم ڕەنگیەکەیان داگیر دەکرد لە دورەوە هێمایەکی ماتماتیکی لێدەبووەوە چاوی بە زەقی پشتیان لەشارەکە کردبو وەکو هەمو ئەو ڕۆژانەی تر کە ڕوی لێ وەردەگێڕا هەشت ڕۆژ لەوەوبەر بەو چەشنەی کرد لەو کاتەی نیگای تێبڕی بو برۆی ڕاست ببونەوە لە تاوان پشتی وەرگێڕاو لەسەر تەختە بەندەکە ڕاکشا کەوتە ڕوانینی ئاسمان چینی خەماوی

بەڕواڵەتی ڕەنگاو ڕەنگەوە دەهاتنەوە بەرچاوی و جەستەی سووتاوو بەگوللە دابێژراو دەمارو جەستەیان شیتەڵ دەکردەوە کۆرپە ساواکانی بەر نەشتەر بەلایدا تێدەپەڕین مێشکیان دەئاوساند لەناو گەواڵەی سپی و شین و زەردی ئاسمانەوە قریشکەو هاوارو ناڵەو گریانی دایکە بەرۆك دادڕاوەکانی دەهاتەوە بەر گویٚ وەکو ئەو ڕۆژەی لەشەڕی بەردەرکی سەرادا چاوی پێی کەوت دەیان جاری تر لەدەزوی شارەکەوە دەیدیەوە روژانە دروێنەی هەژاران دەکرا بەڵام کوشت و بڕی ئەم جارە جیاوازی هەبو زرێپۆش و چەکی قورس ئاگریان دەباراند لە گۆڕستانەکەیشەوە کشان شاڵ سەوز لە ژێر پەردەی خوێناوییەوە سەیری ئەو زەماوەندەی دەکرد لە چەقۆی شۆفڵەکانەوە تەرمی هەزار لاوی بەرچاو کەوت سەیری دەکردن چۆن زەویەکەیان دەدڕی لیژنەیەك تەرمیان تێدەخست ئەوسا دایان دەپۆشییەوە بەو جۆرە چوار جێگەیان هەڵکەند هەریەکەیان کەندەلانێکی گەورەو فراوان زیندو مردویان تێدەکرد ژن و پیاو بەچاوی بەستراوەوە لەگەڵ تەپ و تۆزی سەرگرتنیاندا هاوارو قریشکەیان بەرز دەبووەوە هەناسەی ئاگراوی بەجەستەی شارەکەدا دەهات کفن پۆش چاوی نوقاند

قریشکاندی و ڕویکردە ئاسمان : خوایە چاو بکەرەوە بڕوا ناکەم خەوت لێکەوتبێ سەیری دڕندەکانی سەر زەوی بکە فریشتەکانی تۆش دەخەنە چاڵەوە خوایە خوایە .. بە توڕەییەوە وەستا هەتا شۆفڵەکان گەڕانەوە ئەوسا لە ناو گۆڕەکەیەوە مێشکی خۆی گوشی و تفێکی کردە جیهان و کەوتە ڕوانینی تەزوی مەرگاوی بەرچاوی گەڕیدەو وێڵ و ڕێبوارێکی نەدەهاتە بەرچاو بەلاڕێ و شۆستەو شەقام و کۆڵانەکاندا هاتوچۆ نەدەبینرا هەر لەو کاتەی فڕۆکەکان بانگەوازیان بڵاوکردەوە : هاتوچۆ قەدەغەیە .. ئیدی شەقامەکان چۆڵ ببون تەنیا ڕیزەی سەربازەکان بۆشاییان پڕ دەکردەوە بەو جۆرەیش هەتا ئێوارە چینی خوێناوی شاری پاس دەکرد جەستەی هەزاران لاوی تیادا دیەوە لەمەوە شاڵاوێکی ترسناکتری وەکو ئەو کاتەی پێش سی ساڵی هاتەوە بەرچاو چۆن مێشکی ببووە گۆڕە جولەکەی هاوارو خوێناوو مەزاری گۆڕو جەستەی تەنیایی ژیانی چەند ساڵ بو لافاوی جەستەی ون ڕویان تێکردبو هەر لەو ساتەی کە بۆ دووەم جار ئینگلیز هاتنە پەرێزی شارەکەو بە پێڵاوی قورس دڵی خەڵکیان دەکوتیەوە چەند ساڵ بەو چەشنە تابلۆی خوێناوی بارمتەی ژیانی شارەکەبو ڕۆژ لە

دوای ڕۆژ پتر سەربڕین و دەستڕێژی ڕەشۆكی سەر سەنگی لاوو پیرو ژنی دەگرتەوە پەڵەی خوێناو هەرساتە شەقامێكی ڕەنگ دەكردو درەختێكی بەرهەم دەهێنا هەتا لە ڕۆژی شەڕی خوێناوی ناوەندی شارەكەدا شەپۆلی هێرش و دەست ڕێژ دەستی پێكرد خەڵكی بەرەو ڕوی سەربازو پولیس هوروژمیان دەبرد هەر لە پێش گزنگەوە چاوشاركێی مەرگ ساز درا عەرەبانەی دو ئەسپی بریندارو تەرمی دەگواستەوە خوێناو لە سەر تایەی باریكەوە جادەكانی سور دەكرد بە سەر كۆڵی ژن و پیاویشەوە كێش دەكران وتارو سرودی شۆڕشگێڕی دەگوترانەوە هاوارو دەنگی ئازادی گەروی شاری گرتبو لە نێو لاپەڕەی دڵی یەك ڕەنگی خەڵكەوە هێرشی تۆقێنەر دڵی ویژدانی یەكالا دەكردەوە دایك و باوك و جگەر سوتاو بە دوای تەرمی مناڵەكانیاندا دەگەڕان هەرچی خانووە بێ نەواكانیش بو تەرمیان بۆ دەهاتەوە پەڕۆی دەستی سواڵكەرەكانیش پێچرابووەوە نیشانەی سرودی خەباتیان بە سەرەوە بو لەگەڵ ئەوانەشدا زیاتر خەڵكی جۆشیان دەسەند تەقینەوەی مێشكی نیشتمان پەروەرانیش لەسەر خاكێكی داگیر كراودا دەباری كفن پۆش وەكو كۆلارەی خوێناو

دەخولایــەوە لــەو کاتەشــدا ئــەو شــاڵاوە گرتیــەوە هــەوای بۆگەناوی ئەو جەنگە خوێناویەی بیر هاتەوە لە ناو گوللەو شــەڕو زرمــەی تەقــەو دەنگــی ئۆتــۆمبیلی ســەربازی و زرێپۆشدا ئەو وێنەیەی هاتە بەرچاو لەسەر تەرمەکەشیەوە تــەزوی هێزێکــی گــەورە دەبینرایــەوە لــە ســەر شــەپۆلی بــا کزەکەوە شاڵاوی خوێناوی ئەو ڕۆژە نویێ دەبووەوە شاڵ ســپی لەگــەڵ نیگاکانــدا هەســتێکی تۆقێنــەر دەیگرتــەوە ترسێك بە دەمارەکانیدا دەگەڕا وای دەزانی توشی جەنگی جیهانی بووە هەناسەکانیشی هەوای پاك و بێگەردی ئەو ڕۆژە سامناکەیان دەکێشا دیدە خامۆشەکانی شاڵ سەوز خاڵێکی گرنگ بون پانتایەکی بەیاریان پڕ دەکردەوە وەکو گێژاوی لیتاوی ڕۆژانی ڕابردو حەزی بە نرکەو قریشکەی ناکات دەکرد لە نێو دەزولەی دەمارەکانی جەستەیەوە هەســتێکی پــڕ لەکارەســات دەبینرایــەوە لەگــەڵ شــنەی باکەشــدا ئــەو هێــزەی خــاو دەبــووەوە کاتێــك کــە ســەیری ناوچەوانی دەکرد تەزویەکی تۆقێنەر جەستەی دەگرتەوە نەك ئەوە بگرە هەمو ڕۆژێك ئەو گڕە جەستەی دەپێچایەوە لــەو کاتــەی چــاوی پێــی کــەوتبو ڕوبــەری جیهــانی لــەنێو چاویدا دەخوێنــدەوە لــەو ساتەشــدا بــە هــەمان چەشــن بــو

چرکەکانی ناو چاوی وێنەی دێبەر پەل و پۆیان دەخستە هیوایەوە لەگەڵ ئەوەشدا مات دەبو ڕۆژان شاڵ سەوز هەردو قاچی لەزەوییەکە گیر دەکرد مووەکانی جەستەی ڕاست دەبونەوە باڵای بەسەر سەرتاپای گۆڕستانەکەدا سوار دەبو لەدورەوە ڕەنگاڵەی هەیکەلێکی نەمری دەبەخشی سام و هەیبەت سەر جەستەی دەنیشت بە چاوی پڕ لە تروسکەی گەشییەوە لە خانووەکانی دەڕوانی گڵۆپ و منارەو کۆڵان و شەقام و جادەی بەسەر دەکردەوە لەپڕ تەزویەك لەبەری پێیەوە هەڵدەستا هەتا تەپڵی سەری دەگرتەوە زۆر جار لەبەر خۆیەوە دەدوا جارێکیان توشی شەپۆلێکی سەرگەردانی هات لەو کاتەی پشتی کردە شار تورەیی گرتی بەبێ ئارامییەوە سەیری گڵەکەی کرد تفێکی لە شارەکە کردو گوتی : شارەکە ئێستاش خوێناوییە هەرگیز پاك نابێتەوە ئەم شارە ئەم شارە .. شاڵ سپی گوێی بۆ شل کرد بو کاتێك کە دوا وشەی لە دەم دەرچو لەرزی و لێی چووە پێشەوەو لێی پرسی : خەلیفە باسی تاوانی شارەکە دەکەیت دەمەوێت ئەو نهێنییەم بۆ بدرکێنیت کوڕو ژن و منداڵت کوژراون خەلیفە بەڵکو وەڵامم بدەیتەوە ؟.. خەلیفە شڵەژاو ئەو پرسیارە دەمارەکانی سوتاند ساتێك خۆی گرت

پاشـان دەنگـی بـەرز كـردەوە : منـداڵ و ژن و كـچ و كـوڕ هەموی جگەر گۆشەمن ئازارمن ژانن مـەرگن .. ئـەوەی گـوت دڵی پڕ بو بەسەر گۆڕستانەكەدا قیژاندی شاڵ سپیش لـەوە زیاتر قسەی لەگەڵدا نەكرد ئەویش بەدەم ڕیشـەی ئازارێكی سـەختەوە لـە پـاڵ كێلێكـدا دانیشـت هـەردو دەسـتی بەسەریەوە گرت پاشان كەوتە هاوارو ناڵە ناڵ بە چەپۆك بەسەری خۆیدا دەماڵی چاوی لە خۆڵەكەی بەر دەمی بڕی لەوساتەیشـدا قـژی خوێنـاوی ئاراسـی هاتـەوە بـەر چـاو موچـڕكەیەك گرتیـەوە دڵـی كەوتـە سـەر خورپـە بـەناو قولاییەكی بێ بندا ڕۆچو سی و سێ ساڵ بو ئەو تەزووە بە جەسـتەیدا دەهـات زۆر جـار هـاواری بـە سـەردا دەكـرد : ئـاراس ئـەو كچـە چـاو باشـقەڵە توشـی گێـژاوی خوێنینـت دەكات واز بهێنە ڕۆڵەكەم .. ئاراس سەری دادەخست توشی گـەرداوێكی وا ببـو تـەوق كـەوتبووە دەسـت و قاچـییەوە ڕەنگی ئەو خۆشەویستیەی دەگەڕایەوە بۆ ساڵانێكی دورو درێژ وەكو هەڵۆو ماسو لەگەڵ نیاز پێك لچكابون بیری لە مەرگی خۆی بكردایەتەوە نەدەهاتە سەر ئەو ڕایەی واز لـەو ئەوینـە پاكـەی بهێنێـت هـەمو جارێـك بـیری ئـەو سـاتەی دەكـردەوە كـە بـۆ یەكـەم جـار بـینی هـەردوكیان حەپەسـان

دەزوی چاوەکانیان بەیەکەوە چەسپ بون جەستەیان کەوتە لەرزین چەند ساڵ بەو سرِیە لە دڵەوە یەکیان دەپەرست دو دڵ کەوتبونە نێو گوڵدانێکی دڵدارییەوە پاش سێ ساڵ ئەو هیوایەیان هاتە بەر هەتا ئەو ساتە هەردوکیان بەندبون ئاراس چەند بیری دەکردەوە دڵی دەگوشرا دەزولە جەستەی دەگرتەوە هاورِێیەتی براکەی نیاز چوار پەلی بەستبو چەندی کرد نەهاتە سەر ئەو رِایەی قسەی لەگەڵدا بکات زۆر جار بیری لەوە دەکردەوە وازی لێ بهێنێت ئەو دڵەی بداتە بەر نەشتەر ئەم کرۆکە گرتبویەوە هەتا رِۆژێك هاورِێکەی ئەو دەرگایەی بۆ والآکردو پێی گوت : ئاراس ئەگەر بەختیاری منت دەوێت سەربەست بە سەیر بکە من چۆن دوچاربوم بە هۆی برایەکی نالەباری نازەنینەوە با من و تۆ ئەوە دوپات نەکەینەوە ئەگەر تۆ نیازت خۆش نەوێت ئەو کاتە دەبێتە هاوسەری کەسێکی دی ئاراس گوێم لێبگرە..ئاراس سەری داخست فەرهادیش هەستی پێکرد قژی بۆ هەڵدایەوەو ئەو هەستە تەریقییەی شکاند: ئاراس خۆمن ئەحە چەقۆ نیم ئێمە باس لە ئازادی دەکەین با لە خۆمانەوە دەست پێبکەین ..ئاراس بەو قسەیە دەرفەتێکی بۆ رِەخساو وەڵامی دایەوە : ئەحە سەرسەری و جاسوسە

دەبێت چارەیەکی بۆ بدۆزینەوە ئەگەر لەبەر نازەنینیش نەبێت خوێن مژە دەبێت بکوژرێت..فەرهاد پێکەنی بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی : نازەنین دەڵێت ئەوەندە نهێنگرە ئێمە بەنهێنیەکانی نازانین پارەی زۆرە بەبێ کارو کاسبی کەس نازانێت چۆنی پەیدا دەکات..ئەوەی گوت سەری هەواداو چاوێکی بە ئاسماندا گێڕا سێبەری شاخەکە دەکشایە ناو سنەوبەرەکانی کارێزی قەراغ شار ناوشاریش شڵەقابو خەڵکی بەرەو خوار دەبونەوە گۆڕستانەکەیش ترسناکی تێکەوتبو ئەوانیش لەگەڵ وتووێژەکەیاندا گەڕانەوە ماڵەوە ئاراس لەگەڵ هەنگاوەکانیدا دەرونی دەکفاو جەرگی دەکەوتە بەر نەشتەر دوای ئەوەش نەیتوانی قسە لەگەڵ نیازدا بکات هەتاکو جەستە خوێناوییەکەی فەرهادی دی ئەو کاتەیش بە هۆی قسەی فەرهادەوە دەستی نیازی گرتو پەیمانی لەگەڵدا بەست لەو ساتانەی ڕقێك بەرچاوی بگرتایە خوێنەکەی ئەو دیدەکانی دادەپۆشی ناچار کەوتبووە ناو داوی نیازەوە بە هیچ شتێك ڕزگاربونی بۆ نەبو لەناو قسەکانی باوکیشیدا دەکەوتە ناو تۆڕێکی ترەوە شاڵ سەوز لەپڕ ڕاچەنی لەناو شەپۆلێکی بێئارامەوە ئەو پێشهاتەی بیرهاتەوە بەو ترسناکیەوە ڕوی

کردە شاڵ سپی و هاواری کرد: بەسە بەس چی تر باسی ڕوداوی ئەو شارەم لیٚ مەپرسە نامەوێت نەشتەر لە جەرگم بدەم .. قریشکەیەکی بەهێزی کردو چووە سەر تەختە بەندەکەو ڕاکشا لەبەر هێزی تیشکی چەماوەی خۆردا وێنەی تابوتێکی زیندوبەری دەنواند هەتا ببێتە کەشتی جیهان تەی بکات تەرمەکەیشی ڕەنگێکی ترسناکی لێنیشتبو وەکو کەشتی دەنواند بە دەریاو چۆم و ڕوبارو مانگ و ئەستێرەو ڕۆژو هەواو گەردونردا بگەڕێت دڵی نهێنیەکانی گەردون شیبکاتەوە کەفەکەیش بروسکەی دەخستە دڵی شاڵ سپیەوە وێنەی میکرۆسکۆب دیاری دەدا ئەوە مایەی دڵە ڕاوکێی ژیانی بو لەو کاتەی ئەو بەرگەی پۆشی بو عەوداڵی نهێنی کەڤ سەر لێوی وەلی ببو دەیویست تێر لەسەر لێوێك هەڵی بمژێت زۆرجار شاڵ سەوز ئەو باسانەی بۆ دەگێڕایەوە لەبەر ئەوەی وەلی نهێنییەك بو هەمیشە شانازی پێوە دەکرد بەو هیوایەوە دەژیا هەتا بیگاتیٚ چەند ساڵ شاخ و کێوو تەکیەی کرد چاوی پێی نەکەوت کاتێك بۆ یەکەم جار بینی دڵی داخورپا کەوتە لەرزین و دەستی بە گریان کرد ساتێك پەڵەی ڕشت ئەوسا دانەوایەوە لێوی ئەو وەلیەی ماچ کرد کە لە

بەردەمیدا ڕاکشابو پاشان هەستایەوە بە ئەژنۆی خۆیدا کێشاو هاواری کرد: ئای خەلیفە قالە لەم ئەشکەوتە چۆڵەدا گیانت سپاردو بویت بە وەلی خوا مەرگەکەت جیهانی لەرزاند ئەمڕۆ بە تەزوی کەمەندکێشی تۆوە ڕاچەنیم و هاتمە ئێرە گەورەم بۆ ئەم مەرگە پەلت گرتم ئاخ ئاخ ..ئەوەی گوت گریا فرمێسکەکانی بۆ شەشساڵ لەوەوبەر دەڕشت ئەو کاتەی هاوڕێی بو کاتێك لە شێخە پەڕۆ جیابووەوە ئەوی ناسی پێنج ساڵ بەیەکەوە گەڕان ساڵێك بو لێکدی جیاببونەوە بەدەم گڕی شێخە پەڕۆوە هەریەکە بە لایەکدا دایان کێشا کەچی پاش دوانزە مانگ کەمەند کێشی یەکتری بونەوە شاڵ سەوز لەوساتەدا قریشکەیەکی کرد ئەوسا دانەویەوە لە بیرەوەری ئەودا نوقم بو خەلیفە سێ ساڵ بو ببو بەخەڵوەکێش بۆ خونچەیەکی پڕ لەچەرمە سەری ئەو هونەرەی هەبو ئەو سەرگوزشتانەیشی بۆ شاڵ سەوز گێڕابووەوە بەناو شاخ و کێوو ڕەوەزو بێشەو شەوەزەنگدا پەلکێشی دەکرد لەگۆڕستان و موغارەی تاریکدا پرۆڤەی مەرگی پێدەکرد بەکەمەندکێشی دو ڕۆژەوە ڕایدەکێشا بە قوڵایی خەیاڵی ئەفسانەییدا شۆڕی دەکردەوە خۆیشی لەگەڵ سەمای مەرگاویدا بەشداری ئەو پرۆڤەیەی

دەکرد هەمو ئەو ماوەیە ئەوە پیشەی بو هەرچەند سالێ جارێك كفن پۆشێكی فێردەكرد لەناو خەڵوەكێشەكاندا ببو بەڕابەر بە تایبەتی ئەم مامۆستاییەی بۆ شالێ سەوز كرد لەهەمو شتێكدا چاوی كردەوە سلّی لە گەردەلول و دڕندەو تاریكی و تەلیسم نەمابو سەدان تولە ڕێی تاریكی لەبەر چاودا ڕوناك كردەوە كاتێك بەجێیشیهێشت تەنها بروسكەیەك بو شەوێك بە جوتە لە خەو ڕاپەڕین ئەم بۆ دەستە ڕاست و ئەویش بۆ چەپ لەو ساتەوە یەكیان نەدیبووەوە شالێ سەوزیش بە دوایدا دەگەڕاو ئەشكەوتەكانی بەسەر كردەوە هەتا بە دوای تەزوی مەرگییەوە ڕاچەنی لەو ئەشكەوتەدا دییەوە لەو ساتەشدا كە چاوی بەسەردا شۆڕ كردبووەوە ئەو بروسكانە جەرگیان دەپێكا بەو تەزوەوە قریشكەیەكی بێ ئاگایی كردو دانەویەوە جارێكی دی لێوی ماچ كردەوە ئەوسا مێزەرەكەی لەسەر سنگی لادا بەدشداشەكەیەوە دای بە كۆڵیدا گەیاندیە گوندێكی لاپالێ لە دورەوە خەڵكی لێی هاتنە پێشەوە ئەویش لەسەر بەردێك تەرمەكەی ڕاكێشاو بە شاخەكەدا هەڵگەڕایەوە ئەو زەنگە هەمیشە لە مێشكیدا لێدەدرا زۆر جار ئەو جەستەیەی دەهێنایەوە بەرچاوی

خـۆی چـۆن لـە ئەشـكەوتەكەدا ڕاكشـابو سـەرە ڕوتـاوە سـافەكەی وەكـو خـۆی دەبینیـەوە مـووە بەفرینـەكانی لـە جـەرگی دەچـەقینەوە كەفەكـەی سـەر لێـوی دەیخسـتە سـەر خەندەو خرۆشی فیردەوس تەزبیحە هەزار دەنكییەكەیشی لـە ملیـەوە ئـالاّ بـو ئـەوجارە چاوی بـەو كەفـە كـەوت چـەند جاری تریش باسی وەلی تری بیست تـەنیا شالْ سپی ئـەو هیوایـەی زڕ بـو كاتێـك كـە شـالْ سـەوزی ناسـی عاشـقی كەفەكەبو زۆر جار خۆی ماندو كرد بیْ سود بو كاتێك كە چاوی پێی كەوت لە خۆشیان شاگەشكە بو لـەناو تاریكایی ئەشـكەوتێكدا كەوتـە نـاو نیگایـەوە وەكـو زێـڕی دەنوانـد كـاتێكیش كـە شـالْ سـەوز قریشـكاندی هێنـدەی تـر دڵـی كەوتـە سـەر جۆش و هەستی كـرد كەچی كارەساتێك لێـی ڕویـدا بـەوە دڵـی وەكـو كـەف دەتوایـەوە ئـەویش گریـا دەیویسـت باسـی ژیـانی ئـەو وەلیـەی بـۆ بكـات لەبـەر فرمێسكیش توانای نەبو لەپڕ خۆی گرت كەفەكەی نیشـانی شالْ سپیدا كەوتە گێڕانەوەی ژیـانی : ئەمە ئەو زاتەیە كە باسمـان دەكـرد شـێخە پەڕۆیـە . .فرمێسـك لـە چـاوییەوە داباری شالْ سپیش واقی وڕمابو ورتەی لە دەم دەرنەدەهات هەتا شالْ سەوز دەستی بە قسە كردەوە ئەوەندە بەجۆشەوە

کەوتە قسە فرمێسکەکانی زەویەکەیان مۆر کرد: بە منداڵی خەوی بە حەزرەتی یوسفەوە دیوە ئەوسا داوێتیە شاخ و مرۆی وا چاك لەسەر جیهاندا نابێتەوە ..بەو قسەیەوە بە کوڵ گریاو ئەوسا ماچێکی تری کرد شاڵ سپیش لێوی خستە سەر لێوی ساتێك هەردو دیقەتی کەفەکەیان داو بە جوتە گریان شاڵ سپی ئەو جارە ئەو هیوایەی هاتە دی لەم ساتەشدا کە سەیری شاڵ سەوزی دەکرد پلەیەکی بیر دەهاتەوە تەزوی مەرگە سەختەکانی دەهاتەوە بەرچاو بەو گومانە زۆرانەوە سەیری دەکرد خەلیفەش بە جۆرێك کەفەکە لەسەر لێوی نیشتبو پرسیاری لە ژیان دەکرد تنۆکەیەك بو بە دوای ڕیشەی جیهانەوە کێش ببو وەکو شوێنەواری جەنگی جیهانی بوبێت بەوجۆرە چرایەکی تاریکی بەسەر ڕەوڕەوەی خوێناوی مێژودا دادەگیرساند!!

4

سەرینی دینامیکی تەرمەکە لە بناری کێوەکەوە دەستی پێ کردبو هەردو قاچی بەلای گوندەکەدا جوت ببون سێبەری دار ئەرخەوانەکەی مەرقەدیش شەپۆلی نسێی بەسەرو ڕویەوە دەکێشا گڵۆپەکانی شاریش هەڵکرابون لەگەڵ تۆپەڵ بونی تیشکی خۆردا بەشەڕ دەهاتن باق و بریقەیەکی ڕەنگاو ڕەنگ لەسەر تەرمەکە دەسازا هەردو دەستی بەسەر زبرایی تاشەکەدا شۆڕ ببووەوە پەنجەکانی وێنەی تەرم بەنەرمی درێژ ببون خەتێکی تاریك لەسەر دەستی چەپی بو هەتا ئەو کاتەش وەکو خۆی مابووەوە جێگەی برینەکەی خۆی نەگرتبووەوە پێستەکەی ئاوەژو نەببووەوە ئازارە سەختەی وەکو خۆی بە گرمۆڵە کراوی مابووەوە پارچە قەیدەکە چۆنی هەڵدڕی بو بەو چەشنە بو خەتێکی

ئەستوری بەسەردا کێشرابو بەلولی یەکی گرتبووەوە هەر کاتێکیش ئەو ژانەی بە دڵ بگەیشتایە کتوپڕ بە ناخی بیرەوەری ئەو ڕۆژە ترسناکەدا ڕۆدەچو وێنەی خامۆشی ئەو ساتەی دەهاتەوە بەرچاو پەرچەمی بێدەنگی شارو هەناسەی کپی وەکو تەرمێکی خۆڵاوی بۆ زرنگەی ئازار کەوتبو لەڕاست و چەپو باکور باشوری زەنگ و قریشکەی مردن دەهاتە بەر گویٚ کۆڵان و شەقام و دیواری چاوەڕوانی دڵۆپە خوێناوێکی ڕژاوبون وەکو گۆماوێکی مەنگ بۆنی مەرگێکی ناکاتی لیٚ دەهات چەند ڕۆژبو دوکان و بازاڕ داخرابون قفڵی دولاییان لێدرابون عەرەبانەو کەرو وڵاخ لەناو بازاڕدا نەمابو پەردەی تاریکی لەژێر تیشکی خۆرەوە بە ئاسمانەوە دەکشا نیشانەیەکی ترسناکی دەکێشا لە ژێر دەسرۆکەی وشکی چاوەڕوان کراوی شارەوە ئەو دەستە بەخوێنەوە کۆڵانەکانی کێش دەکرد دڵۆپەی بەسەر خۆڵ و جادەو شەقامدا دەڕژا لەوکاتەی بە تەڵەزمی قەیدەکەدا درابو خوێناو فیچقەی دەکرد کەسێك نەبو پەڕۆیەکی بۆ لیٚ بنێت ناچار دەستە سڕەکەی لە گیرفانی دەرهێنا توند بەستی فشاری خوێنیشی نەدەوەستایەوە ناچار هێزی دایە بەر خۆی بۆماڵەوە چووەوە دڵۆپەی خوێن بەڕیزە دەهاتە

خوارەوەو نەدەگیرسایەوە هەتا میمکە مریەمی دراوسێیان بە پێستەیەك بۆی بەست ئەوسا خوێنەکەی وەستایەوە سێ کاتژمێر بەبێ هۆشی کەوت کاتێك هاتەوە سەرخۆی لەنێو دڵە ڕاوکێی شارەکەدا گێژبو جەستەی دەرزی ئاژەنی ئەو ژانە تۆقێنەرانە بون ڕوخساری کۆڵان و بازاڕ وێنەی سەرگەردانیان خستبووە بەرچاوی دو کاتژمێر بەناویدا گەڕا بە چاوێکی ماتەمی پرسە گریەوە لە هەموی ڕوانی وێنەی سەرەتای جەنگێکی کاولکەریان دەنواند ئەو زەنگەیش هەر لە بەیانی زووەوە مێشکی گرتبو پەنجەی خستبووە ناو دەمیەوەو دەیمژی هەتا هاوارەکانی ژنەکەی دایان چڵەکاند لەولایەوە قژە خاوەکانی بەسەر سەرینەکەدا پەرش ببونەوە عارەق ناوچەوانی گرتبو هەناسەکانیشی توند ببون دەیویست شتێکی پێ بڵێت دانی بە خۆیدا گرت هەتا ئەو لێی چووە پێشەوە دەستی بە قژیدا هێنا: ناسکۆڵ حەزت لە چییە قسە بکەو زمان بکەرەوە ژنەکە..ناسکۆڵ ئاهێکی هەڵکێشا ساتێك لێی وردبووەوە ئەوسا زمانی جوڵاند : حەزم لە گیپەیە یەك دانەم بۆ بهێنە ..لەوساتەوە بازاڕ دەگەڕا تاك تاکە خەڵکی دەبینی بەتیژی تێدەپەڕین هەرچی کرد دوکانێکی کراوەی نەهاتە بەرچاو لەبەر دەمی

گیپەخانەیەکـدا دانیشـت سـەری بەسـەر کۆشـیدا شـۆڕ کـردەوەو لەناخـەوە هەناسـەی هەڵدەکێشـا : ئـای مامـە قالـە گیان جاری جاران بوایە سەد گیپەشم بویستایە دەتدامێ ئـاخ ئـاخ .. گیپەخانـەی قالـە کـەوتبووە خـواروی بـازاڕی خومخانەی شارەوە قالە بەناوبانگ بو لـە تـەواوی شـارەکەدا دەنگی دابووەوە پیاوێکی ڕوخۆش و قسە نەستەق بو هەمو کەسـێك دەیناسـی خواردنەکـەی هـەڵمێکی چـڕو پـڕی لـێ هەڵدەستا مەنجەڵی گەورە لەبەردەم دوکانەکەیدا ڕیز کرابون لەسـەر چـوار پایـەکی زل شوشـەیەکی درێـژ لەبەردەمیـدا کێشـرابو بەچـوار چـێوەیەك چەسـپ کرابـو لۆکسـێکی ئینگلیـزی لـە نـاوەوە بـو شـەوقێکی بـەتینی هـەبو وەسـتا قالەیش بەدەم ئیشی خۆیەوە چاودێری خەڵکەکەی دەکرد وەکـو ڕەزمـی مۆسـیقا لەگـەڵ کارەکەیـدا ڕاهـاتبو تـەواو سەقامگیر ببو دوکانەکەیشی هیمایەکی گەورەی خواردنی باڵای شارەکەبو زۆر کەس دەیانگوت : بازاڕی خومچییەکانی شـار بـە گیپەخانـەی قالـەوە ماوەتـەوە . .لەوساتەشـدا هەناسـەکانی خـامۆش بـون بـۆنێکی تفـتی لێـدەهات سـەروکەللەی ئـەویان دەپیشـاند ئـەویش سـەری شـۆڕ کردبووەوە لە بیرەوەری گیپەخانەکەدا نوقم ببو لەپڕ زمانی

جولاندو گوتی : ڕەنگە مامە قالە بەشداری شەڕ بکات خۆشەویستی سەرۆکە ئەویش بە گیپەی قالە خۆشحاڵ دەبو. .لەگەڵ ئەو قسەیەدا بە نابەدڵییەوە لە خۆی ڕوانی بە توڕەییەوە ڕاپەڕی و ڕاست بووەوە دەستی بە قەیدێکی تیژدا دراو تەڵەزمێکی دڕ لە مەچەکییەوە هاتە سەر پەنجە گەورەی و دڕی لەوساتەوە ئەو برینەی لەناخەوە ساڕێژ نەبووەوە برینی ژنەکەیشی دارێکی سەوزی ناو دڵی بو هەرکاتێك بیری لێ بکردایەتەوە قریشکەیەکی دەکرد : خوایە بێزوی دەکرد بە ژانی منداڵ بونەوە مرد..بەم قسەیە دەستی بە سەریەوە دەگرت مناڵەکەی ناوسکی دەهێنایەوە بەرچاوی لەناو مناڵدانی مێشکیدا لەدایك دەبووەوە هەتا لە ڕۆژی حەشردا بیباتە بەردەمی خوا ئەوە ئازارێك بو لە ڕیشە دەرنەدەهات هەر لەسەرەتای ژن و مێردایەتیانەوە ئاواتیان منداڵ بون بو شێخ و مەلاو تەکیەکان گەڕان هەتا پاش دو ساڵ کوڕێکیان بو دوای ئەوە بەنەزۆکی مانەوە چەندە گەڕان چاریان نەبو جارێك کتێب گرەوەیەك ئەو نهێنیەی کردەوە : ئێوە منداڵتان نابێت هەناسەی خەڵکیتان بە دواوەیە هەر لە منداڵیەوە دڵداریتان کردووە کتێبەکەیش شتی ترتان لەسەر دەڵێت خوا ڕەحم بەو منداڵەشتان

بکات..هـەردوکیان لـە جێـی خۆیانـەوە وشـك بـون لەگـەڵ شەپۆلێکی بێهیواییدا بە جوتە لێیـان پرسیەوە : گـەورەمان باسی بکە بابەختی خۆمان تاقی بکەینـەوە..کتێب گرەوەکە چـاوی نوقانـد پاشـان وەك دڵخۆشـیان بداتـەوە روی خـۆی گـۆڕی : ئەمـە شـتێکی نهێنیـە نـاتوانم بیـدرکێنم بـەڵام پـەیمانتان دەدەمـێ خـۆم دوعاتـان بـۆ بکـەم ئەمـە بەڵایەکـە لادەچێت مەترسن .. ئـەو قسـەیە دو دڵـی بۆ دروسـت کـردن لای هەردوکیشـیان قسـەکانی بـە ڕاسـت گـەڕاو جەسـتەیان دەلـەرزی کـاتێکیش بەسـەریدا دەچـونەوە وێنـەی ژیـان و ئەوینداریەکـەیان دەهاتـەوە بەرچـاو هـەمو ئـەو سـاڵانەی بـە شوانە بەرغەل و مازو چنین و گەڵا هێنـان لـەبن دارو بـەرد دا یـەکتریان ڕادەموسـاند ژوانـی سـەر تـەنورو ژێـر چـەترو پـەنا گوێسـوانەو شـتی تـر لـە نیـوە شـەودا یـەکیان لـە بـاوەش دەگرت چـەند ساڵ بـەو جۆرە مانـەوە هـەتا بـاوکی ناسـکۆڵ هەسـتی پێکـردن بەقسـەی خـەڵکی ڕق گرتـی ویسـتی کـاری خـراپ بکـات بـەڵام لـەپڕ بەسـەر خۆیـدا شـکایەوە لـە دڵـەوە بـیری لێکـردەوە : خولـە خوشـکە زامـە هـەتیوەو بێکەسـەو کچی من حەڵاڵی خۆیـەتی . . ئـەو قسـەیەی کـردو ناسـکۆڵی لێ مارە کردو بۆی گواسـتەوە لـەو کاتـەوە بـە هیـوای منـداڵ

بونەوە دەژیان خەزانی ڕۆژگار گەردنی هەردوکیانی گرتەوە ئەو ئومێدەیان مرد بۆ دوا جاریش تێکەڵی خۆڵ بو سێ ساڵ بو ئەو گۆڕە لەناو شەپۆلە تاریکەکانی دڵیدا دەژیا هەر لەو ساتەی کەنیگای لێی تۆرا کۆتری سرکی لە هیچ ئاقارێکدا خۆی نەدەگرت هەتا توشی شێخە پەڕۆ هات وێنە خەیاڵیەکەی هاتەوە بەرچاو ئەو تەلیسمەیش هەر لەمنداڵییەوە لەبەر چاویدا بو چەند ڕۆژێك پێش ئەو کارەساتە بە تەواوی خەرمانەی لەلای دابو بەرگە سپییەکانی باوکی دەبینییەوە چۆن شەوانە دەیپۆشی و دەچووە گۆڕستان لەناو دەزولەی چاوە منداڵیەکەیەوە وێنەی ترسناکیان دەدا لە کەشتییەکی سەرمانگ دەچو شەوێکیان دوای کەوت بە گریان و لالآنەوەوە هاواری کرد هەتا لەگەڵ خۆیدا بردی لە گۆڕستانەکەدا لەپاڵ خۆیەوە ڕایکێشا ئەویش چاوی دەبڕییە ئاسمان و باوەشی بەپێشهاتەکانی ئەو شەوە زەنگە ترسناکەوە گرت بو لەناو شەپۆلی ترس و گومانەوە خەوی لێکەوت هەتا تەقینەوەی گزنگ ئەوسا بۆ ماڵەوە گەڕایەوە ئەو شەوە بیرەوەرییەکی سامناك بو لە دیدەی ژیکەلەیەوە سەیری ئەو نهێنیە ترسناکەی دەکرد شەوارەی ترس لەبەر چاوی تێکدەشکا

وەکو بۆ جەنگێکی گەردونی بەرن ئەو شەپۆلە بێ ئاگاییانە بە مێشکیدا دەهات دوای ئەوەیش دایك و باوکی بەنەخۆشی مردن کاتێکیش ژنی هێنا بەماڵەوە هات بۆ شارو ئەو هەستەی تێکەڵی گەرداوی شەپۆلەکانی شار کرد ماوەی بیست ساڵ وەکو شریتێکی مۆمیابو لەمێشکیدا مابونەوە چەند ڕۆژێك پێش ئەو ڕوداوە زیندوبونەوە دو ڕۆژ پێش شەڕەکە چەند ژنێکی سواری عەرەبانەکەی کرد کاتێك گەیشتنە گردی سەیوان بەرگی سپی زێوانەکەی مەرقەد دایچڵەکاندو هاواری کرد ئەو هاوارەیشی مایەوە لەگەڵ بیستنی مەرگی ژنەکەیشیدا شەقەی باڵی فڕین گوێی کاس کرد ئەو هێزە خەفەیەی تەقیەوەو قریشکاندی هەر ئەوەبو دوای ئەو تەلیسمە کەوت هەتا لە پاڵ ئەو تاشە بەردەدا چاوی بەو سپی پۆشە کەوت بەجوتە بە شاخەکەدا هەڵگەڕان وەکو کەشتی سەر مانگیان دەنواند لەپڕ سپی پۆش هەڵگەڕایەوەو پێیگوت : من ناوم شێخە پەڕۆیە تۆیش شاڵ سەوز لەمەولا ئەمە ناوتە بیرت نەچێتەوە..پریاسکەی نهێنییەکانی لەوێدا کرانەوە دوای ئەوەیش دە ساڵ هاوڕێی شێخە بو ڕەنگ و ڕوخساری ئەوی گرتبو وەك ئەویش فێری نهێنی مەرگ ببو لەم ساتەشدا تەرمەکەی ڕەنگی ئەوی

دەدایـەوە خەتـە لولەکـەی دەستیشـی شـایەتی ئەو ڕۆژەیـان دەنەخشــاند شــاڵ ســپیش دەزولــەی تەرمەکــەی شــێخە بەچاویدا دەهاتەوە وێنەی ژیانی شاڵ سەوزی بیردەهاتـەوە لـە دیدەیـدا چـەکەرەی دەکـردەوە بـە هێزێکـی نەبینـەوە وەستابو لەوەدا بو بتەقێتەوە هەمو جیهان لە مەرگی خەلیفە شـــــاڵ ســـــــەوزدا بلـــــــەرزێنێـــــــت!

## 5

تیشکێکی ڕەنگاو ڕەنگ لەسەر تەرمەکە ڕەنگاڵەیان کردبو سینەی وەکو چەپکە گوڵی هەمە جۆر بۆنی ئەفسوناویان دەدا شێیەکی خۆ کردی تەڕ بەناو گۆڕستانەکەدا دەهات بن بەردو لاکێل و گۆڕو شیوو کەندڕو بەرزایی و نزمایی گۆڕەکانی دەماڵی شنەی دارەکان تێکەڵاوی زەماوەندی ترسناك ببون زۆر جار گۆڕستانەکە لەچرکە دەکەوت لەپڕێکدا دەکەوتەوە سەر شەپۆلی مەرگ هەروەکو هەمویان بۆ چاوکردنەوەی کفن پۆش ئامادەبوبن ئەویش بەجۆرێك ڕاکشابو چرکەی لە خۆی بڕیبو حەوت ڕۆژ لەوەوبەر ئەوەی لێ بەسەر هات دەنگی گوللە باران و تۆپ و زرێ پۆش و فڕۆکەی ڕۆژی ڕابوردو لە مێشکیدا دەزرنگایەوە قریشکەی منداڵ و پیرو لاوو ژن بە گوێچکەیدا دەهات هەر چوار

گۆڕستانە کۆمەڵیەکە جارێکی تر لەبەر چاوی دروست دەکرانەوە وەکو ئێوارە مرۆڤی زیندو گڵیان بەسەردا دەکرایەوە ئەم تەوژمە بڕستی لێ بڕی بو لەتاوان لەسەر تەختە بەندەکە ڕاکشا نوزەی لە خۆی بڕی توشی شالاوێکی وا هات هۆشی بە هیچ شتێك نەمابو شاڵ سپی نەیوێرا قسەی لەگەڵدا بکات چەندە سەیری کرد هێندەی تر زمانی دەشکا بە جۆرێك تورەیی گرتبوی لە گۆڕو کێل و دارو بەردی دەڕوانی مۆرەی دەکردو ڕقی لە ژیان دەبووەوە ئەوە یەکەم جاری بو لە ژیانیدا بەوجۆرە لافاوی خوێن بیگرێتەوە هەر لەو کاتەی کە زێوانەکەی مەرقەد هاتەوە باسی ڕوداوەکانی کرد هێندەی تر خرۆشا کە بیری لە قسەکانی دەکردەوە بروسکەی مردن وشەکانیان دابڕ دەکرد : هاتوچۆ قەدەغەبو سەدان کەس زیندە بە چاڵ کران گەورەم ئەمیش خۆی خستە پاڵ پیاوکوژانی تر . .ئەم قسانە مێشکیان کاس کرد لەسەر تەختە بەندەکە بەنج ببو توانای ڕاست بونەوەی نەبو دەمەو نیوەڕۆ دەنگی پیکابێك هات لەخوار نزرگای کفن پۆشەوە وەستا سێ کەس دابەزین سێ تەرمیان خستە چاڵێکەوە گڵیان بەسەردا کردنەوە بەپەلە ڕۆیشتن ئەمە گومانێکی زۆری بۆ دروست کرد نهێنی ئەو تەرمانە بون بە خۆرەی مێشکی چەند کاتژمێرێك خولی خوارد

ئەوسا بەڕیزی خوارودا دایکێشا یەکەم جاربو قسە لەگەڵ گۆڕ هەڵکەنەکەدا بکات لە پاڵ کێلە بەردەکانەوە بانگی کرد ئەویش گەیشتە لای کورتە بالأیەکی ڕیش ماش و برنجی بو جگەرەیەکی قامیشی بەدەمەوە بو مژێکی لێداو گوتی : فەرمو گەورەم فریشتەی ئەم گۆڕستانە سێ ساڵە دەمەوێت قسەت لەگەڵدا بکەم . .کفن پۆش پەلی گرت لەژێر دار ئەرخەوانێکدا دانیشتن بە هەناسەیەکی گەرمەوە لێی پرسی : ڕۆڵە ئەو سێ تەرمە چی بون خرانە ناو ئەو کەندەلأنەوە . .گۆڕ هەڵکەن شڵەژا مژێکی لە جگەرەکەی دا لەگەڵ چەند وێنەیەکی ترسناکدا وەلأمی دایەوە : ژن و مێردو کچێك بون جاسوس بون کوشتیانن . . کفن پۆش دەمارەکانی دەلەرزین لەپڕ دەنگی بەسەردا بەرز کردەوە : کاکە تەواوی بکە مێشکم جەنجاڵە دەی ڕۆڵەکەم . . گۆڕ هەڵکەن چیچکەی کرد لەرز گرتی و ترسا بە هێزێکی سستەوە زمانی جولأندەوە : ئەمە مەسەلەیەکی دورە ئەم ماڵە سێ مانگ بو هاتبونە ئەم شارە ناوی خۆیان گۆڕی بو ژنەکە بە سوعادو کچەکەیش بە شەهلاو مێردەکەشی بەسەعید سی ساڵ بو ئەم شارەیان بەجێهێشت بو ئیتر پێیان زانین و کوژران . .ئەم قسەیە ختورەی خستە دڵییەوە جەستەی وەکو لۆکە شیدەبووەوە بە توڕەییەوە پێیگوت : ئەی خۆیان ناویان چی بو. . گۆڕ

هەڵکەن ترسا ساتێك متەقی لە خۆی بڕی ئەوسا لەو گومانە ڕزگاری بو بە پرتە پرت وەڵامی دایەوە : ژنەکەیان کچی قالە ئاوساوبو مێردەکەشی ئەحە چەقۆ لە گەڕەکی ئێمە بون خانویەکی سەربەخۆیان گرتبو قەمەرەیەکیان هەبو ئێواران ئەفسەرو پیاو خراپیان بە بەرگی خۆمانەوە دەخستە ناوی بە دەرگای گەراجیدا دەچونە ژوورەوە لەم دواییەدا دەرکیان پێکردن . .کفن پۆش پێستی سەری توێژاڵێکی گرت بە هەردو چەپۆکی بەسەری خۆیدا کێشاو تورەیی گرتیەوە ئەوسا قریشکاندی گۆڕ هەڵکەنەکەیش سەرسام بو لە قسەکانی پەشیمان بووەوە کاتێك لەناوچەوانی وردبووەوە لە تاڵی و گرژی و تاریکی چرچەکانی ناوچەوانیەوە خەیاڵ دەیبردەوە بیری ئەو شەوەی هاتەوە بەرچاو کە لە سەربانی خۆیانەوە لە پەنجەرەکەی دەڕوانین ئەحە لەسەر قەرەوێڵەیەك ڕاکشابو لەپڕ کچەکەی هاتە ژورەوە لەبەر شەوقی گڵۆپەکەدا دەبریسکایەوە قژە جوانەکانی بەسەر شانیدا پەرش ببونەوە باڵای بەرزیان نیشانە دەکرد باوکیشی لێی ڕوانی بانگی کرد کچەکە چووە لای لەپاڵیەوە قاچی ڕاکێشا ئەنیشکی خستە سەر سەرینەکە ئەویش دەستی گرت و گوشی ئەوسا لەسەر سنگی داینا دەستی خستە قژیەوەو گواستییەوە لەسەر مەمکی گرتی و لێی

پرسی : میوانەکە خەوت؟ . . کچە دەلنگی تەڕ ببو هۆشێکی لەزەت بەخش گرتبویەوە بە سستیەوە وەلامی دایەوە : نەء دەڵێی بارگینە ئەو کچە شێواوە دایك و باوکی پێی نەزانن باشە هەر هاواریەتی . .ئەویش لەبری وەلام مەمکی گوشی کچە تفێکی قوت دایەوە تامێکی خۆش ناو دەمی گرتەوە گورج عەزیزییەکەی هەڵدایەوە بە دەستە سرێك سڕی ئەویش دەستی کێشا بە تەواوی عەزیزییەکەی هەڵماڵی باوەشی پیا کرد لەساتێکدا بەیەکەوە جوت بون کچە قژی بەسەر سەرینێکی پەڕدا بڵاوببووەوە دەمی لە نەرمایی چەقی بو لەژێر ئەو جەستە قورسەوە هاواری دەکرد پاش ماوەیەك هێور بووەوە ئەویش هەستایەوە دەلنگی خۆی و کچەکەی سڕی لەپڕ تەقەیەك هات کچەکە گورج ڕاپەڕی بە دیتنی پەنجەرەکە واقی وڕماو بەبێ هۆشی پرسی : بابە تۆ پەردەکەت لاداوە . . ئەویش بەترسەوە سەری بەرز کردەوە : نە ء . کچەکە بە ترسەوە پەردەکەی دادایەوەو هاتەوە جێگەی خوی گۆڕ هەڵکەنیش بەسەری خۆیدا ماڵی خۆی هەڵدایە خوارەوە ئەو شەوە هەتا نیوە شەوێکی درەنگ خەو بەچاوی نەکەوت هەر بیری کردەوە ماوەیەکی زۆر بە قوڵی شەپۆلی لێکدانەوەدا ڕۆچو ئەوسا هاوڕێ لاوەکەی هاتەوە یاد وەکو چارەسەری ئەو کێشەیەی دیبێتەوە لە دڵی

خۆیــەوە گــوتی : شــیروان زۆر چــاکە شۆڕشــگێڕێکی ئازایــە ڕۆشــنبیرە دەتوانێــت نهێنی ئــەم ماڵــە بدۆزێتــەوە . .ئــەوەی گوت مێشکی پشوی داو خەوت بۆ بەیانی زو چو بۆ لای لـە نوکەوە هەمو شتێکی بۆ گێڕایـەوە ئـەویش بـە وردی کەوتـە چاودێرییان لـە سەرەتاوە ژیـانی ماڵـە غەوارەکەی زانـی لـەو ساتەشــدا کــە ســەیری شــاڵ ســەوزی دەکــرد ئــەو گڕەیــەی دەهاتەوە بەرچاو وەکو ئەویش بەو نهێنیانە بزانێت بۆیـە بـە هێواشی لێی پرسی : تۆ هیچی تر دەزانیت لەسەر ئەو ماڵـە . . شاڵ سەوز نوقمی دەریای ترسناك ببـو هۆشـی بـە خـۆی نەما بو بەو قسەیەی ئەویش ڕاچەنی بە پرتە پرتەوە وەڵامی دایەوە :نـەء ڕۆڵـە نـە ء. .ئەوەی گوت هەستا لەگەڵ ڕاست بونەوەیدا جەستەی کەوتە لەرزین گۆڕ هەڵکەنیش هەستی پێکـرد لێـوی خـۆی کرۆشـت ئـەویش خـوا حـافیزی کـردو ڕۆیشـــت کاتێـــك گەیشـــتەوە لای تەختـــە بەندەکـــە ڕاکشـــا ئێسقانەکانی پشتی تەقین چاوی لیتـەیان پیادا دەهات قژە خاوەکــانی نیــاز لەســەرو کەلــەی ئــالأبون بــە جارێــك ئــەو جەستـەیەیان پێچابووەوە وەك جاران چۆن بە بینـینی کـرژ دەبـو بـەو جـۆرە تـوڕەیی گرتـی خـراپتری لـێ هـات ئاگر بـە دەمارەکانیـدا دەهـات شـەوارەی ئـەو ساتانە دەیگرتـەوە کـە بەسەر ئاراسدا هاواری دەکرد : ڕۆڵـە سـێ جار نیازم دیوە

لەگەڵ کوڕێکی چڕو چاو ناشرینداا کوڕی ڕۆستە بازرگانە باوکەکەم لەوەتەی تۆ لەم شارە نەماویت بەرەڵابووە..ئەم قسەیەی چەند جارێك گوتەوە ئەویش بێ ئارام دەبو هەرچەندی کرد نەیویست دڵی لێی کرمێ ببێت بەدڵ ساردی نیازیشی دەزانی کە لە تول بەندێکی تاریکەوە لەوو لە شۆڕشی دەڕوانی بە پارچە قوماشی ڕازاوەوە خۆی بادەدا بەدوای سێبەرێکی ئەفسوناویەوە بو لەو کاتانەی لێی دور دەکەوتەوە چاوی تێدەبڕی پەنجەکانی دەخستە پەنجەیەوە بەخەیاڵ لەگەڵی دەدوا: شێرزاد وەرە بمکوژە نازانی چەندە عاشقی تۆم برینەکانی جەرگمت ساڕێژ کرد ئۆف ئۆف .. زۆر جار ئەو قسانەی دوپات دەکردەوە شێرزادیش بەجۆرێك دەواری بەسەردا کێشا بو جەستەی پێچابووەوە پەنجەی وردیلەی بەسەر سنگیەوە نوسابون ترازاندنیان بۆ نەبو هەمو جارێك کە چاوی پێی دەکەوت دەیویست تێر دەستی لە مەمکی بکەوێت وەکو پەلکە زێڕینەش بەسەر جەستەیدا دەتوایەوە ئەم هێزە هەمو شتێکی بیر بردبووەوە گرێکی بەهێز جەستەی پێچابووەوە شێرزاد لاوێکی شۆخ بو ماوەیەکی زۆر بو لە دورەوە نیازی دەناسی چەند جار بە دەستی خۆی قوماشی بۆ لێکردبووەوە لەمەوە تەزوییەکی خۆش بە جەستەی هەردوکیاندا دەهات هەتا جارێك ئەو

نهێنیــەیان بــۆ یــەکتری ئاشــکرا کــرد شــێرزاد لەوکاتــەی قوماشــەکەی دەبــڕی پێــی گــوت : ئێســتا بــە دڵتــە ئەگــەر دودڵیت بـۆت دەگـۆڕمـەوە ..نیـاز تفێکـی قـوت دایـەوە کلـەی چاوی تیٚ بڕی لەگەڵ نیگای ئەودا یەکانگیربون شێرزادیش هەلێکی چاکی بۆ ڕەخسا ئەو بزەیەی بۆ دەرخست : ئـازیز پیرۆزت بێت قابیله تۆی شۆخ لەبەری بکات ئاخ چەندە جوان دەبێـت .. لەگـەڵ ئـەو وشـانەدا کراسـەکەی دایـە دەسـت و پەنجەی بەر پەنجەی کەوت خرۆشی پیادا هات ئیدی ئەو دو جەسـتەیە یـەکیان گـرت نیـاز گـڕی تێبـەر بـو ئـەو قوماشـە تابلۆی کارەساتەکانی ژیانی بۆ کێشا حەفتەیەك لەوە دوا لە ماڵەوە ژوانیان گرت نیاز بە چاوی خوماراویـەوە بەرامبـەری دانیشـت سـاتێك لـە یـەکتریان ڕوانـی ئەوسـا شـێرزاد کەوتـە باســی کێشــەکەی پێشــوی : ئێمــە مەبەســتمان کێشــەی کۆمەڵایەتیە هەمو چینەکان ئەوە بزانە دەوڵەمەند باڵا دەستە سەیر بکە شێخ و مەلاو پیاوی گەورە دەبنـە سـەرۆك بۆچی؟ چـونکە کـوڕە هـەژارێك عـەقڵی ڕابەرایـەتی نییـە گـویٚ بگـرە نیاز.. ئەو قسەی نەکرد ئەویش لێی دوبارە کردەوە : ئـازیز ئێسـتا دەزانـی مەبەسـت چـی یـە ئێمـەش پەیوەنـدیمان بـە سیاســەتەوە نییــە خۆشــگوزەرانیمان دەوێــت و ژیــانێکی بەختەوەر..لەگـەڵ ئـەم قسـەیەدا چاویان لـە تیشـکی یـەکتری

گیربو شێرزاد بە هێزێکی سستەوە قژەکانی بۆ هەڵدایەوە : ئازیزەکەم خۆشم دەوێیت . . نیاز ورتەی نەکرد جەستەی خرۆشی تێکەوت شێرزاد فرسەتی هێنا دەمی خستە ناودەمیەوە مژی ساتێك ماچی کرد ئەوسا نیاز خۆی کێشایەوە ئەویش دەستی خستە ملیەوە ئەوساتەش بو دو دەم ئاسمانی یەکتریان دەلستەوە شێرزاد دەستی لەناو قژە خاوەکانیدا گیر کردبو دەمی بەسەر دەم و چاویدا دەگێڕا ئەوسا ترازاندی تا لاملی و سەر سنگی هات پاشان دو جەستەی سڕ بەسەر یەکتریدا تلیسانەوە جوتێك مەمکۆڵەی سرك لە دو دەستی تینو ئالابون دەگوشران و خاودەبونەوەو قیت دەبونەوەو دەخزان لە نێوەندی پەنجەکانەوە دادەبڕان تا ئەوساتەیش پەنجەیان نەکەوتبووە سەرو لەوساتەشدا کەوتنە ناوداوی دەستی خرۆشەوە ئەو جەستەیە هەراسان ببو ئاسمان و زەوی قوت دەدا بەچەشنێك وروژابو پێستەکەی ژاکاو هەناسە بڕکێی پێکەوت شێرزادیش ڕەگی شەهوانی گرتی کراسەکەی هەڵدایەوە نیاز بێچرکە لەسەر سك پاڵ کەوت هۆشی بە خۆی نەمابو هەناسە بڕکێیشی پێکەوت دەمی لە نەرمایی فەرشەکە گیر ببو قژە خاوەکانی بەسەردا پەرش ببووەوە قیژەی دەهات چنگە کڕێی دەکرد هەتا پشویدا ئەوسا ماتبو کاتێك هەستایەوە توڕەیی گرتی

تفی کردەوەو هاواری کرد : شێرزاد تکاندمت ئەوەبو مانای خۆشەویستی .. شێرزاد ورتەی لە خۆی بڕی پاشان زەردەخەنەیەکی کردو پێیگوت : زیز مەبە من و تۆ هاوسەرین .. نیاز دودڵی گرتی ویستی بڕوات ئەو ڕوی تێکرد: ئازیز بێ زەوق مەبە دڵداری مانای ئەوانەیە . .نیاز سەری داخست و ڕۆیشت دوای ئەوە موچڕکە هەردوکیانی گرتەوە هەرکات یەکتریان بدیایە دەیانویست بەسەر جەستەی یەکتریدا ڕابکشێن ماوەیەك بەو جۆرە مانەوە دوای کوژرانی ئاراس شێرزادیش بەسێ مانگ دوای ئەوە لەدوکانەکەی خۆیدا درایە بەر گوللە نیازیش پاش هەفتەیەك گوم بو کفنپۆش لەوساتەوە کرۆکی ئەو پێشهاتەی کردبو لەوساتەشدا کە گۆڕ هەڵکەنەکە ئەو پەردەیەی بۆ دڕی جەستەی کەوتە سەر شەپۆل و لەسەر تەختە بەندەکە ئۆقرەی نەگرت مێشکی کەوتبووە سەر گڕو کڵپەو لە ساتێکدا قیژاندی پڕ بە گۆڕستانەکە هاواری کردو بە تورەییەوە گۆڕەکەی کردەوە بە ئارامگای ژان و خەمی گەردونی شاڵ سپی لەم کاتەشدا وێنەی ئەوکاتەی دەهاتەوە بەرچاو دەیویست وەکو ئەو کاتە دەست بکاتەوە بە قریشکەو خۆی بخاتە گۆڕەکەیەوە جار بەجار ئەو هیوایەی دەکرد کفن پۆشیش وەکو خۆی مابووەوە وێنەی خێرایی بە

مێشکی شاڵ سپیدا دەهات بەبێ ئەوەی قسەیەك بکات هەستی بە ژانی تۆقێنەری دەکرد لەسەر تەرمەکەیەوە هەموی دەدیەوە دەیزانی ئازاری مرۆڤایەتی کەللەی گرتووە ئەمەی لەلا ڕون بو هەرچەندە خۆیشی دەردە سەری ئەوی لێ بەسەر هات بو ئەوە دە ساڵ بو ببووە هاوڕێ لە خزم و کەسو کارو منداڵ تەنیا ئەوو گۆڕێکی بۆ مابووەوە لەوکاتەی لە لادێوە هاتبونە شار تاکە خزمێکیان لە ناویدا نەبو تەنیا خۆی و دایك و باوکی و خوشکێکی بون ئەویش لە شەڕی ڕاپەڕینی شاردا کوژرا خوێناوەکەی لەسەر جەستەی ئاڵابو هەمیشە بیری ئەو ساتەی دەکردەوە کە قیژە هەستا گوتیان : شەوبۆ کوژرا ..بەمە هار بو بەپڕتاو ڕایکرد جەستەکەی بەسەر شانی پیاوێکەوە بو لێی سەندو خستیە سەرشانی خۆی خوێناوەکەی بەسەر جەستەیدا دەهاتە خوارەوە تەنیا ئەو خوشکەی شك دەبرد ئەویش بەو چەشنە گوللە سنگ و مەمکۆڵەی پوکاندەوەو شیرو خوێناوی بەسەر باڵیدا دەڕژاند دوای ئەوەیش بە سێ ساڵ دایك و باوکی بەیەکەوە بە نەخۆشی سیل مردن پاشان کەوتە تەنیاییەوە کاتێك ژنی هێنا حەوایەوە ئەوەیش سێ ساڵ بو لەکتوپڕیەکدا ژن و منداڵەکەی گیران ئەو لەبرسا مردو ژنەکەیشی گوللە باران کرا خۆیشی وەکو شێت کەوتە گەڕان

هەتا توشی شاڵ سەوز بو ئەو ساتە گۆپکەی ژانی وەری حەوت ساڵ بەناو شاخ و ئەشکەوتدا گەڕان سێ ساڵ بو هاتبونەوە گردی گۆڕستانی شار ڕۆژانە لە ترۆپکی گۆڕەکانەوە لە شەپۆلی مەرگاویان دەڕوانی شاڵ سەوز توانای پێخستنە ناو شاری نەبو تەنیا لە دورەوە سەیری دەکرد لەو ڕۆژەیشەوە ئەوەیشی تۆرا بو هەر کەلێی بڕوانیایە چاوی کوێر دەبو ڕۆشناییان بەسەردا نەدەهات تەنیا پەڵەیەکی سپی و سور دەهاتە بەرچاوی گورج ڕوی وەردەگێڕا نیگای هەڵدەفڕاند ئەو ئێوارەیە لەناو گۆڕەکەیەوە سەیری کرد چاوی لێڵ بو لەتاوان قریشکەیەکی کرد بەو ژانەوە هەتا عەسری ڕۆژی دوایی لە ناویدا مایەوە لە جیهانی ئەفسانەی تێکەڵاودا سەرگەرم بو هۆشی بە ژیان نەما بو خەونەکەی شەپۆلی سەرگەردانی بۆ ڕەخساندبو بەشێوەیەك بەناو هەمو نهێنی گەردوندا کێش دەکرا جەنگی جیهانی بە شریتی مێشکیدا دەهاتن و دەچون وەکو هەمو ئەو ساتانەی لەسەر شاخی باکورەوە سەیری لەشکری بێ شوماری ئینگلیزو ڕوسی دەکرد فڕۆکەی جەنگی لە ئاسمانەوە لەناو هەواوە گوڕی خەیاڵیان لەناو دڵیدا هەڵدەکەند چەند ساڵێك بو بەو شاخەوە گوێی بۆ زرمەی تۆپ و دەنگی گوللە باران ڕاگرتبو تەنیا هێندەی دەزانی دو

لەشکری گەورە ڕژاونەتە نیشتمانەوەو جەنگی جیهانیە ئەوەیشی لە دەمی زێوانەکەی مەرقەدی شاروچکەکەوە بیستبو بۆیە هەمیشە لە نیگای تاریکی دەڕوانی لەو خەونەشیدا هەموی هاتنەوە بەرچاوی کاول کردنی جیهان و کوژرانی دەستەی مرۆڤایەتی بەو هێزە سامناکەوە ڕاچەنی وێنەی ساروخێکی سەر مانگ لە گۆڕەکەیەوە دەرکەوت دڕی بە گەڵای سەر جەستەیدا شاڵ سپی لەولایەوە زیڕەی مەرگی پێگەیشت ماوەیەك بو پاسەوانی دەکرد شەوو ڕۆژێك بو بەبێ هۆشی کەوتبو ئەمە ببووە کرۆکێکی ترسناك لەلای لەو ساتەشدا کەسەیری دەکرد بەو چەشنە نرکەی دەهات خەریك بو دڵی بووەستێت ئەویش بەبێ ئەوەی ڕوی تێبکات چووە پاڵ قسنەکە دەستی بە ئاسنەکانەوە گرت سەیری شاری کرد چاوی کوێر بو هاواری لێبەرز بووەوە پاشان ڕوی وەرگێڕا لەگەڵ یەکەم هەنگاودا کەوت سەرو چاوی خوێناوی بو شاڵ سپی ڕایکرد ڕاستی کردەوە لەسەر تەختە بەندەکە ڕایکێشا پاش ئەوەی قاچەکانی درێژ بون چاویشی نوقاند پەنجەکانی کردەوە نیوەڕۆی ڕابردویش بەو جۆرەبو کاتێك لای گۆڕ هەڵکەنەکە هاتەوەو ڕاکشا هەتا عەسر جەستەی ژاناوی مۆمیا کرد ئەو کاتەیش ڕاپەڕی خرۆش خوێنەکەی گرت بەناو گۆڕستانەکەدا ماخۆلانی پێکەوت

ئێستاش تەرمەکەی ئەو نهێنیەی دەدرکاند وەکو ئەو ساتە ڕەنگی مردوی گرتبو شاڵ سپی دەیویست بە هەمان چەشن قریشکە بکات بەڵام ئەو هیوایەی نەدەهاتە دی و تەرمەکە بێچرکە لەسەر تەختە بەندەکە ڕاکشابو کەفەکەی سەر لێوی لە دیدەی شاڵ سپیدا پرسیارێکی ترسناك بون لەگەڵ تەقینەوەی هێزێکی نەدیودا سەرتاپای مرۆڤایەتیان هەڵدەگێڕایەوە!!!

6

گەواڵەی رەنگاو رەنگی سروشت لەسەر تەرمەکە گرمۆڵە دەبو درِك و داڵ و گژو گیاو کانیاوو دارو درەخت و بەردو خۆڵ لەبەر شنەی هەوایەکی خەمناکدا جەرگیان دەتەزی روبەری گۆرِەکان لەژێر پۆپەشمینێکی خوێناوی هەمە رەنگدا شارای مردنێکی بێسەروبەریان بەسەرا دەدرا ئاهەنگی کارەساتی سەختیان بۆ ساز دەدا ماتەم باڵای بەسەردا کێشابون نرکەی کفن پۆش خامۆشی نەدرِی بو گۆرِستان کپ ببو هەواڵ نێری مردن و ژیان چرکەی لەخۆی برِی بو شاڵ سپی لەبەردەمیدا وەستابو دو دڵۆپ فرمێسك کەوتبونە سەر کوڵمی بەو دیدە ئەسریناویەوە لەئەندامانی شاڵ سەوز ورد دەبووەوە جەستەی وەکو لۆکە دەهاتە بەرچاوی پێستەکەی ژاکانی مەرگی پێوە دیار نەبو مووەکانی وەکو خۆی مابونەوە دەست و قاچی وشك ببون سنگی وەکو جاران دەرپەرِی بو تەنیا کەفە سپیەکەی سەر لێوی نیشانەیەکی نوێ بو کاتێك لەپەنجەکانی قاچیەوە پیا

دەهات هەستی بە مردنی نەدەکرد دەماری بینین و بیستن و هەست و نەستی چاوەڕێی دەنگە بەهێزەکەی بون هەتا وەکو جاران هاوار بکات گوێچکەی بەچاوەڕوانی قیژەیەك گیرا بو هەتا ئەو پەردە ئەفسانەییەی بدڕێت و بیخاتە ناو ئەو جیهانە زەنگۆڵاویانەوە وەکو ڕۆژانی پێشوی گۆڕەکان بتەزێنێت ناوچەکە بخاتە بەر پرسیاری مەرگەوە حەوت ڕۆژ لەوەوبەر ئەوەی لێ بەسەرهات لە کاتێکدا شەوێك لەناو گۆڕەکەیدا مایەوەو بەبێ جوڵە لەگەڵ ڕاپەڕیندا ئۆقرەی لێبڕا بەهەر چوار دەوریدا دەسوڕایەوە پاش دو کاتژمێر بەقیژەوە خۆی بە خۆڵی گۆڕەکەوە نوساندەوە دیسان بێئارامی گرتەوە خرۆش کەوتە خوێنەکەیەوەو دڵە ڕاوکێی توش هات نەیتوانی چاو لێك بنێت بە قریشکەو ناڵەو هاوارەوە ڕاپەڕی پڕ بەگۆڕستانەکە قیژاندی شاڵ سپی دڵی کەوتە سەر خورپە لەدورەوە سەیری دەکرد ئەویش لەجێی شۆفڵەکانی ڕۆژی پێشوی دەڕوانی لەپڕ وەکو ئالای مردن و ژیان لە ناو گۆڕەوە دەرپەڕی زمانی کەوتە تەتەڵەو شاڵ سپیش لە بەردەمیدا وەستا ئەویش چاوی بەناو جیهانێکی سەرگەردانندا هەتەردا بروسکەیەك جەرگ و دڵی هێنابووە لەرزین لە تەواوی ئەو ژیانەیدا تەنیا جارێکی تر وای لێ بەسەر هاتبو پاش خەوێکی قوڵی دو ڕۆژە لە سەرماو

تۆفانی شاخی سورێن لەبەر کرێوەو رەشەباو گەردەلولدا خەوی لێکەوت شاڵ سپیش دو رۆژ ئێشکی گرت کاتێك راچەنی ئەشکەوتەکەی هێنایە لەرزە قریشکەی لە شاخەکەدا دەنگی دەدایەوە پاشان زمانی گیراو سەری بەسەر ئەژنۆیدا شۆڕ کردەوە بەکپی لە سیمای خەونەکەی دەڕوانی چی دی بو بەوجۆرە بەخێرایی بەبەرچاویدا دەهاتن و دەچون چینەکانی ئاسمان کێشیان دەکرد بەناو دەریاو ژیر زەوی و سەر مانگ و ئەستێرەو خۆرو تریشقەو گورزی فریشتە لەکەنارەکانی دۆزەخ و وەیل و بەهەشتدا لەپڕ جیهان لەبەر چاوی بو بەتەونی جاڵجاڵۆکە خەونەکەی ئاڵۆسکاو رۆشنایی تەنرا یەئجوج ترەکینەوەو جیهانیان پۆشی ئاسمانیان گرت لەکانیاوو ڕوبارو ئەستێڵ و چۆمەوە بەچکەیان کاروانی دەگرت شەبەقی خۆر ملیۆنانی دەخستەوە سەرتاپای گەردون تەلبەند کرا بەو شەپۆلانەوە لەناو ئەشکەوتەکەدا تلیسایەوە چاوی زەق بون و برۆی هەڵگێڕایەوەو رەنگی تێك چو شاڵ سپیش بە دیاریەوە کەوتە گریان و هاواری کرد چەند جار دەستی خستە سەر سنگی چرکەی هەناسەکانی تاقی دەکردەوە ناچار کەوتە دوعا کردن و نوێژی بۆ خوێند ئەویش لە دەمەو بەیانیدا چاوی کردەوە زمانی بۆ نەدەجولا تەنیا چرکەی مردن

لەڕەنگی دور کەوتبووەوە بەو چەشنەیش یەك هەفتە بەبێ قسە مایەوە بەوردی سەیری دارو دیواری دەکردو لەبەردو خۆڵ ورد دەبووەوە جار جار لەتە کولێرەیەکی دەخستە دەمیەوە قومێك ئاوی بەسەردا دەکرد لە حەوتەمین شەودا بروسکە لێیدایەوە هەمان کارەساتی یەکەم رۆژی لێبەسەر هاتەوە زریکاندی مێشکی ئاڵۆسکاو ڕاپەڕی و سەری بەتاشە بەردەکاندا کێشا هەتا بێهۆش بو دوای چێشتهە نگاوێکی درەنگ چاوی هەڵهێنا زەردە کەوتبووە سەرلێوی لەوکاتەوە روداوی وای لێ بەسەرنەهاتبو لەو ساتەشدا تەقینەوەی هەمان بورکانی خەفە لە جەستەیدا گەڵاڵە ببو بەو پەشۆکاوییەوە سەیرێکی شارەکەی کردو چاوی کوێربو بەو خامۆشیەوە کەوت و لەسەر تەختە بەندەکە راکشا ساتێك دەستی بە چاویەوە گرت هیچی نەهاتەوە بیرو یادی ناو گۆڕەکەی خامۆشیان پیادا هاتبو وێنەیەك بەلایدا نەدەهات لەپڕ بروسکەیەك لە چاویدا ئەو جەستەیەی پەلکێشی دەریای خەیاڵ کرد هەروەکو شەیتان بەسەر مێشکیدا زاڵ بوبێت کچێکی شۆخ پەلی گرت وەکو فریشتە پاکو بێگەرد بالا بەرزێکی لۆکەیی قژ درێژی بریسکاوی پۆشاکی بێ وێنەی لەبەردابو بروسکەی لەجەرگ و دڵیدا بەو هێزەوە بەدوایدا ڕۆیشت لەناو گوڵزارو فوارە ئاوێکی

خۆشدا ڕاکشان تکەی ئاو کەف چڕێنی ئاسمانی دەکرد تریفەی بەدەم شنە بایەکی هێدیەوە دەتکایە سەر دو جەستەکە ئاو پرژێنی ڕۆحی دەکردن جەستەکەی سەرەوە لەگەڵ تەکانەکانیدا دەشنایەوە سێبەری خەندەی بۆ قژە پەرش بووەکەی ناو گیاکە دەکردەوە هەناسە بڕکێکانیشی لەگەڵ جولانەوەی تاڵە مووەکانی دەبزواند لەو کاتەی کە هەردو قاچی بەپشتی کفن پۆشەوە نوساند بو پێدەکەنی پشوی دەدا شەست و نۆ کچی دی ئاویان پیادا هەڵپرژاندن ئەوسا لە یەکتری جیابونەوە لەپڕ کزەبایەك هات لەسەر تەختە بەندەکە دایچڵەکاند قریشکەیەکی کردو لەرز گرتی لەجێگەی خۆیەوە سەری بەسەر قاچە درێژ کراوەکانیدا شۆڕ کردەوە سێ جار سەری بادا وای زانی فیردەوسیان نیشان داوە ئەم کرۆکە چەکەرەی لەلای دەکرد لەپڕ ئاڵۆزیەك گرتی وەکو سەدان مۆرەغەو ئێسك و پروسك و جەستەی ڕزیوو بلوێنان تابوت لەناو زەریای مەرگەساتەوە دەربکەون کەشتیەکەی نوحیش بەشەوقی بێئامانەوە بەسەر لوتکەی شاخەکانەوە لەنگەری گرتبێت نوحیش لەسەر تەختەبەندی بالاوە دەکەوتەوە سەر شەپۆل لەدوا نیشتنەوەی زەریاکاندا شاخو کێو هەرەسیان هێناو تلێسانەوە لەگەڵ جوت بونی نێرو مێکانیشدا زەوی قڵیشی هێناو پەڵەی شەهوەت خۆڵی

دەڕزاند نوحیش هاواری دەکرد دەیویست گڕ بەربداتە کەشتیەکەی لەپڕ تەواوی جیهان کەوتە بازنەیەکەوە مێردە زمەیەك دەستی خستبووە قوڕگیەوە لەوەدابو بیخنکێنێت قرخەی پیٚ کەوت و یەك تەختەبو هەتا تەقینەوەی گزنگ چرپەی لێبڕاو لەجێگەی خۆیدا بەبێهۆشی مایەوە ئەو کاتە شاڵ سپی هاتە ژور سەریەوە قولپێکی بەسەرا داو بەگریانەوە گوتی: هەستە ئەو کولێرەو ئاوە بخۆ دو ڕۆژە هیچت نەخواردووە .. لەگەڵ قسەکەیدا دەستی خستە ژێر سەریەوە بەرزی کردەوە ئەوسا بەهێواشی پارویەك لە کولێرەکەی خواردو دەمی بە مەسینە ئاوەکەوە ناو چەند قومێکی قوتداو چاوی بڕیە خۆلەکە سزای بلیۆنێك مردوی تیا دیەوە کاروانی یەك لەدوا یەکی مرۆڤایەتی وەکو ڕێچکەی شارە مێرولە بە دوای یەکدا دەڕۆیشتن جیهان کۆچی دەکرد سەرلەنویٚ دروست دەبووەوە پانسیوینەکانی بەهەشت و دۆزەخ بریسکەیان دەدایەوە باران و بروسکەو ڕۆژو باران و باو تریشقە تکەیان دەکرد چاوی کەوتبووە سەر لێڵو تاریو زڕەی زەنگی بەندیخانە بەلایدا دەهاتن گوێی کەوتبووە سەر زەنگۆڵەوە ئەوە سی و سیٚ ساڵ بو کەچی تازە دەماری هەستیان گرتبووەوە وەکو لەناو شەپۆلی ئەو ساتانەدا بێت بەو جۆرە زرمەی پێیەکانی بارچاوەشەکە

دەهــات و زڕەی زنجــیری ئاســنین دڵــی دەلەرزانــد چــۆن بەراڕەوەکاندا دەهات قفلْ و کێلونە دوڵییەکەی دەکردەوە لەو ساتانەدا تەواوی بەندیەکان دڵیان دەکەوتە لەرزین هەر کاتێك لەو دەرگایە بدرایە یەکێك لەوانە دەبرا ئیدی کەس نەیدەزانی بۆ کوێی دەبەن کە زیرەو هاوارو گریان لەکونی بچوکی دەرگاکەوە بهاتایە ئەوە نیشانەی ئەشکەنجە دانی هاوڕێیەکیان بو ئەگەر ئەوە نەبوایە گوێیان بۆ گوللە باران هەڵدەخســت دەســتیان بەچــاویانەوە دەگــرت وێنــەی ئــەو بەندییەیان دەهێنایەوە پێش چاوی خۆیان هەرکە سرمەی ئەسپەکانیش بهاتایە خۆیان ئامادە دەکرد بۆ چاوەڕوانی چەند کەسێکی نویٚ حیلە حیل مۆسیقای جەنگی بەسەر بەندیخانەکەدا دەهێنا خرۆشیان دەخستە مێشکەوە لەو ساتەشدا ئەو ئاوازە تێکەڵاوانە مێشکیان گرتەوە وەکو ئەو چرکەیەی فڕێیان دایە ناو ژورە تاریکەکەوە وەکو لە کڵاو رۆژنەیەکــەوە بیخەنــە خــوارەوە بــەو چەشــنە کەوتــە نــاو بەندیەکانەوە پاش چەند چرکەیەك لاوێکی خوێن گەرم لێی هاتە پێشەوە بەئەسپایی بەخێر هاتنی کرد : مام مەحمود بــەخێر بێیــت .. بــەو قســەیە شــڵەژاو بەدودڵیــەوە وەڵامــی دایەوە : تۆ کێیت من ناتناسم .. لاوەکە هەستی بە تەریقی کرد لەپڕ بەسەر خۆیدا زاڵ بو پێش ئەوەی ئەو قسەکەی

تـەواو بکـات خـۆی پێناسـاند: مـن فـەرهادم قوربـان .. کاتێك ناسیەوە باوەشی بۆ گرتـەوەو ماچـی کـرد پاشـان دڵـی پڕبـو بەگریانــەوە دەردی دڵــی خــۆی بــۆ هەڵڕشــت : ڕۆڵــە ئــەم جەلادانە گرتیانم هەمو شتێکم لەبیر چۆتەوە بەڕاستی بیری تۆم نەماوە ئەوە سێ مانگ پترە تۆ توش هاتویت .. فەرهاد هەناسەیەکی هەڵکێشاو پاڵی دایەوە ساتێك لەبن میچەکەی ڕوانــی ئەوســا زمـانی جوڵانـد : مـن تـازە تـەواو جەسـتەم تێکشـکا ئەگـەر گوللـە بـارانیش نـەکرێم تـازە بەنەخۆشـی دەمرم مامـە دەمـرم .. ئـەوەی گـوت بێدەنگ بـو بایـەکی تیـژ لــەکونی دەرگاکــەوە هاتــە ژورەوە شــەپۆلێکی ترســناکی دروســت کــرد بەندیــەکان لەیــەکتر دور دەکەوتنــەوە تــەنها فەرهادو مەحمود مانەوە ئەوی بردە لای خۆی لەجێگەیەکی تەنیشـتیەوە داینـاو پێـی گـوت لـەویا بخـەوە ئـەوە جێگـەی هاوڕێیــەکم بــو ئەمشــەو گوللــە بــاران کرا..ئــەم قســەیە شـەپۆلێکی خوێنـاوی بۆ ڕەخساند وێنـەی هـەردو لاوەکـەی هاتەوە بەرچاو لەکاتیکدا لوتی خـۆی خوراند لـەو تەوژمـەدا بزربو نیوەڕۆی ئەو ڕوژە لەسوچی کۆلانێکەوە لاوێك دەستی بـۆ راگـرت هـاواری کـرد: مامـە گیـان فریـام بکـەوە ئـەو برینـدارەم پێیە..ئـەو قسـەیە موچـڕکەی بەجەسـتەیدا هێنـا عەرەبانەکـەی وەسـتاندو سـواری کـردن کاتێـك قامچـی لـە

ئەسـپەكانیدا یـەكێكیان لێـی پرسـی : ماڵـە حـەكیمێك جـەڕاحێك شـارەزانیت تـۆ باوكمانیـت یارمـەتیمان بـدە ؟..ئەویش لەو كاتەدا بریسكەی قامچیەكەی دەستی مێشكی خرۆشاند بو بەو قسەیەش وێنەیەك لەبەرچاویەوە دروست بو بیری عەولی جەڕاحی كەوتەوە بەو بیرەوە وەڵامی دایەوە: برادەرێكم هەیە هەردوكیانە بریندارى ترم بردۆتە لای خەم مەخۆ ڕۆڵە .. عەول هاوڕێی بو جارێكی تر بریندارێكی تری بـردە لای كاتێـك دەسـتی لێڕاگـرت و هـاواری كـرد : خاڵـە بریـنـدارم .. ئیـدی یـەك ڕاسـت سـواری كـرد لاوەكـە بـە جامانەكـەی بریندارەكـەی دەبەسـت دەسـتی بەسـەر زامـی گوللەكـەوە گرتبـو هـەتا گەیشـتنە جێگـا ئـەو كاتـە عەولـە تیمـاری كـرد برینەكـەی بـۆ بەسـت كاتێـك تـەواوبو دەسـتی بەسەر چاویدا هێناو دڵخۆشیدایەوە : خەم مەخۆ دەچیتە لای سـەروك گوللـەكان دەرچـون نامریـت ئـەم جـارەیش ئەفسەرێكی تـر دەكوژیـت تـۆ بەجـەرگیت نیشـانەی ئەوەیـە بەهەتیوی لەدایك بویت بەڕاستی جێگەی باوكت گرتۆتەوە .. بریندارەكـە گەشـكە گرتـی ترسـی مردنـی نـەما پـاش هەفتەیەك بە تـەواوی چاك بووەوەو گەڕایـەوە لـەو ساتەشدا ئـەوەی بـیری هاتـەوە بەخۆشـیەوە ئـاوڕی لـە هـەردوكیان دایەوەو پێیگوتن .. بریندارى ترم بردۆتە لای مەترسن مردو

چـاك دەكاتـەوە لـەپڕ زرمەیـەك هەسـتا یاسـاوڵەكان چـوار دەوریـان گـرتن دو لاوەكـەیان دابەزانـد گوللـە بارانیـان كـردن مەحمود لەگـەڵ دەنگـی گوللەكانـدا قیژانـدی كتـوپڕ زرمـەیان لیَ هەستاند قۆناغە تفەنگێك لوتی كوتایەوە خـوێن فیچقەی كـرد ئەسـپەكانیش بەچـوار ناڵـە بـەرەو ژور جادەكـەیان تـەی كرد كاتێك بەسەر ئەو ڕوداوە ترسناكەدا ڕۆیشتەوە موچڕكە بەجەستەیدا هات هێزی نەبو بیگێڕێتەوە لەتاوا پاڵی دایەوە فەرهاد ئەو هەستەی گۆڕاو دڵخۆشـی دایـەوەو گـوتی : مامـە تۆ ڕزگارت دەبێت بەڵام من دەكوژن ئەو كوڕە ڕاستی لەسـەر گوتـوم بۆیـە هاوڕێكـەم كـوژرا .. بـە پەنجـەی نیشـانەی بـۆ لاوێكی سور كار گرتەوە ئەوسا لەسەر قسەكەی ڕۆیشتەوە : ناترسـم بـا بكوژرێم..لەگـەڵ دوا وشـەدا بێـدەنگ بـو ئـەویش وەڵامـی نەدایـەوە كەوتـە ڕوانینی دیمـەنی ژورەكـە بنمیچ و دارو دیـــواری ڕەش ببـــو دوكـــەڵ و ڕەشـــی گرتبویـــەوە دەرگایـەكی تەختـەی گـەورەی هـەبو جگـە لـەكونێكی بچـوك نەبێت تیایدا ئیتر خـۆری تێنـەدەهات تەوالێتەكەیشـی لـەناو ژورەكـەدا بـو چـوار چـێوەكەی بەخشـتی سـور گیرابـو بـۆ گەناوەكـەی بەسـەریاندا دەهاتـەوە ئـەوانیش بـە دەرپـیَ و كراســە ســپیە دڕاوەكانیانــەوە دادەنیشــتن بۆگــەناویان هەڵدەمژیەوە هەمو سەرو ڕیش هـاتو چڵكن ئەسپیَ بەسـەر

جەســـتەیاندا ڕێچـــکەی دەکـــردو ڕەنگیـــان زەرد ببـــو بـــەو دیمەنەوە مات بون لەپڕێکدا تەقەی ئاسن و کێلونەکە هات زنجیر گوێکانی خرۆشاندن بارچاوەشێکی سمێڵ زلی قەڵـەو یاسـاوڵێك هـاتن سـەتڵێك پـەنیرو کتریـەك چـاو دەسـتەیەك نانیان خستە ئەمدیوەوەو دەرگاکەیان کڵۆم دایەوە ئەوانیش سفرەکەیان ڕاخست و لە دەوری خوانەکە کۆبونەوە پاشان هەرکەسە چووەوە سەر جێگای خۆی فەرهاد موستیلەکەی پەنجەی دایە مەحمودو پێی گوت: مامە ئەوە بدە بە دایکم ئەمشەو گوللە باران دەکرێم من خۆم مردنم هەڵبژاردووە ڕاستی نادرکێم . . بەو قسەیەوە زمانی گیرا نەیتوانی وەڵامی بداتەوەو دڵی پڕ بو لەپڕ بارچاوەشەکە هاواری کرد : فەرهاد قادر.. فەرهاد هەستایە سەر پێ بەبێدەنگی چووە لای دەرگاکە سەری بۆ هاوڕێکانی دانەوەند لەساتێکدا دەســت و چــاوی بەســترایەوە پــاش دو کاتــژمێر چـــەند گوللەیەك تەقی هەمویان بەسەر یەکتریدا تەقینەوە مەحمود قیژاندی : ئای خوایە ئەو چاوە گەشانەت تێکەڵی خۆڵ کرد ..لەدوای ئەو قسەیە دڵی گوشرا یەك هەفتە بەبێدەنگی مایەوە کاتێکیش لە بەندیخانەکە چووە دەر بەهەمان چەشن بو هەرکەپێیان گوت : فەرهاد کوژراوە .. گومانەکەی بو بەڕاست ماوەیەك بێهۆش بو کاتێك ئەو وێنەیە لەبەر چاویدا

ڕابــورد ژیــانی لــێ ئاڵۆســکاو چــاوی فــەرهادو ئــاراس بەئاسمانــەوە دەهاتنــە نــاو دیدەیــەوە وەکــو کــۆتری ســرك لەشەقەی باڵیان دەداو پەڵە سپیەکانی نیازیش شەپۆلێکی تاریکیان دەدایەوە لەڕقا لەجێگەی خۆیەوە قیژاندی..خوایە ئەمەیە تەرازوی جیهان خوایە؟ . . قریشکەیەکی تری کرد جیهـانی لێبـو بـە تۆپەوانەیـەکی ئـاگراوی گـەردون کرایـە هـەزاران تاڵـە دەزوی تێـك ئـالاوی بەرچاوی لەجەسـتەیەوە دەئـالان لەجێگـەی خۆیـەوە کـەوتبووە بـەر زریـانی خـەوی ترسناکی شەپۆڕی کارەساتی ناهەمواری مرۆڤایەتی مردن و ژیان بەسەر کەشکەلانی گەردونەوە دەسوڕانەوە وای دەزانی فریشـتەو وەلـی پـەلیان گرتـووە بەخـەیاڵ دەگـەڕا کـاتێکیش سەری بە تونێلی یەئجوجەکاندا کرد فریشتەکان لێی بزربون سـەدان قـەپاڵی نـاجۆر کەڵبـەیان بـۆ تیـژ کردبـووەوە سـاتێك لەناو ئەو گەرداوەدا مایەوە جەستەی لەناو کەفاوێکی زەردا داپۆشرا ئەو تەسلیمە بەجۆرێك گرتیەوە هەمو نهێنیەکانی بینیـەوە شـەوو ڕۆژی پـێش مردنیشـی ئـەوەی دیـەوە کاتێـك لەگۆڕەکــەی ڕاپــەڕی جەســتەی گــڕی گــرت و لــەرزی هــەر کەهــەنگاوی هــەڵهێنا کــەوت ســەرو چــاوی ڕوشــاو تکــەی خوێنی لێدەهاتە خوارەوە شاڵ سپی دەستی گرت بردیە لای مەرقـەد ئـەویش پەنجـەی بـە ئاسـنەکەوە نوسـاند سـەیری

شاری کرد ڕۆشنایی لە دیدەیدا نەمابو بەو ئەندێشانەوە ڕوی وەرگێڕا هیچی نەبینی چاوەکانی خامۆش بوبون ئەسا کەوتە گریان بۆ لای تەختە بەندەکە چو شاڵ سپی مەسینەو کولێرەیەکی بۆ هێنا چەندی لەگەڵدا گوت دەمی بۆ نەبردن وەڵامیشی نەدایەوە زمانی شکابو هەر کەڕاکشا جیهانی لێبو بە تاریکی و تەم و خومارێکی سورو سپی و سەوزو جەستەی دەزولەی ڕەنگاو ڕەنگی پیا دەهات هەستی کرد کەفێکی سپی زەرد باو نیشتۆتە سەر لێوی لەو بیرەدا بو لەپڕ کەفەکە لەنیگایدا پەرەی سەند جەستەی لە ناویدا داپۆشرا کەفەکەی لێبو بەئاوێنەیەکی خوداوەندی وەکو تێزابی ئاڵتون جەستەی تواندەوە بەمانگ و ڕۆژو گەردون و جیهان و ئەستێرەو هەواو باران و دۆزەخ و وەیل و فیردەوس و بەهەشت و سروشت و دەریاوە خۆی بەراورد دەکرد خۆی لێ بو بەوەلی و فریشتەو خدری زیندەو ئادەم و حەواو یوسف و یعقوب و نوح و دوا جار لەنێو شەپۆلی خواوەندیەوە توایەوە بەو هیوایەوە مۆمیا بو بیست و چوار کاتژمێر لەجێگەی خۆیدا کەوت هەر شەست چرکە جارێك خۆی لێدەبو بە یەکێکیان لەگەڵ تەواوبونی دوا چرکەدا تێکەڵاوبونو بیست و چوار جار لەرزی تفتی و تاڵی ژیانی کەفێکی سپی بون لێویان داگیر دەکرد ئێستاش

تەرمەکـەی هـەمان شـالاّوی نهـێنی بەسـەرەوەبو لـەنێوان دو جیهاندا مابووەوە ئەمەیش ببووە تەختەسڕو وشـەی مردنـی لەســەر دەکوژانــدەوە جەســتەی ببــووە بــیردۆزی ڕاســتیە خواوەندیـەکانی بەرچاوی شـالْ سپی لـە چرکەیەکدا دەیـان گەرداوی کێش دەکرد هـەر لـە جەنگە گەورەکانی جیهانـەوە هـەتا بەیـەکادانی گـەردون مووەکـانی ڕاسـت و ڕەق و سـپی وێنەی پەڵە گەنمێکی سوتاو بەیەکدا دەدران دەمێك سالْ بـو تـەوژمی تورەییـان لـیْ نیشـت بـو لـەنێو جەنگـە گەورەکانـدا ڕاست دەبونەوە هەر لەو کاتانەی گوللەو کـەرەنتوی کوشـتار لەشارەکە کەوتنە کار تەقە لە گۆڕستانەکەوە دەستی پێکرد ئەوانیش خرۆشان ئەو جەستەیەیان خستە سەر ختوکەی مـەرگی جیهـان کاتێـك کـە شـالْ سـپی دەربـارەی هـەواڵی شارەکە لە گەڵیدا کەوتـە قسـە هێنـدەی تـر شـپرزە بو لـەتاوا قیژانـدی : هـیچ مـەگێڕەوە توانـام نـەماوە مێشـکم ئـاڵۆزە وا لێك دەبمەوە ئەم شارە بێخاوەنە لەبەر کەرەنتوی دو شالاّوی کوشـتارەکەدایە هیچـم بـۆ بـاس مەکـە . . شـالْ سـپی لـەو سـاتەدا وروژا شـالْ سـەوزیش مـاخۆلان گرتـی لەجێگـەی خۆیەوە دەخولایەوە لە هیچ شوێنێکدا ئۆقرەی نـەدەگرت نـە لــەگۆڕو نەلەســەر تەختــە بەنــدو لــە ســوڕانەوەی نــاو گۆڕستانەکەیشـدا ئێسـتاش جەسـتەکەی وەك ئـەو سـاتەی

دەنواند مووەکانی ترسناك دەهاتنە بەرچاو وەکو سەربازی جەنگی جیهانی یەك چرکەیی بن بە جیهانگیر دەبون و خامۆش دەبونەوە شاڵ سپی چاوی تێکەڵ دەهات بروسکە بەجەستەیدا دەهات پێلوی ببووە ڕێزەی سەهۆڵ بەندانی خەم و جەنگێکی گەورەی خەیاڵی لەکەفەکەی شاڵ سەوزەوە هەستی بەبینینی گەردون دەکرد جیهانی وەردەگێڕایەوە بەخەیاڵ فریشتەکانی کۆ دەکردەوە جیهانی دەکرد بەقوربانی مەرگە ناوەختەکەی شاڵ سەوز !!!

## 7

تەرمەکە کەوتبووە بەر شێیەکی خۆ خواردو لە ئاسمان و زەوی و ڕاست و چەپ و خۆرئاواو خۆرهەڵاتەوە ڕەنگی ئاسۆیی و تاریکی بەسەردا کۆمەڵە دەبو وەکو ئاوێنەی ژێر پەڵە هەورێکی ڕووەو خۆر سینەی ماتەمی جیهانێکی شێرازە بچڕاوی چاپ دەکرد بەجۆرێك سێبەر بەناوچەوانیدا دەکشا چرچەکانی وەکو دێبەر دیاریان دەدا بەتەواوی مێژوی هەفتا ساڵەیان دەنەخشاند شارای ژیانی کوێرەوەری و چەرمە سەریەکانی هەڵچنرابون لە ژێر سیما تاریك و ڕونەکەیەوە تینوی بارانێکی بەهێزبون هەتا جیهان بشواتەوە برژانگی لەژێر تەمەوە گرژ ببون وێنەی دو نەشتەری تیژ دارنی جەستەی مرۆڤایەتیان دەکرد لەناو پەڵەی چاوە بچوکەکانیەوە دڵۆپەی خوێناو دەهاتە خوارەوە وەکو گوناهەکانی سەر زەوی پاك بکەنەوە حەوت ڕۆژ پێش مەرگی ئەو هیوایە لەکەللەی دابو جەستەی گۆڕهەڵکەنەکە

لەبەر چاویدا بو وەك گەلاّجاڕی بەرامەی مەرگ لەسەر تەختە بەندەکـە بێهۆشـی کردبـو لـەپڕ ڕاپـەڕی کەوتـە سـوڕانەوەوە دەچووە نـاو گۆڕەکەیـەوەو دەهاتـەوە سـەر تەختـە بەندەکـەو دەجولاّیـەوە دوا جـار بـەناو گۆڕەکانـدا خـولی خـوارد لەسـەر هیچ گۆڕێك ئارامی نەدەگرت لەپڕ لەپاڵ کێلێکدا دادەنیشت چـاوی دەبڕیـە یـەکێکی تـرو قسـەی لەگەڵـدا دەکـرد یـەك بەیـەکی دەدوانـد گـۆڕە بچوکەکانی کردبـو بـەمورووی ئـاودار لەســەر کێلەکانیــەوە پرســیاری مــردن و ژیــانی دەکــرد: کۆرپەکـەم زمانـت بخـەرە گـۆ دەردی دڵـی خـۆتم بۆ هەڵبڕێـژە بــزانم بەچــی تاوانێــك ســەنگاو بــەرد خرایــت چــۆن جەندرمەکانی شارەکە کوشتیانیت یاخود دزو ڕێگرو جەردە دەبێـت لەبرسـان مردبیـت؟ ڕۆڵـە خـۆ پاکیـت چـۆلەکەیت ڕۆحیانـەتت دەگاتـە کەشـکەلاّن بچـۆ چیرۆکی خـۆت و ئـەم شارە بۆ خوا بگێڕەرەوە دەی ڕۆڵە بچکۆلەکە. .چەند گۆڕی بەسەر کردەوە لەم کێل بۆ ئەوی تر دوا جار لەسەر گۆڕێکی خامۆش وەستا گڵەکەی پـەرش ببووەوە کێلـەکانی شکابون لە خۆڵەکەدا نوقم ببون ئەمـە کـاری تێکـرد دانەویـەوە سـەری لە گەڵیدا کەوتە قسە: ئەو کەسەی دوای باڵغ بون مردویت لە زەمانێکـدا کـە داگیرکـەر نەهاتبونـە ئـەم شـارەوە بۆیـە داوات لێدەکەم لەم قیبلەنمایەوە ژیانی خۆت بۆ خوا باس بکـەیت.

. ماوەیەك قسەی لەگەڵدا کردو بەدەنگ نەهات ئەوسا چەپۆکێکی بەسەری خۆیدا کێشاو تورەیی بەسەردا باراند: دیارە لە دۆزەخدایت دەنا وەڵامت دەدامەوە وێنەی گۆڕی ژنەکەمت بۆ دەکێشام هەتا پرسیارە کۆچەریەکانم نیشتەجێ دەبون دەبڕۆ بڕۆ وادیارە لەدۆزەخدایت بڕۆ . . بە تورەییەوە لێی دور کەوتەوە تەواوی گۆڕەکان گەڕا نەیتوانی لەسەر یەکێکیان بمێنێتەوە لە گۆڕی ژنەکەی هیوا بڕاوبو بەو هەناسە ساردەوە گەڕایەوە لەپاڵ دار مازویەکدا دانیشت سەیری شارەکەی کرد چاوی تاریك و ڕون بو ئاسمان و شەقام و کۆڵان و شۆستەی بەسەر کردەوە دوکەڵ و بوخاری سەر شارەکەی بینی هۆڕینی ئۆتۆمبیلەکان و دەنگی کارگەو زەنگ و هێزی کارەبایی و قیژەو هاوار ئەمە تەزویەکی سەیری پێبەخشی بروسکەیەك بە جەستەیدا هات خێرا لەجێگەی خۆیەوە ڕاست بووەوەو بەپەلە چو بۆ لای زێوانەکە شەڕواڵێکی لێسەند بەسەر دەرپێ و کراسەکەیدا هەڵی کێشاو بەرەو شار فڕی ئەوە سی ساڵ بو قاچی نەخستبووە ناوی ڕۆژێك هەستی نەبزوا بچێت پارووە نانێکی لێبخوات بیری لەماڵ و ئەسپ و عەرەبانە نەکردبووەوە چرای ژیانی خێزانەکەی لەبەر چاویدا کوژابووەوە شارەکەیشی بەگۆمی خوێناو دەدیەوە هەرگیز

نەیدەویست چاوی پیادا بخشێنێت کەچی ئەمجارە پێتاوی
پێچاو لەکارێزی قەراغ شارەوە کەوتە ڕێ منداڵ و ژن و پیر
سەیریان دەکرد ئەویش هەر ئەوەبو نەدەفڕی لە هیچ
جێگایەك ئۆقرەی نەگرت هەتا نزیکی کۆلانەکەی خۆیان
بووەوە ماوەیەك ئەملاو ئەو لای کرد ماڵەکەیانی نەدیەوە
ناچار بەرەو خوار کشا لەبەر دەرکی سەرای شار گیرسایەوە
خۆی تلاندەوە وەکو ئەو ساتەی باوەشی بە کوڕەکەیدا کرد
خەڵکی لە دەوری خڕبونەوەو ڕاستیان کردەوە هەر کەسە
لەبەر خۆیەوە قسەیەکی دەکرد:شێتە.. بورایەوە . . عەقڵی
تێکچووە . . غەریبەیە . . ئەویش لنگە فرتێی دەکرد
لەپڕێکدا جەستەی لەرزی و کەوتە گریان خەڵکەکە جەرگیان
پێی سوتا ئەویش خۆی لەدەستیان ڕزگار کرد لەگەڵ دور
کەوتنەوەیدا هاواری کرد : ئەمە چیرۆکێکە بۆ کوڕەکانتانی
بگێڕنەوە وەکو باوکتان بۆ ئێوەی باس نەکردووە . . ئەو
قسەیە هەمویانی حەپەساند لەپڕ دو پۆلیس پەیدابون
تفێکی تێکردن و بەکۆلانەکەدا سەرکەوت چووە بەردەمی
حەوشەکەی خۆیان لە دورەوە سەیری کرد وەکو خۆی
مابووەوە سەربانەکە هەڵگەڕابووەوە دەرگای حەوشەکەیش
گۆڕابو بەئاسنێکی دوتاکی بەرز ساتێك لێی ڕوانی ئەوسا
بەتوندی دەستێکی پیا کێشا پیرەژنێکی چەماوە لە دەرگای

ماڵەکەی تەنیشتەوە هات گورج ناسیەوە میمکە مریەم بو ئەویش سورێکی لە تەشیەکەیداو بەچاوە کزەکانیەوە لێی ڕوانی چاوی تێکەڵهات دڵی کەوتە سەر خورپەو بەو هێزەوە لێی پرسی:

خاڵە چیت دەوێت وەرە ئەم لاوە نەوەك بتگرن جاسوس زۆرە ئەم حوکمەتە زۆردارە بابەکەم ماڵەکە چاودێریان لەسەرە باوکە وەرە خۆت بزر بکە . . ئەم قسەیە شاڵ سەوزی ڕاپەڕاند بەپەلە لێی چووە پێشەوەو پێی گوت : دایکە من خزمیانم ئامۆزای خولە عەرەبانچیم بۆچی ماڵەکەیان مۆر کراوە؟ میمکە ساتێك دیقەتیدا ئەوسا چیچکەی کردو کەوتە گێرانەوەی ڕوداوەکە: سێ جاسوس و ئەفسەرێك کوژران بە سەر شیرواندا ساغ کرایەوە رۆژی قەدەغەبونی هاتوچۆ خۆی و ژنی گیران و زیندە بەچاڵکران منداڵێکی شیرە خۆرەیان ماوە لای ماڵی باوکی ژنەکەیەتی ئاوها باوکەکەم..شاڵ سەوز توشی کارەساتێکی دڵتەزێن هات لەپڕ دانی بەخۆیدا گرت لەگەڵ تەوژمەکە کەوتە جەنگی دەرونیەوە بەو هێزەوە لە میمکەی دوپات کردەوە: میمکە من ئامۆزای خولە عەرەبانچیم ئەو چی لێهات؟.. میمکە توشی چیرۆکێکی درێژ هات پەنجەکانی خستە قژیەوەو ڕوداوەکەی کورت کردەوە : چەند ساڵ و عەیامە خولە دیار

نەماوە کوڕێکی کوژرا ژنەکەیشی بورایەوە خەڵکی گوتیان مرد خولەیش بەوە ژانی مەرگی گرت سەری هەڵگرت و ڕۆیشت ئیدی کەس نەیدییەوە ژنەکەیشی دوایی هاتەوە سەر خۆی ڕۆژی دوایی ئەم کوڕەی بو پاش سێ ساڵ بە خەفەتەوە مرد کوڕەکەیشی کەوتە لای من هەتا خوێندنی تەواو کردو ژنی هێنا ئەو کاتەیش ئاوهای لێهات..کفنپۆش لەرزی لە تاوا قریشکەیەکی کرد میمکەیش گیانی کەوتە لەرزین هەستی کرد خولە خۆی بو ویستی پشتێنەکەی بگرێت ئەو ڕۆیشت ئەمیش کەوتە گریان و چاوی تێبڕی ئەو بەتیژی دەکشا لە جولانەوەی قاچیەوە مۆسیقای بۆ مەرگە شاراوەکان لێدەدا هەتا ناو گۆڕستانەکەیش نەوەستایەوە ئەوکاتەیش بە هاوارەوە خۆی خستە ناوگۆڕەکەی ژانەکانی لەناو خۆڵەکەدا نوقم کرد یەکەم چرکەی هەفتەی مەرگی ناکاتی دەستی پێکرد لەگەڵ خۆرئاوادا خۆی پەیوەستەی خاك و خۆڵ کرد بروسکەی ناکاتی کەوتە چەخماخەو چرکە بە چرکە خەوە قوڵەکەی پەرەی بە جەنگی جیهانی مێشك و دەرونی دەدا هەر بەکتوپڕیش چاوی لێك نا وەکو مۆمیا لە سەر کەلێکەوە تەقییەوە گەلاڕێزانی خەونەکەی دایان پۆشی گەلاو گوڵ و گۆپکەو دارو درك و چرۆ دەوەرین و خاك بەو شالاوەوە کێش دەکرایە ناو دەریاوە ئەویش نوقمی ناو

شەپۆلی دەکرد سەر زەمینی شتەوە بەسەر شاخ و کێوو گردو تەپۆڵکەدا گەڕا بستە جێگای وشك نەمایەوە باران باری زوقم و سەهۆڵ و شەختە روانینی گرت لەوێوە داخزێنرایە ژێر زەوی دەستی بە پشتی گاجوتەکەدا هێنا ئەویش سەری لەقاند زەوی سەروبن کرد سەهۆڵ بەندان کەوتە سەر پشتی قوڕ توایەوە ئاگرو ئاو تێکەڵاوبون ئۆقیانوس شاڵاوی هێنا جارێکی دی جیهانی شتەوە وەکو یاریگای شەپۆل و ئاگرو یەئجوجی لێهات لەوێوە بەرەو تونێلی زولقەڕنەین کێش کرا شەوو ڕۆژێك لەو شاڵاوە ترسناکەدا گەردونی بینی ئەوسا چاوی هەڵهێنا نەیتوانی هەستێتە سەر پێ لەناو گۆڕەکەیەوە چاوی بۆ ئاسمان هەڵبڕی خوێناوێکی مەیوی هاتە بەرچاو لەتاوا دایخستەوە لەناو دەریایەکی ژاناویدا نوقم بو لە جیهانی ڕوانینیدا سوپایەکی گەورە پەرش دەبووەوە هەزاران سەرباز دابارین زرێپۆش بەدوای یەکدا ڕیزیان بەست تۆپ بە ئاسماندا دەنگی دەدایەوە درویێنەی مرۆڤایەتی دەکرا جەستە دەتوایەوە شیلاوگ و سك و منداڵدان دەبارین ئەمە مێشکی هەژاندو بێداری کردەوە بە هەمو هێزی قیژاندی قریشکەیەك ئێسك و پروسکی دەسوتاند خوێنەکەی وشك دەکرد توانای نەبو قاچی لەگۆڕەکەدا دەربهێنێت ماوەیەك چنگە کرێی کرد

ئەوسا بە لارە لار هاتە دەرەوە هەر دەلەرزی بەو مەرگە ناکاتەیەوە چووە لای مەرقەد دەستی بە ئاسنەکانەوە گرت و کەوتە ڕوانین و چاوی کوێربو بەلای ڕاست و چەپ و باکورو باشورو ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا چاوی گێڕا تروسکە لە ڕۆشناییدا نەمابو گوێی کەڕ ببو زمانی لە گۆ کەوتبو کەشی مرۆڤێکی سەوداسەری مەرگ کەوتە ناوخوێنە جۆشاوەکەیەوە هەردو دەستی گرمۆڵە کردو ڕویکردە مەرقەد : گەورەم هانام بۆ هیناویت نزام بۆ بکە با بمرم گەورەم..سەری داخست و بە کوێری بەرەو تەختە بەندەکە هەنگاوی نا ئەمە ترسێکی گەورەی پێدروست کرد شاڵ سپیش کولێرەو ئاوەکەی بۆ هێنا تەنیا پروشێك و قومێك ئاوی خواردەوەو ڕاکشا وێنەیەکی ئاگراوی جەستەی گرت مەنجەنیقێکی پڕ لە کڵپە دەورەی تەنی بو جەستەی دەسوتاندو دروست دەبووەوە سەر لەنوێ دەسوتایەوەو هاڵاو دەرونی دەگرت توانای قیژەی نەما سست و لاواز بەسەر تەختە بەندەکەدا ڕاکشا چرۆیەکی گیان کێشی تەزوی بە جەستەیدا دەهێنا لە تروسکەیەکی ترسناکەوە وێنەی ئەو ساتەی بیر هاتەوە کە لەگەڵ خەلیفە قالە چوار کاتژمێر خەوتن سەرتاپای بە ویردو نوێژکردن بە سەر چو دوا چرکە خەلیفە بۆ یەکەم جار ڕوی تێکرد : شاڵ سەوز

تـازە نـەمردین ئـەم سـاتە ترسـناکەمان نـەیتوانی گیانمـان بکێشـێت چـونکە هـەر کەسـێك ئەمـەی کردبێـت مـردووە وا دیـارە خـوا بـۆ کـاری گـەورەتر هـەڵی گرتوین..لەگـەڵ ئـەوەدا هـەردوکیان وێنـەی زنەکـەی شـێخەیان هێنایـەوە بەرچـاویان چۆن لە جەنگی خەیاڵی سەر بە بەرد کێشان و تێك ئالاّنـدنی مێشکیەوە چۆتە ناو ئەشکەوتێکی بـالاّو حـەوت ڕۆژ ویـردی مردنـی خـۆی تێـدا خوێنـدووە ئەوکاتـە گیـانی داوە ئـەوە پریاسکەیەکی شالاّو بەری شالّ سەوز بو زۆر حەزی لە گویّ گـرتنی ڕوداوەکـانی شـێخە پێخـواس بـو ئـەوە ببـووە هیـواو ئامـانجی زۆر کـات وێنەکـەی دەخسـتە بەرچـاوی قسـەی لەگەڵـدا دەکـرد: گـەورەم قـوتبی زەمـان دەمـەوێت گـویّ لـە نۆکەری خۆت ڕابگریت توشی حەسرەتی ژیان هـاتوم دودڵـم شـالاّوی گیـان دەرچـون یـەکالاّم دەکەنـەوە نـامرم گـەورەم چارەسـەر .. شـێخە دەهاتـە بـەر چـاوی وەکـو جـاران مێزەرەکەی بەخواری پێچرابووەوە برۆ گەورەکەی کـرژ کـرژ چاوی بە تیژی تیشکیان دەکێشا وەك کێومالّ بکەن دزداشە سپیەکەیشـی شـیتەڵ ببـو خـەتیان دەکێشـا تـەزوی تاوانیـان دەتـەنی پێلاّوەکـانی نیشـانەی بێـدادی ژیانیـان دەخسـتە ڕو تەسبیحێکی گەورە بەلاملیەوە شۆڕ ببـووەوە یـاری مردنیـان دەکرد لە گۆڕەکانەوە بەرز دەبووەوەو دەفڕین لەولاّتێکەوە بۆ

یەکێکی دی فریشتەو وەلی دەدواند چۆن باسیان لێکردبو بـەو جـۆرە بـە خـەیاڵ بـینی مەرگەکـەی ببـو بەدەفتـەری کارەساتەکانی شاڵ سەوزو چەندی کرد نەیتوانی لاسایی بکاتەوە لەو ساتەیشدا ئەو وێنەیەی بینی تەواو ڕاچەنی و هـاواری کـرد شـاڵ سـپی دەسـتی گـرت خسـتیە نـاو گۆڕەکەیـەوە لـەو ساتەشـدا لـە سـەر تەرمەکـەی شـریخەی قامچـی ون دەبینرایـەوە چرچـەکانی ناوچـەوانی وێنـەی هەزاران گۆڕستانیان لە بەر چاودا دەدایەوە لە چاوەکانی شـاڵ سپیشـەوە دەبـون بە دو جیهـانی تێکـەڵاو بەکەفەکـەی خەلیفە شاڵ سەزەوە دەبینرانەوە!!

# 8

تیشکی خۆره خەفەکە لەسەر تەرمەکە دەتوایەوەو لە گەروی ئاسماندا قوت دەدرا هێزە خۆ خواردووەکەی لوتکەو لاشان و لاپاڵی گۆڕستانی دەڕەنگاندەوە شەوقی گڵۆپەکانی ناو شاریش لەسەر گردەکەوە پانتایی زەویان ڕۆشن دەکردەوە شالاوی هێمنی تۆقێنەر دەهاتنە بەرچاو وەکو هەمو ڕەنگەکان لەسەر کەلەوە چاوشارکێ دەسازا بەجۆرێك لەناو شەپۆلی ڕوناك و تاریکی جیهاندا نهێنیەك حەشاردرابو وەکو جیهان بخەنە شەختە بەندەوە چرکەکانیش سست ببون و ڕوبەری گۆڕستانەکە گۆڕابو سەگەل بەکزی حەپەیان دەهات قروسکەیان لەناو گەرودا دەخنکا هەروەکو شێوەن بەچەمۆڵەیان بکەن کۆترو باڵندەیش لە ئاسمانەوە دەنوکیان لە زەوی دەژەنی شینە شاهۆکان لەگەڵ فڕینیاندا وەردەچەرخانەوە چاوەڕوانی

بانگـەوازێك بـون لاڕێ و جـادەو تولـەڕێش ڕێچـکەی شـارە مێرویـان پیـادا دەڕۆیشـت ئـەوانیش کـاروانی ژیانیـان دەگواستەوە لەنێوان گۆڕستانیشەوە ئابلۆقەیان دابو بەچوار دەوریـەوە سـەنگەریان گرتبـو مەلـەکانیش لەسـەر درەخـت و ئاسمانەوە دەنوکیـان بـەرەو ڕوی زەوی ڕاگرتبـو ئاسمـانیش دەمـی برسـێتی کردبـووەوە خـۆریش لەگـەڵ کۆچـی خۆیـدا بانگەوازی دەکرد ژاوە ژاوێکی هێمن گۆڕستانی گرتبو گەڵاو لـق و چـڵی بەهێواشـی دەلەرینـەوە گۆپکـەو گـوڵ و چـڵ و چرۆی بەڕزیوی بۆنی خۆیـان خـامۆش کردبو هـەوا شـنە بە هێزەکـانی دەسـوتاند هـەمو شـتێك لەگـەڵ هەناسـە خامۆشـەکانی شـاڵ سـەوزدا جـوت ببـون تـەنها گاسـنی بیرەوەری شاڵ سپی وێنەی هەیکەلێکی دینامیکی دەنواندو خەیاڵـەکانی دەکشـاند لـەم سـەری جیهانـەوە دەچـووە ئـەم سـەری بیری لـە ژیانـە ئاڵۆسـکاوەکەی ڕابردوی شـاڵ سـەوز دەکردەوە ئەو جارانەی کەبەو جۆرە وێنـەی مردوی دەنواند لـە پڕێکـدا ئـەو هیوایـەی شـەق دەکـردو زینـدودەبووەوە کارەساتی ئەمجارەی تەواو خەرمانەی ترسناکیان هەڵدا بـو هـەرگیز بـەو جـۆرەی نـەدی بـو تـەنیا جـارێکی تـر هەفتەیـەك وای لێهـات جیهـانی مێشـکی لـە مـەداری خـۆی دەرچـو بـو دەریایـەکی خـەمناك هێرشـی بـۆ دەهێنـا ڕاڕەوەکـانی ژیـانی

دادەپۆشی هەر لەگەڵ یەکەم چرکەیەوە شێواو ژیان لەبەر چاوی ببو بەتەڵەی تەقیو لە ناو ئەشکەوتەکەدا ڕاکشاو هاواری کرد زیرەی مەرگی پێگەیشت پاش ساتێك لە قیژە کەوت چەمۆڵەی لە خۆیداو لە پەل وپۆ کەوت سەدان وێنەی خەیاڵی کەوتبووە ناو نیگایەوە لەتاوان ئارامی لێبڕا لە ئەشکەوتەکە چووە دەرو لەسەر بەردێك دانیشت سەری خستە سەر ئەژنۆی هەردو دەستی بە سەریەوە گرت و توند گوشی چاویشی لە خۆڵەکەوە بڕیبو ماوەیەك بێوچان سەیری کرد لەوەوە بە بنی زەویدا ڕۆچو هەتا سەر پشتی گاکە ئەوسا قریشکەیەکی کردو بە هەردو دەستی سەری گوشی و توند چاوی نوقاند تاریکی ڕەنگاو ڕەنگیان پیادا دەهات ئەمسەرو ئەوسەری جیهانی دەبڕی هێڵی ئیستیواو قولەی قاف لە پڕ لەناو گەرداوی دوای کۆتایی هێڵی سفرەوە دەکەوتە خوارەوە لەناو گەردەلولی تەم ومژودا دەسوڕایەوە دیسان دەکەوتەوە قیژە لەپڕێکدا تەخت لەسەر تەختە بەندەکە ڕاکشا توند سەری پیایدا کێشرا بەوەیش ئەو خەیاڵەی نەپچڕا گەردیلەکانی ئاسمان و مانگ و مەریخ و زوحەل و هەر حەوت چینەی هەوا هەموی بەرچاویان گرت بەسەر ئەستێرەکانەوە وەکو مەلی خەیاڵی دەخولایەوە لە ناکاوێکدا کەوتە ناو دۆزەخ و خێوێك هاتبووە بەرچاوی

لاچونی بۆ نەبو بە ئامان و زەمان لە بەرچاوی نەدەفڕی لەپڕ دەستی خستە بینە قاقای قرخە قرخی پێخست و قیژەی دەکردو دەکەوتە هەلەکە سەما ئەو لێی جیانەدەبووەوە بە ناو خوێنەکەیدا هاتوچۆی دەکرد تاڵە دەزووەکانی بەرچاویشی خراپتر تێك دەئالاند ناچار بەسەر خۆڵ و دارو بەردا تلایەوە جەستەی سەر خوێن نیشت و هۆشی بەخۆی نەما شاڵ سپیش باوەشی پیا کرد لە ناو ئەشکەتەکەدا ڕایکێشا بەو جۆرە سێ شەوو ڕۆژ مایەوە لەناو ئارەق و خوێناوی مەیودا شەلاڵ ببو لەپڕ بە قیژەوە هەستاو سەری بە تاشە بەردەکاندا کێشا بە هەر چوار لادا خۆی کێش کردو دەتلایەوەو سەرمەقولاتی دەدا جیهانی مێشکی لە مەداری خۆی دەرچوبو نەدەهاتەوە جێگەی خۆی لەپڕ جەستەی کەوتە سەر خرۆش لەسەر بەردێك کرۆشکەی کرد لەوێشدا ئۆقرەی نەگرت و کەوت شاڵ سپیش ئاوی بەسەرو چاویدا هەڵپرژاند نەختێك نانە ڕەقی دەرخوارد دا بە هیچ جۆرێك چاری نەبو بەدەردی شێخە پەڕۆی لێبەسەر هاتبو ئەویش دو ڕۆژ بەبێ هۆشی کەوت کاتێك ڕاست بووەوە لە ئەشکەوتەکەوە ڕاپەڕییە دەرەوە لەسەر تاشە بەردێك وەستا خەنجەرەکەی دەرکێشاو پرۆڤەی جەنگی پێدەکرد وێنەکانی بەرچاوی لەت لەت دەکرد شەپۆلەکانی پێدەدڕی

ورده ورده هەنگاوی دەنا هەتا گەیشتە بەر ئەشکەوتەکە لە پڕێکـــدا کـــەوت خـــوێن لەســـەریەوە فیچـــقەی کـــرد خەنجەرەکیەیشی لەدەستی پەڕی شاڵ سەوز بەهانایەوە چو بەمێزەرەکـەی سـەری بـۆ بەسـت ئەوسـا باوەشـی پیـا کـرد بردیەوە جێگەکەی خۆی بەو ئازارەوە خەیاڵـەکانی مێشکی پچـڕاندو بەیـەکجاری چـاك بـو مـاخۆلانی ئـەم جـارەی شـاڵ سـەوز وەکـو ئـەوەیش نـەبو هەرچـی لـە خۆیشـی ڕادەمـا ترسـێکی زۆر دەیگرتـەوە قیـژەو هاوارەکانیشـی ئـەو بـەر بەستەیان دروست دەکرد بۆیە بەناچاری کەوت و دو شەوو دو ڕۆژ ڕاکشا کاتێك ڕاچەنی قیژەیەکی کرد لەگەڵ ڕاست بونەوەیدا سەری بەئەشکەوتەکەدا دراو خوێن فیچقەی کرد ئازارێکی وای پێبەخشی خستیە سەرە مەرگەوە بەو ژانەوە بێـدەنگ بـو شـاڵ سـپی سـەری بـۆ بەسـت بەمـەش خـوێنی نەوەستایەوە ناچار نیوەی مێزەرەکەی سوتاند سوتووەکەی لەسەر برینەکەی دانا بە نیوەکەی تری بۆی بەست ئەو کاتـە خوێنەکەی گیرسایەوەو بێهۆش کەوت پاش سێ کاتـژمێر چاوی کـردەوە هـاتبووەوە سـەر خـۆی کـە لـەخۆی دەڕوانـی پێدەکەنی پاش ئەوەش هەتا یەك هەفتـە هـەر گێـژبو توانـای ڕۆیشـتنی نـەبو لەوکاتـەوە ڕوداوی وا تۆقێنـەری بەسـەردا نـەهات بـو تـا لـەم هەفتـە مەرگاویەیـدا بەیـەکجاری خسـتی

پێشهاتێکی نەزانراوی دەخستە بەرچاوی شاڵ سپیش هەزاران فلیمی ڕەنگاو ڕەنگ بەخێرایی بەلایدا تێدەپەڕین ئەو ژیانە سەختانەی پێشوی دەهاتەوە بەرچاوی ڕاچەنین و هەڵمەتە خێراییەکانی شاڵ سەوز ڕاکردن بەسەر شاخ و لاپاڵ و گردو تەپۆڵکەو تاشە بەردو تاوێرو دارو بنجگ و بەرزایی و نزمایی و سەرماو بەستەڵۆك و بەفرو باران و تەرزەو ڕەشەباو گەردەلول و هەمو ئەو ساتانەی وەکو خێوی ئاسنین جیهانی دەدڕی لە هەمو سەرمای شاخەکاندا تەنیا لە ژێر دشداشەکەیەوە شەڕواڵ و مراخانیەکی لۆکەی لەبەر دەکرد ئیدی بێ پێخەف و راخەر دەخەوت وەکو ئاسکی بەفر بێت سەدان شەو لەبەر ڕەهێڵەدا گەڕا لەناو تۆفاندا لە ئەشکەوتەکاندا زکری دەکردو خەڵوەی دەکێشا بەدەگمەن ئاگری دەکردەوە مەگەر بۆ برژاندنی مەلێك چەرخە نەوتیەکەی داگیرساندایە گڕی لە چیلکەو دار هەڵایساندایە هەمو ساتێك پێش بەفر بارین چەند ڕۆژێك شاخەکەیان دەماڵی دەوەنو گەڵاو ڕەگ و پەلوپۆی داریان کۆ دەکردەوە ئەشکەوتەکەیان پڕ دەکرد جار جارە ئاگرێکیان دەکردەوە خۆیان لە بەردا گەرم دەکردەوەو گۆشتی باڵندەیەکیان دەخستە سەر ڕچەیەیان تەنیا لە گردی گۆڕستانی شار شکا لێرە کەوتبونە ناو گۆڕەوە ئەو شەوو ڕۆژانەی بەفر

گۆڕەکـــەی دابپۆشـــینایە لای زێوانەکـــەی مەرقـــەد لـــە ژێـــر چـــەترەکەیدا ئارامیـــان دەگـــرت شـــەوانی زســـتان و بـــاران نەدەچـونە نـاو گـۆڕەوە تەهلیلـەیان دەخوێنـد ئـەم ژیانـەیان جیاواز بو لە ڕۆژ بەسەربردنی ئەشکەوتەکان ئـەو ساڵانەیان بەشـێك بـو لـە مردنێکـی ڕوت زۆر شـەو بەبرسـێتی لەبـەر کرێوەدا لەو شاخەوە خۆیان بە گوندێکدا دەکرد بنە تۆڵەیەك نان و کولێرەیان کۆدەکردەوەو بۆ ژوانەکەیان هەڵدەگەڕانەوە بە نانـە ڕەق و کـولێرەو گـژو گیـا دەژیـان تـەنیا لـە مەرقـەدو تەکیەکانـــدا چێشـــتیان دەخـــواردو میـــوەو ســـەوزەی شـاخەکانیش بـەلالۆك و گـوێزو هـەرمێ و تـرێ و بـەڕەزەو کـارگ و ڕێـواس و هـەنارو گێلاخـەو سـێوو هـەڵوژەو بـەهێو کاڵەك و ترۆزی و پونەو کوزەڵەو شـتی تـر زۆر جار دەهاتنـە سـەر ڕێگـەیان ئیـدی لـە تـەواوی خـواردنی تـر بـێ بـەش بـون زستانان کاتێك زەوی دابپۆشرایەوە دەکەوتنـە کۆکردنـەوەی نان و دەچون بۆ مەرقەدەکان یاخود لە گوندەکانی دەوروبـەر ڕاتبـەیان دەکـردو دەگەڕانـەوە شـاڵ سـەوز قاچـی وەکـو بـاو جەستەی وێنەی کەشتی بو بە هـەمو شـوێنێکدا بـازی دەداو دەفڕی وەکو پـێ نەخاتـە سـەر قورسـایی بـەردو دارو خـۆڵ و تـەنیا بـە حـەواوە بفڕێـت هـەمو ئـەو شـەوە سـەختانە ئـەو ڕاسـتییەیان دەگوتـەوە شـەوێك بەتـەواوی ئـەوەی سـەلماند

کاتێك گژو گیا بەفر گرتی شاڵ سپی لە برسان کەوت پرزەی لێبڕا شاڵ سەوز سەیری کرد فرمێسکی هەڵڕشت و هێزی دایە بەر خۆی و پێتاوی پێچا بەسەر شاخەکەدا دایکێشاو خۆی کرد بە گوندێکدا لە ماڵێك بنە تۆڵەیەك کولێرەو نانی وەرگرت و بە شاخەکەدا سەرکەوت کاتێك گەیشتەوە لای شاڵ سپی دەمەو بەیانی لەبەر تریفەی تاریك و ڕونیدا بە زەردەخەنەوە لەو ئازارەی دەڕوانیەوە نەك ئەوە چەند جاری تر بەو چەشنە شاڵ سەوزی بینی بە هەمان چەشن ڕاڕەوەکانی ژیانی دەبڕی و بەناو گەردەلولدا دەفڕی جەستەی مۆمیای بێ خۆراکی و بێخەوی ببو توێخی قاچی ئەستور ببون بە پەڕۆی سوری بەر پێی دۆڵ و شیوو بەردەلاّن و لاڕێ و لاپاڵ و لوتکەو دامێن و قەدپاڵ و کون و قوژبن و کەلەبەرو ئەشکەوتدا دەگەڕا تکەی خوێن و عارەقی بەسەر خاك و خۆڵ دارو بەردیدا دەڕژاند پاش گەشتێکی بیست و حەوت ساڵانە سێ ساڵ بو هاتبووەوە ناو گردی گۆڕستانی شارو ئێوارەو بەیانی لەو دیمەنەی شاری دەڕوانی هەورو هەناسەی ئاگراوی بەئاسمانەوە دەدیەوە دەکەوتە گریان و پەڵەی شەهوەتی سپی ناوچەوانیان دەتەزاند هەفتەیەك بو زیادیان کردبو ئاسمانی شارەکە بەپەڵەی سورو سپی تەندرابو وەکو بروسکە دەهاتنە

بەرچـاوی کوێریـان دەکـرد دیـدەی بەتـەواوی لێڵیـان پیـادا هـاتبو شـاڵ سـپی هەسـتی پێکردبو دەیزانـی کـە دەڕوانێتـە دوکـەڵ و چەرچـەفی خوێنـاوی شـار ڕۆشـنایی دادەپۆشـێت چەند جـار بـە نابینـایی بینی باوەشـی پێدا کـرد پێـنج ڕۆژ پـێش مـەرگی ئـەو کوێرییـە گرتییـەوە هـەر کـە لـە گۆڕەکـەی ڕاپـــەڕی گۆڕســـتانەکەی هەژانـــدو هـــاوارو ناڵـــەی پـــەرش دەبـووەوە گـەڵای دارەکـان لـە بـەر توڕەییـدا دەوەریـن ڕوی کردبووە شارەکەو سەرتاپای جەستەی کەوتـە سـەر چۆقەی مەرگ وەکو شەقشەقە ڕادەوەشی بروسکەی مردنـی شـاراوە مۆسیقای مەرگی ناوەختەیان بەگوێچکەدا دەهێنا لە جێگەی خۆیـەوە کوێربـو ڕۆژان لـەو کوێریـە ڕزگـاری دەبـو ئـەمجارە ڕۆشـنایی لەچـاویدا نـەما لـە تـاوان دەسـتی خسـتە سـەر قـــەراغی گۆڕەکـــەو پیایـــدا هـــەڵزناو هاتـــە دەرەوە هـــەر کەهەنگاوێکی هەڵهێنا کەوت و تلایەوە هاوارێکی کـرد شـاڵ سپی کتوپڕ چووە سەری ڕاسـتی کـردەوە شـانی خسـتە ژێـر بـاڵی و لەسـەر تەختـە بەندەکـە داینـا ئـەویش هـەر دەلـەرزی شالاوی تۆقێنەری گۆڕەکەی چەرچەفی خەویان پیادا دەهێنـا قامچی یەك لە دوای یەك لێیان دەدایـەوە گورزی فریشـتە بـە ئاگرەوە بە جەستەیدا دەهات مووەکانی دەسوتا لـە پڕێکـدا هەسـتی کـرد دەخرێتـە نـاو تێزابـەوە جەسـتەی دەبێتـە

قـەرەبروت دوایـی زینـدو دەبێتـەوە زۆر کـات خـەوی بـەو گۆمەوە دەدی ساڵێك پتر بو ڕوانینی تەڵخ کردبو لەو کاتەی بۆیان گێڕابووەوە دەمارەکانی خرۆشیان گرت لێدانی دڵی توند تربو جەستەی زنجیر کراو دەهاتنە بەرچاوی وێنەی ئەو کوشتارخانەیە لەخوێنەکەیدا دەگەڕا دەبو بەئازارێکی بێچارەسـەر بـە ڕێکـەوت ئـەوەی کەوتـە بـەرگوێ دو هەفتـە لەوەوبەر دو ژن توشی ئەو سزایەیان کردبو لەسەر گۆڕێك دانیشتبون دەگریان و هاواریان دەکردو دەکڕوزانەوە قژی خۆیـان دەڕنیـەوەو دەتلانـەوەو بـە دەنگـی بـەرز گۆڕستانەکەیان وروژاند بو شاڵ سەوز لەرز بە جەستەیدا دەهـات لێیـان نزیـك کەوتـەوە پیرەژنێکـی حـەفتا سـاڵانەو ژنێکی قەیرە گۆنایان ڕنی بووەوە دەم و چاویان خوێناوی ببـو لـەپڕ ژنێکـی پـیر هـات گۆچـانێکی بـە دەسـتەوە بـو جلەکانی دڕاوو شیتاڵ چەند ملوانکەیەکی لەملی کردبو لە دورەوە هەلهەلـەی دەکێشـا منـداڵان دوای کـەوتبون و هاواریان دەکرد: خاتە شێت ئەوەتا خاتە شێت.. ئەو ئاوڕی نەدایەوە یەکڕاست هاتە لای ژنەکانەوەو قیژاندی: مەگرین کـوا گـۆڕی حەمـەم مەگرین..ژنـەکان حەپەسـان ئـەویش بـە هـەمو هێـزی قریشـکاندی و کەوتـە لاواندنـەوە: حەمـە تاقانەکـەم کـوا گۆڕەکـەت؟ دایکـت شـبر بێـت حەمەکـەم کـوا

گۆڕەکەت..بەو قسەیە هاری گرتی و سنگی خۆی ڕنیەوەو هاواری کرد منداڵەکانیش بانگیان بە سەردا هەڵدەدا: خاتە شێت هێی هێی خاتە شێت.. خاتە لەشارەکەدا بەناوبانگ بو دو مانگ بو شێت ببو ڕۆژانی هەینی دەهاتە گۆڕستان و قیژەو هاوارەکەی بە شاڵ سەوزی ناساندبو لەو ساتەشدا مێشکی جۆشاندو سەرنجی بەلای خۆیدا کێش کرد وێنەی لەناو ئەو جەستەیەدا توابووەوە ئەویش پتر گەرم ببو سەیرێکی ژنەکانی کردو کەوتە قریشکەو دوایی هێدی بووەوەو کەوتە گۆرانی گوتن: کوڕی من بێ گۆڕە..حەمەی بە تێزاب سوتاو هێی خوا خوا..قیژەی بەرزبووەوە شاڵ سەوز هەر دوچاوی نوقاندو ڕوی وەرگێڕا ژنەکانیش لە ترسان هەستان و ڕۆیشتن لە ساتێکدا سێ ڕەشپۆش وەکو ئالای تاریکی بەرزبونەوەو خاتە بەرەو خوار کشا کفنپۆش بەو دیمەنە خوێنەکەی خرۆشاو بە قریشکەو هاوارەوە خۆی لەناو گڵی گۆڕەکەیدا پەیوەستە کردو دەزولەی قسەکانی خاتە پەتی سێدارەیان بۆ هەڵدەخست ئاسمان لە بەر چاوی دەتوایەوە جەستەی خۆی لێ ببو بەجۆلانەو پیایدا هەڵواسرا بو گۆمێکی تێزاب لە ئاستیدا بو فڕێ درایە ناوی و جەستەی توایەوەو لە تاوا قریشکەی کرد ئەوسا وێنەی ئەو بەندیخانەیەی هێنایەوە بەرچاوی لاوێکی هەژدە ساڵان

بە زنجیرەوە فڕێ درایە ناوی دو ئەفسەر لەم لاولایەوە وەستا بون دەمانچەکانیان ڕەنگی تێزابی گرتبو قاقایان دەکێشا لە پڕ زەنگێك لێدرا ئەفسەری یەکەم لاوێکی تری هێنا پێیگوت : ڕاستی بڵێ ناوی خۆت و ئەوانەی دەست نیشان کراون..لاوەکە پێکەنی و خەندە سێبەری ئازارەکانیان نیشان دەدا ئەفسەری دووەم قامچیەکی لێداو قیژاندی: تاوانت کردووە یاخی جەنابی (س) ئەفسەرت چۆن کوشت..لاوەکە زەردەخەنەکەیشی کوشت و گرژبو وەڵامی نەدایەوە ئەفسەری یەکەم دەمانچەکەی خستە سەر سەری پێیگوت : چرکەیەکت ماوە داماو ڕاستی یان توانەوە..لاوەکە ددانی جیڕ کردەوەو ورتەی لە دەم دەرنەهات ئەفسەری دووەم پەنجەی بە زەنگەکەدا نا ئەوسا ئەویش فڕێی دایە ناوی کفە کف سوتاو شاڵ سەوز بەو وێنەیەوە مێشکی خۆی گوشی توانای قیژەی نەما دەمارەکانی ئاوسابونو سەرتاپای ئاسمانی لێبو بەتێزاب بەو ئازارەوە دەرپەڕی و چووە سەر تەختە بەندەکە چرکەی لەخۆی بڕی و جەستەی ئاوساوی ئەو ئازارەی لێوە دەردەکەوت لەم ساتەشدا وێنەی ئەو کاتەی زیندو دەکردەوە شاڵ سپی بەدیاریەوە هەناسەی ساردی هەڵدەکێشاو بەسەر ژیانی ئازاراویدا دەچووەوە

بیرەوەریـەکانی شـیدەکردەوە ئـەو سـاتانەی لـە بـەردەمی ئەشـکەوتەکەدا دادەنیشـت لەمەریخـەوە هـەتا جیهـان و گـەردون و ئەستێرەو دۆزەخ و بەهەشتی پـاس دەکـرد تاقـە شـتێك کـە نەدەچـووە سـەری باسـی خـۆی بـو هەمیشـە دەیگوت: منداڵ و کوڕو کچ..هەروەکو دایك و باوك و منداڵی نـەبوبێت شـاڵ سـپی زۆر جـار دەیویسـت ئـەو پرسـیارەی لێبکات ئەو هێزەی دەخنکا ئەویش ئەو نهێنیـەی تـەنیا لـە بـەر خۆیـەوە هەڵدەڕشـت : خوایـە لـە گـۆڕو گۆڕسـتان و ئەشـکەوتدا سـەوڵی تـەنیایی لێـدەدەم نهـێنی ئـەم گەردونـە وەکـو لافـاوی نـوح وایـە ملـی دارو بـەردو دارو شـاخ و کێـو دەشکێنێت کـەس سـەر لـە نهـێنی گـەردون دەرناکـات خوایـە خوایـە. .لـە تـەواوی ئـەو ژیانەیـدا ئـەو بـیرە وەکـو خێـوەت دەوری تـەنی بـو هۆشـی بـە خـۆی و ژیـان نـەمابو ڕاڕەوی تـاریکی دودڵـی خستبویانە نـاو جیهـانێکی سـەرگەردانەوە بـەناو تولـە ڕێـی دژواردا دەگـەڕاو حەشـارگەیەك لـەخۆی نـەدەگرت تاقـە سـێبەرێکی ژیـانی خەڵوەکێشـی بـو چـەندە کۆششـی کـرد پلـەی ڕونـاکی گـەردونی نەدیـەوە جارێـك بـەو شـەپۆلەوە تـوڕەیی گرتـی : مێشـکم لـە تەقینـدایـە ژیـان بـزر بـووە سـەیرە مـادام مـرۆڤ ناتوانێـت سـەر لـە نهـێنی ئـەم گەردونـە دەربکـات مانـای هەسـت بـەبونی خـۆی ناکـات

نهێنیش بزرە . . دوای ئەوە هاواری کردو دەنگی بە ناو هەواکەدا پەرش دەبووەوە هەتا گەیشتە دوا پێناسەی مرۆڤ : تەنیا لە کاتی لە دایك بون و مردندا بونی خۆی دەسەلمێنێت کە خۆی بێ هۆشەو ناتوانێت هیچیان بۆ بگێڕێتەوە ئەوەیە ئاوێنەی ژیان . . ڕوانینەکانی جیهان لەبەر چاویدا تەڵخ بون جگە لەوانەش نهێنی خۆی حەشار دەداو شاڵ سپیش هەوڵی دۆزینەوەی ناخی دەدا لەو هەمو ماوەیەدا هیچی بۆ نەدرکاند تەنیا یەکەم جار نەبێت کەچاوی پێی کەوت ئەو سەرگوزشتەیەی خۆی بۆ گێڕایەوە ئەویش گریاو دەستی بەسەر شانیدا کێشاو چەقۆی لە ژانەکانی خۆیشیدا: ڕۆڵە منیش جگەرم سوتاوەو هاوژانین ..تەنیا ئەوەی گوت ئەویش لێوی خۆی گەست ئیدی لەوە دوا ئەو پەردەیەی وەکو پێستی ژیژك دەردەخست شاڵ سپی نەیدەتوانی هیچ شتێکی بزانێت تەنیا هەستی بە تێکشکاندنی ژیانی کردبو لەو هەفتەیەشدا لە جەستەی خۆیدا گۆڕابو گومانەکانی شاڵ سپی ژیانی شیدەکردەوە ئەویش بە جۆرێك شێوابو هەر لەزرێپۆشەکانەوە هەستی بەئاوێنە شکاوەکانی ژیانی کردو نهێنی تەرمەکان و چونی بۆ ناو شارو لەوساتەوە شاڵ سەوز لە بەرچاوی ببو بەئەستۆڵی جەنگی گەردونی بە ئاشکرا ئەو وێنەیەی لێ

دەبینیــەوە ئــەوە لــەلای خۆیشــی ڕون بــو دە ڕۆژ لــەوە بــەر توشی ئەو بارە ترسناکە هات دەمەو خۆرئاوا ڕاپەڕی چووە ســەر دونــدی گۆڕســتانەکە ویســتی بفڕێــت بــاڵی کــردەوەو ڕویکــردە بۆشــایی جیهــان لەوســاتەدا لاوێــك لــە دامێنــەوە سەرکەوت هاواری کردو زنجیرەی بیرەکانی پچڕاند کاتێك سەیری کرد حەپەسا خوێن بەجەستەی لاوەکەوە بریسکەی دەدا کاتێــك گەیشــتە بــەردەمی کــەوت و دەمانچــەکەی لەدەستی پەڕی شاڵ سەوز هەڵیگرتەوەو باوەشی پیا کرد بردی لەپاڵ مەرقەد داینا لەگەڵ شاڵ سپیدا قۆڵی مراد خانیەکەیان بڕی و گوللەیەك لە دەستی چەپی درابو نیوەی جامانەکەیان سوتاندو کردیان بە پڵیتەو لەسەر برینەکە دایان ناو بە نیوەکەی تر بۆیان بەست بریندارەکە بەوە هاتەوە سەر خۆی و لەتێك نانی دەرهێناو کەوتە خواردنی ئەوسا داوای ئاوی کرد شاڵ سەوز نیشانەی مەرگی بۆ گرتەوەو ترساندی ئەویش بە شەکەتیەوە ڕاکشا لەو کاتەی سەری تەخت بو نهێنی خۆی ئاشکرا کرد: دەمەوێت بڕۆم لێرەبم سورەکان دەمکوژن خوا ناناسن . .کفن پۆش ڕەنگی زەرد بو بە تورەییەوە لێی دوبارە کردەوە : سور کێیە؟ لاوەکە جۆش گرتی: دەڵێن خوا نیە . . کفن پۆش موی جەستەی ڕاست بووەوە وشەکانی لەگەڵ گڕی دەرونیدا

دابارین: ڕۆڵە ئەوان دەیڵێن تۆ مەیڵێ کفر مەکە خێرا تۆبە بکە . . لاوەکە لە ترسا چرپەیەکی کردو ورتەی لە خۆی بڕی ئەوسا چاوی بڕیە تاریکاییەکەو بەئازارەوە ئێشکی گرت لە نیوە شەودا چرکەیەك لەلای ڕۆژهەڵاتەوە پەیدابو دەنگە دەنگ دەستی پێکرد لاوەکە گورج هەستاو دەمانچەکەی بەدەستەوە گرت و چووە پاڵ کێلێك لە کاتێکدا ناوی هاواری کەوتە بەر گوێ کتوپڕ دەنگی بەرز کردەوە : هاوار من شاهۆم . . چەکدارەکان بڵاوبونەوە ئەویش یەکڕاست چووە ناویانەوە شاڵ سەوز سەیری کردن هەتا لە چاوی ونبون بەو کرۆکەوە مایەوە بەیانی لەگەڵ شەفەقدا کۆمەڵێك چەکدار بەناو گۆڕەکاندا بڵاوبونەوە یەکێکیان لە شاڵ سەوز هاتە پێشەوە : تۆ چیت لێرەدا . .؟ شاڵ سەوز بە تووڕەییەوە وشەکانی لەدەم دەرپەڕی : کفن پۆشم . .چەکدارەکە پێکەنی بەگاڵتە جاڕیەوە پێیگوت : کفنپۆش مانای چی ..؟ شاڵ سەوز دەنگی بەرز کردەوە:مانای خوا پەرستی . . ئەویش ددانی جیڕ کردەوە : من خوا دروستی نەکردوم خۆت گێل مەکەو بڕۆ بەلای کارێکەوە . .بەم قسەیە خوێنەکەی گڕی گرت ئاگر بە بەرچاویدا دەهات لە پڕ تورەیی گرتی : گەورەیی خوا لەوەدایە کە دیار نیە ڕۆڵە بەسە کفر مەکە. . ئەوەی گوت ژیان لە بەرچاویدا تاڵ بو

بەهــەمو هێــزی قریشــکاندی و ســەربەرەو خواربــووەوەو هـاواری کـرد :خوایـە شـێی کفر بەلامـدا هـات بمپارێزیـت . .سیْ فیشەك بە سەریدا هەڵتۆقی ئەویش لەسەر گردەکەی ئەوبەرەوە قاچی لە زەویەکە گیر کردو دەردی دڵی خۆی بۆ شـارەکە هەڵرشـت : ئـەم شـارە لـە نێـوان ئـاگرو شـەپۆلدایە جەسـتەی ژن و منـداڵ دروێنـە دەکرێت. .بەو قسـەیە چووە نەدیویـەوە مێشـکی بەزەویەکـەدا کێشـا کاتێك چەکدارەکان گردەکەیان چۆڵ کرد ئەویش چووە سەر مەرقەد دەستی بە ئاسنەکانەوە گـرت و کـەف دەرونـی پـەرش کـردەوە: قـوتبی زەمان تکا کارم بە باخوا بمکوژێت لەم ژیانە ڕزگارم بکات تەمەنم حەفتا ساڵە کاتی مەرگمە. .تورەیی گرتی چاوەڕوانی گیان دەرچون جەستەی خستبووە سەر خرۆش لەوساتەشدا شـاڵ سـپی لـە شـار هاتـەوە بـەو پەشـۆکاویەوە چـاوی پێـی کەوت وشك بو ویستی قسەی بۆ بکات کتوپڕ ڕێگەی لێگرت : هیچم بۆ باس مەکە بەسە بەس باسی شارەکە مەکە . .شاڵ سپی بێدەنگ بو لەوساتەوە گومانـەکانی دەسـتیان پێکردبـو لە مەرگەساتی تری دەڕوانی بەسەر بیرەوەری شاڵ سـەوزدا دەچووەوە ئەوەی ببووە نهێنی و کرۆکی گومانی شاڵ سپی چـونی شــاڵ ســەوز بـو بـۆ شــارو بــە درێــژایی تەمــەنی خەڵوەکێشـی بیری لـەوە نـەکردبووەوە پـیْ بخاتـە نـاو شـار

بچێت نانێکی تیا بخوات کەچی شەوێك لە خەو ڕاپەڕی قریشکاندی هەر وەکو دەزو بەپەنجەیەوە گیرسایەوە بەئامارژە شاڵ سپی تێگەیاند خۆی بپێچێتەوە لەساتێکدا بەجوتە لەو ئەشکەوتە هاتنە دەر بە شاخ و لاڕێو دەشت و تەپۆڵکەدا ڕێگەیان بڕی هەتا گەیشتنە گردی گۆڕستانی شارو شاڵ سەوز ئاسنەکانی مەرقەدی ڕاوەشاند لەبەر گومەزەکەدا تلایەوە شاڵ سپیش لاسایی ئەوی دەکردەوە پاش ئەوە دو گۆڕیان هەڵکەند تیایدا مانەوە ئەوە نهێنیەك بو لەلای شاڵ سپی نەیتوانی ئەو پرسیارەی لێبکات هەتا ئەو پاش مانگێك ئەو نهێنیەی بۆ درکاند : ئەم زاتە کەمەند کێشی کردوین شەو بەخەو پەلی گرتم هەتا ئێرە .. ئەمە ڕوبەرێکی نوێی بۆ شاڵ سپی کردەوە لەوە بەدواش لەو جێگەیەدا مانەوە شاڵ سەوز نیگای بۆ شارەکە هەڵدەفڕی کاتێك ئێواران گڵۆپەکانی شار هەڵدەکران سەیری دەکرد ئەوسا قسنەکەی ڕادەوەشاند پەیمانی بۆ دوپات دەکردەوە : گەورەم گەورەم قوتبی زەمان .. شاڵ سپی بەو قسانە پرسیاری بۆ دروست دەبو لە نێوان شاری خەڵوەو گۆڕستاندا جۆلانەیەکی دەدیەوە ئەویش تەنیا جارێك لەبەر خۆیەوە ئەو ڕازەی بۆ دەربڕی : خەڵوەو ئەشکەوت تەنیا باوەڕ زیاد دەکەن نهێنی نادرکێنن تەنها مرۆڤی خەڵوەکێش

لە خوا نزیك دەكاتەوە .. ئەزمونی چەند ساڵەی ئەو بڕوایەی پێهێنا بو هەر لەوكاتەی شێخە پەڕۆ لێی جیابووەوە ئەو گومانەی بۆ دروستبو لەكاتێكدا بەگریانەوە ئامۆژگاری كرد : نهێنی تەنیا خواپەرستییە ئەوانی تر هەمو لە زانستی خوادان جیاوازی وەلی و ڕەشۆكی ئەوەیە ئەم نزیكە لە باوەڕەوەو پاكە .. ئەو قسەیە موی شاڵ سەوزی گرژ كرد ڕۆژ بە ڕۆژ گومانی پەرەی دەسەند هەتا ئەوانەو گەرداوی تۆڕی ئەفسانەیی ژیان ڕیشەی ژیانی لە ئەشكەوت دەرهێناو هاتە ناو گۆڕستان چەند ساڵ لەناویدا ژیا دەزولەكانی مێشكی ئاڵۆزتربون ڕۆژێك بە ئاشكرا ئەو ڕازەی دەربڕی : خوایە ئەمەیش گۆڕستان نهێنی وەكو بونی خوا نادیارەو مرۆڤ ناتوانێت بیاندۆزێتەوە .. دوای ئەوە ژیان لە بەرچاوی تۆراو خۆی بەمادەیەكی بێگیان دەدیەوە شاڵ سپیش هەستی پێكرد كە ئامانجی چیەو هەر لە ڕوانینی لوتكە شاخی باكورەوە هەتا گلۆپەكانی شار لەم ساتەشدا كە لێی ورد دەبووەوە نیگای دەشێوا هالاوێكی گوماناوی دەبینیەوە وەكو ژانەكانی بەو كەفەی سەر لێوی ببینێت لەوەوە سەیری گەشتە حەوت ڕۆژەكەی دەكرد دەیزانی ژیانی لە قاڵب دەرچووە لەگەڵ یەكەم چركەی ڕاكشانیەوە تەونچنی نابینا لە خەیاڵ و بیرو هۆشیەوە ئالابون شەوو ڕۆژێك بێهۆش

کەوت و خەوی بە گەردونەوە بینی کاتێك چاوی کردەوە کەوتە شەپۆلی مردن و ژیان و حەوت ڕۆژ بەو جۆرەبو دوا ڕۆژ هەمو هیواکانی لەو خەوەدا هاتە دی کاتێکیش ڕاستبووەوە لە بەر چاویدا دەخولانەوە دوای ئەوەیش لە سەر تەختە بەندەکە ڕاکشا قومێك ئاوی خواردەوە بەسەر ڕوبەری ڕاست بونەوەی گۆڕەکەیدا چووەوە هەستی کرد بە شالأوی خوێن پڕ بۆتەوە بڕیاری دا نەچێتەوە ناوی بەتەواوی مێشکی گوشراو چاوی نوقاند شالْ سپیش لەلێواری گۆڕەکەی خۆیەوە سەیری کرد ئەویش چرکەی لێوە نەدەهات بەو تالْە دەزوەوە پەیوەستە ببو کە بەجەستەیەوە ئالأبو سات بە سات پتر دەیگرتەوە گەردون بەو دەزوانەیەوە پێچرابو دەیویست شیبکاتەوە ئەویش دەئالْۆزکا دوا جار دەزووەکان بەدەستیەوە تێك ئالأن هەواو ڕوبارو هەورو مانگ و ڕۆژو ئەستێرەو زەوی بەو هێزەوە ڕاچەنی لە سوڕی شەوو ڕۆژێکی چرکەییدا گیانی دەرچو تەرمەکەیش ئەو ڕاستیەیان دەگوتەوە جەستەی وەکو لۆکەی شیکراوەی دەنواند چوار پەلی ڕاکشاو وێنەی سرودی جەنگی جیهانی مۆسیقای مەرگی ناوەختەیان پەخش دەکرد پەنجەی بەجۆرێك تەخت ببون وەکو بەمارشی سەربازی ڕوحی دەرچوبێت شێی تەرمەکەیش وێنەی

هالآوی بۆمبایان دەدایەوە شالّ سپیش لە ناو زەریای تابوتە نەدیوەکاندا دەیدیەوە جارێکی تر زیندو دەبووەوەو دەمرد گیانی بەبەردا دەکرایەوە سەد سەدەی خەیاڵی چاوەڕوانی زیندوبونەوەو گیان دەرچونی شالّ سەوزی دەکرد ئەویش هەیکەلێکی زیندوبو لەو مەرگ و ژیانەوەیەدا بەری ڕوشنایی هەمو جیهانی تەنی بو!!!

# 9

هەمو شتێك وەك تەڵە دەمی پرسیاری کردبووەوە سەرتاپا وێنەیەکی تریان گرتبو بەردو دارو درەخت و کێل و گڵ و خوڵ و مەل و گیاندارو مێرو سمۆرەو دڕك و گژو گیاو کانیاوو وشکایی و سەوزایی و سروەو شەپۆل و باو خەزان و گەڵاو گۆپکەو گوڵ و خونچەو چەوو لم و بەردو ئاسن و مرۆڤ و حەپەو دەنگ و ناڵەو هاوارو قیژەو پێکەنین و گریان و جریوەو فرمێسك و تەوژم و تەم و مژو ئاسمان و خۆرو شەوو تاریکی و گڵۆپ و دوکەڵ هەمویان نیشانەی پرسیاری وێڵیان پێوە دیار بو هەروەکو شۆکەی پرسیاری کۆچەری بەسەردا بباریێت خۆر لەگەڵ خۆ خواردنەوەیدا بە زەردی لە تەرمەکەی دەڕوانی ئەویش هەروەکو بانگەوازی ناشتنی خۆی بکات تەخت ببو سەر سنگی شەق دەهاتە بەر

چاو هەوایش شنەی دەهات وەکو بیەوێت ڕاپێچی بکات جیهانیش تەمی تاریکی بەسەردا دەکێشاو بەسەر تەرمەکەدا تەمێکی تاریك دەکشا لەگەڵ خوێناوو پەڵە سپی و شین و سەوزو سورو ڕەش و ڕەنگی هەمە چەشنەی تری سروشتدا ئاوێتە ببون وەکو کفنێکی زیوینی بۆ بدورن ئەویش وەکو خۆی مابووەوەو مۆمیا ببو تەنیا کەفەکەی لێوی وەکو فرۆ هەڵتۆقی بون پێستەکەی بەچرچی مێژوی تەمەنی حەفتا ساڵەیان دەنەخشاند مووەکانیشی کرژو ئەستورو بێهێز هەمویان سپی ببون و ددانی ڕەنگی زەردی گرتبو تەنها شەش کاکیلەی کەوتبون ئەوانی دی بە ساغی مابونەوە ئەوەیش لەبەر ئەوەی سی ساڵ بو لە خواردنی گەرم بێ بەش بون چاویشی بچوك دیاریان دەدا بەقولاییدا ڕۆچو بون و کەللەی سەریشی قوپا بو تاڵ تاڵە موی سپی پێوە دەبینرا خەزانی پیری ڕوتاندبویەوەو سفت و لوس و چرچی دەست و قاچ و ناوچەوانیشی گرمۆڵە ببون نینۆکی ڕەق هەڵهات بون و ببونە ئێسکێکی ئەستور لەسەرتاپای جەستەیەوە وشکی دەبینرا هاواری مەرگ لە مووەکانیەوە دەردەکەوت دەمارەکانی نیشتبونەوە شوێنەوارێکی تاریکیان مابووەوە نیشانەی وەستانی خوێنە جماوەکەیان دەکێشا لە کەف و کوڵ دامرکابونەوە ئەو خوێنە گەرمە نەبون کە شاخ و دەشت

و کێوی ناوچەکەی پێوە دەگەڕا سەرماو گەرماو برسێتی و بێ ئاوی پێوە دەچەشت هەمیشە جەستەی دەجولا بەستەڵۆك و گەرما لەوەستانیان نەدەخست شاڵ سپیش ئەو ڕاستیانەی دەزانی شاڵ سەوزی لاببو بە فریشتەیەك کە لەهەمو ساتێکدا بژی و ڕزگاری ببێت ئەو بیرەوەریەش کارێکی کردبو باوەڕی بەمردنی نەدەکرد تویشە بەرەی ژیانی شاڵ سەوز ببونە زەخرەفەی بیروباوەڕێکی پتەو ئالای مردنی لەسەر نەدەبینی وایدەزانی سۆبرمانی مردن و ژیانەو پارتیزانی گۆڕو گۆڕستانەو فریشتەو گەڕۆکی گەردونە ژیانی شاڵ سەوز ئەو بڕوایەیان پێهێنابو بۆیە چەندەی کرد وشەی مەرگ بە زاریدا نەدەهات زۆر جار دەیویست لاسایی ژیانی بکاتەوە دەچووە ناو گۆڕەوەو هاوارو قیژەو خەوی قوڵی ئەوی دوپات دەکردەوە پەل و پۆی ڕادەکێشاو خۆی بە خۆڵەکەوە دەنوساند لە جیهانی خەوو ئەفسانەو خەیاڵی ئەودا دەتلایەوە کەچی نەدەگەیشتە ئەنجام لەو ماوەیەشدا هەستی بە توێشەیەکی دینداری دەکرد لە سێ ساڵی گۆڕستانیشدا فێری هونەری مردن نەبوبو هەتا وەکو شاڵ سەوز لەرزین بخاتە جەستەیەوە لە سەیرکردنی ئەودا سەرسام دەماو دوای قریشکەو هاوارەکانیشی دەچووە سەر بەردێك یان سەکۆیەك بەدەریای ئەو خەوە شەپۆلاویەی

گۆڕەکەیدا دەچووەوە ماوەیەك خەریك دەبو پەل وپۆی بە هەواکەدا بلاّودەکردەوە بیّ ئارام میّشکی دەگوشی هەتا کارەساتیّکی نویّ بەسەر ئەوەدا ڕادەبورد لەو ساتەشدا شالّ سپی چاوی تیّدەبڕی دەکەوتە خرۆشی فڕین و بیری لە هیّزیّکی ئەفسوناوی دەکردەوە شالّ سەوزی لەلا دەبو بەمەلی خەیالّی گەردون و لە ناو جەستەی ئەودا گومانی لە گیانیّکی تر دەکردەوە دو ڕۆژ لەوەوبەر ئەو هیّزەی تیا بەدی کرد شەوو ڕۆژیّك بەبیّ جولّە لەناو گۆڕەکەیدا مایەوە شالّ سپی بە مردوی ژمارد هاتە سەر ئەو ڕایەی کە گیانی دەرچووە ئەوە یەکەمجار بو لەنیّوەندی ئەو خۆلّەدا بمیّنیّتەوە بەوجۆرە لە گرمەی خەوی تاریکدا پەل و پۆی دریّژ بکات چرکە بە چرکەش زیاتر خۆی پەیوەستە خۆلّەکە دەکرد جەستەی لەناو شەپۆلی خەیالّدا توابووەوە هەوریّکی سەرتاسەری هەلّمی لیّهەلّدەستاو گۆشەکانی دەگرت دیوارو پەردەو چەرچەڤ ون و ئاشکراو ڕوپۆو سیّبەرو ڕەنگ و تام و بۆن و ڕوخساری سیواخ دەدا کتوپڕ خەوەکەی ئالّۆزی کردو جەستەی سوتاو گەردونی لەلا تیّکەلاّوبون بەو شەپۆلە تاریکەوە لەگەلّ گردبونەوەی خۆردا ڕاپەڕی و قریشکەی کردو بەچنگە کڕیّ و پەل هاویشتن چاری نەبو نەیتوانی قاچ بهیّنیّتە دەر شالّ سپی واقی وڕماو لەدلّەوە هاتە سەر ئەو

ڕایەی شاڵ سەوز نامرێت وەکو"خدری زیندە" بە نەمری
دەمێنێتەوە بەو هێزەوە پەلی گرت و ڕای کێشایە دەرەوە
ئەوسا بردیە لای مەرقەد ئەویش ساتێك بەلەرزینەوە وەستا
ئەوسا لە جێی خۆیدا تلیسایەوە شاڵ سپیش باوەشی پێدا
کردو لەسەر تەختە بەندەکە ڕایکێشا کەوتە هەناسە
هەڵکێشان ئەویش چاوی نوقاندو جەستەی لە چرکە کەوت
هەناسەی خامۆش دیاری دەدا شاڵ سپی ئارامی نەما سێ
جار هاواری کرد : گەورەم .. گەورەم وەلی گۆڕستانە
ئەبەدیەکان هەستەوە .. بەو هاوارەیش هەر خامۆش بو لەپڕ
گڕوگاڵێکی منداڵانەی کرد وەکو پیانۆی خواوەندی
بەسەریدا بێت ئەویش لەرزی و ئاوو کولێرەی بۆ هێناو بە
ئەسپایی بەگوێیدا چرپاند : گەورەم دو شەوو ڕۆژە نانت
نەخواردووەو ئاوت نەخستۆتە دەمتەوە .. ئەو وشانەی
گوت ئەو ئاگایشی لێی نەبو دیدە خامۆش و گوێ کەڕو
زمان لاڵ و جەستە بێجوڵە ئەویش سەرسام مابو دو جاری
لێ دوبارە کردەوە چاری نەبو ناچار پروش پروش کولێرەی
بە دەمیەوە کردو پاشان دەستی خستە ژێر سەری بەرزی
کردەوە قومێك ئاوی بە دەمەوە کرد لەگەڵ ئەوەشدا هەر
وەکو خۆی وابو کتوپڕیش پەل وپۆی جوڵەی خرۆشی گرت
شاڵ سپیش دەستی گرت هەتا خستیە ناو گۆڕەکەیەوە

ئەوسا پاشەو پاش بەگریانەوە هاتەوە دواوە ئەویش لە ئاسەواری خۆڵەکەدا خۆی پەیوەست کرد هەستی کرد بزمار ڕێژکراوە پشت و سەرو سك و قاچی کەوتنە ژان شەپۆلێکی سڕ جەستەی گرتەوە وای زانی خوێن دای پۆشیوە ویستی ڕاست بێتەوە هێزی نەبو سات بەسات گۆڕەکە بەخوێن پڕ دەبووەوە هەتا بەتەواوی جەستەی بەنوقم کراوی هاتە بەرچاوی لە هۆش خۆی چو بیست و چوار کاتژمێر لە ناو پلەی سەخت و دژواری لاسایی کردنەوەی خەونی ڕاستیدابو هەمو ئەو سەودا سەریەی سی ساڵ بو گەرداوی مێشکی داگیر کردبو هەموی پرۆڤەی یەکجاریان پێدەکرد سەرتاپای لەو خەونەدا هاتەوە بەرچاو کەل و شاخ و بنارودەشت و دۆڵ و جۆگەو ڕۆژ هەڵات و ڕۆژ ئاواو باکورو باشورو جیهان و هێڵە کۆتاییەکان تەواویان ببون بە خۆڵە سور باوەکەی ژێر پێی و کتوپڕ هەموی بەسەر یەکدا تەقینەوەو زریکە لە جەستە مۆمیاکەیەوە هەستا لەو خەونە بێداری بووەوە ئەو چەرچەفە سورە خوێناوییە لە جەستەیەوە دەئالا هەتا ڕاست بووەوە سەری ڕوشاو روخساری خوێناوی بون دەستی بەناو هەواکەدا کێش دەکردو هەزاران نەشتەرو دڕکی ئەڵماس دەوریان تەنی بو بەهەر لایەکدا خۆی وەردەچەرخاند هەستی دەکرد نوکێکی

تیـژی لێهەڵدەچەقێت لـەتاوا بـەکوڵ گریـاو کڕوزایـەوە شـاڵ سـپیش دەسـتی گـرت و بردیـە لای مەرقـەد ئـەویش پەڵـەی فرمێسـکی خوێنـاوی دەڕشـت ئەوسـا ڕوی وەرگێـڕا شـاڵ سپیش باوەشـی پێدا کرد لەسـەر تەختـە بەندەکە رایکێشـا لـەژێر دار قەزوانەکـەوە هـەتا نیـوە شـەو چـاوی تێـبڕی تـەنها تیشکی مەرگاوی رۆشناییان دەگرتەوە لەگۆڕەوە بۆ بێشکەو لـەوەوە بـۆ مـردن لـە نیگایـدا دەپرینگایـەوە لـەم ساتەشـدا جەستەی لەبەر دەمیدا کەوتبو مۆسیقای مـەرگی ناوەختـەی لە گۆڕستانەوە لێدەدراو ئەویش بێدەنگ و خامۆش لە شێی تـاریکی و تەمومـژی نادیـاری سـەر تەرمەکەیـەوە هەناسـەی مردن دەبینراو تـۆوی ڕاسـت بونـەوەی گەشـەی دەکـرد وەکـو چروی تازە دەردەهات لەبەرچاوی هەمو روانینەکاندا مژدەی لەدایك بونێکی نوێی پەخش دەکردەوە روخساری ماتەمینی دەکشـان و پـەرش دەبونـەوە وێنەیـەکی کـامێرایی خێرابـون تـابلوی ژیانــە پـر لــە ئەشـکەنجەکەیان نیشـان دەدا وەکـو جاڵجاڵوکـە ئاسمانیـان دەتـەنی و زەویـان داگـیر دەکـرد لـە جەستەی دروست کەری گەردونەوە دەئالان هـەمو شـتێکیان دەخنکاند شاڵ سپیش چاوەکانی لێڵ ببون لە دارو درەخت و دەوەن و گـوڵ و بـنجگ و کانیـاوو چـۆم و دەریـاو تاڤگـەو فـوارەو شـێ و بـاران و بروسـکەو رۆژو مـانگ و ئەسـتێرەوە

پیاهات هەموی لە جەستەی شاڵ سەوزدا بەسەر دەکردەوە هیچ شتێك لە ناواخنی دەرنەدەچون لەمێشك و دڵ و خوێنی شاڵ سەوزەوە ئالاٌبون ئەوە سی ساڵ بو تاڵ تاڵ لە جەستەیدا خڕ دەبووەوە مێشکیان دەتەنی هەتا بون بە شارای تەم و مژو خومارو گەردەلول و خەزان و باو بوران و تەقینەوە هەر لەوکاتەی گەواڵە گەواڵە لە دورگەکانی گەردونەوە کۆچیان دەکردە ناوی هێندەی تریان دەئاوساند پێشبینی گۆڕ هەڵکەنەکەو هەمو ئەوانە بەلایدا ڕادەبورد بە هێزێکی خەفەوە قریشکاندی دوای ئەوە لەرز گرتی یادی ئاراسی کەوتەوە وێنەی جەستە بە گوللە دابێژراوەکەی دیەوە بە سینە شەق بووەکەیەوە کەسەر هەتاپای خوێناوبو بەو جورە لەگەڵیدا کەوتە قسە: ئای ڕوڵەکەم ئاراس وەرە ئەوە تۆی کورپەکەم من کەوتومەتە مەشقی مەرگی هەتایی لەم سەرە مەرگەدا باوەشم بۆ بگرەرەوە.. با دڵوپەیەك لە خوێناوی شەهادەتت بخۆمەوە روڵەکەم.. بە خەیاڵ باوەشی پیا کرد لەپڕ ئاراس لەبەر چاوی گۆڕا وەکو کوترێکی سپی سرك لەئاسمانی روانینیدا نەخشی دەدایەوە دیقە بەدیقەی روحی باوکایەتی لە گەڵدا دەکرد وێنەی هەور دەکشاو دەبو بەدڵوپەی نەبین و باوەشە گەرمە حەسرەت کێشەکەی پڕ دەکردەوەو لە شێوەی ئەستێرەیەکی گەشدا روخساری

دەنواند کورپەکەی تریشی لەگەڵیدا ببووە پارچەیەکی تری گەردون دوکەڵێکی رەشی لێدەکشا بەناو پەلی ئاسمانەوە پەخش دەبووەوە تاریکایی دەخستە بەر چاوی ویستی بە هێزی روانینی ئەو تاریکاییە پاکژ بکاتەوەو جیهان لە بوگەناو بهێنێتە دەرەوەو وەکو راوچی گەردونی بە خەیاڵ وێنەی کولارەی دەخستە پێش چاوو تاڵی دەزوی بە دەستەوە گرت و هەوڵیدا مەل و باڵندەو ئەستێرە گەشەکان پاکژ بکاتەوە سەدان تاڵە دەزوی تێك ئالاو پەنجەی گرتەوەو یەك بەدوای یەکدا دەکشان و لە هێڵەکانی فەزادا جیادەبونەوە لە پڕ هەموی تێك ئالان و لە دەستی بەربو چەندە هەوڵیدا چاری نەبو لە تاوا قریشکاندی پاشان سەری بەرز کردەوە ئەوسا لە ناوەندی ئەژنوکانیدا لە خوڵەکەوە هیواو ئاواتی راڕفیوی دەدیەوە بەو بیرەوە کەوتە دەریای خەیاڵەوە ئوقرەی لە بەر بڕا لەپڕ دەنگی پیکابەکە دایچڵەکاندو لەرزی مەرگی خستە دڵیەوە کاتێکیش لە شار هاتەوە مۆسیقا ناکاتەکان لەدڵیدا دەخروشان ئەو لەرزەبو دەمارەکانی گرت و جیهانی لێبو بەدەمی مشکێکی سەرەتاناوی بەو قورساییەوە کەوتە سەر بروسکەی مەرگی ناوەختە جەستەی کەوتە سەر خروش وایدەزانی بلوێنێك نەشتەری تێهەڵدەچەقێت تەنانەت هەوایشی لێببو بە

شـــەپولی تیغـــی خوێنـــاوی هـــیچ پەناگایـــەکی لەبونـــدا نەدەدییـــەوە بەحەژمەتـــەوە لـــەناو گیـــان و نـــاخی خویـــدا حەشاریداو چووە ناو گۆڕەکەیەوەو راکشا هەزاران وێنەی رەنگاو رەنگ لەناو زەینیدا وێنەیان دەدایەوە دەسوڕانەوەو چاوشارکێی مەرگیان بۆ دەکرد سەدان ڕاوچی بەدەوریەوە خولیان دەخوارد ئەوە یەکەم جار بو بەو چەشنە خۆی لە دەریـای ئـاگرو ئـاوو خـوێن و گوشـت و قیـژەو هـاواردا ببینێتـەوە بـەو جـۆرەیش توشـی کارەسـاتی وا توقێنـەر نەهاتبو گوێی بە قریشکە بزرنگێتەوە ئەوەیش لەلای بو بـەموعجیزەو نەهامـەتی بـەو ترسـەوە قریشـکە لـە سـەر قریشکەی کرد هەتا تەواو جەستەی بە خوڵەکەوە تێکەڵاوبو وەك بەشێك بێت لێی بەو جورە تەپ و توزی سەر نیشتبو سات بە ساتیش خراپتری لێدەهات هەتا بەتەواوی وشك بو هێزو بڕست و توانای نەماو لە قیژەو هاوارو گڕو گاڵ و گریە کەوت و قاچی بۆ نەدەجولاو چاوی بۆ هەڵنەدەهات شارای گۆڕەکەی لێ ببو بە قەپاڵ و نوکە نەشتەری ئاگراوی جەستەی دەسوتاند بەو بارە ترسناکەیشەوە چاوی لێك نا هـەروەکو مێشـکی لـە کـار کـەوتبێت بـەوجورە شـەپولی خـەوێکی کوشـندەش دایپوشـی توشـی هەڵچـونی دەریـاو زەوی و ئاسمان و گەردون و جەنگە گەورەکان بو شاڵاو لە

مێشك و دەمارو خوێنیدا هەڵدەكفا بەناو لافاوی بێ ئامانەوە دەسوڕایەوە گەردون و ژیان و مردن و گۆڕو كۆشك و تەلار دەمارەكانیان دەگرتەوە مێشكی لەئان و ساتی تەقیندا بون گڕیان دەسەند فۆتۆی ژیانیان دەكوژاندەوە شەوو رۆژێك لەو شالاوە گڕاویەدا بو ئەو ساتە راست بووەوە ساتێك لە خۆی روانی لەناو شەپولی خوێناویدا خۆی دیەوە سات بە ساتیش بەرز دەبووەوە ساتێك لە خۆی روانی هیچ شتێكی نەدەدی بەردەوام بۆ سەر لێواری گۆڕەكەی بەرز دەبووەوە هەتا هاتە سەر لێوار بەو جۆرە رۆژ لەدوای روژ رەنگی ئەو كارەسات و روداوانەی دەدایەوە چركەی ژیانی كۆتاییان پێكدەهێنا دوا جار شەوو رۆژێك لەسەر تەختە بەندەكە راكشا نەفرەتی كردە گۆڕەكەی بڕیاریدا جارێكی تر نەچێتەوە ناوی بەیەكجاری نیگاو روانین و خوێن و ئێسقان و كەلەو مێشك و زمان و دەست و قاچی لەو خوڵە توراند بەیەكەوە هەمو ئەندامەكانی مانیان گرت و بون بەمادەیەكی دژ بەخوڵ تەنیا لەسەر تەختە بەندەكە پشوی دەدا كاتێك قاچ و دەستی لە سەر درێژ كرد ئێسقانەكانی تەقین وەكو خۆی لەگەڵدا تێكەڵ بكات و بیكاتە ماڵی هەتایی خۆی جارێكی تر چاوی لەسەر هەڵنەهێنێتەوە مۆمیای مەرگی ئەو تاشە بەردە ببێت لەو ساتەشدا هەستی بە مۆمیابونی رۆحی

خۆی کرد لە ناخەوە گریەی بێدەسەڵاتی دەکردو پەڵەی جۆراو جۆری دەرشت هێزێکی ژەهراوی توقێنەر ناخەکانی دەدری کەرو لاڵ و کوێری کرد بو ئەندامی جەستەی لە کار کەوتبون تەنیا قریشکەیەکی خەفەی مابو ناخی دەسوتاند وێنەی مەلوتکەی تازەو مردویەکی دوا هەناسەی دەدا لەو ساتەشدا دوا زەنگی خنکاو مێشکی خۆی گوشی هەمو هەست و روانین و بیستن و جوڵەو بونی ببو بەکەفێکی خواوەندی تەنیا هەستی بەو تنوکەیە دەکرد کەلەسەر لێوی نیشت بووەوە وەکو سەرەتان لەناخ و دەرونیدا پەرەی دەسەند بەتەواوی بە جەستەیدا بڵاودەبووەوەو جەستەی بەو کەفاوە دادەپۆشرا هەتا تەواو تواندیەوەو بو بەشاڵاوێکی ترو هەمو گەردونی داگیر کرد لەو تەلەسکوبەوە ئەفسانەی بە گەردونی بونی بۆ رسکاو خۆی لیٚ بو بە بیست و چوار پارچەی گەردون و کەسێتی گەورەی جیهانی و خەونی بەهەمویانەوە بینی هەر کاتژمێرە جارێک بیرۆکەیەکی داگیر دەکرد لە پارچەیەکدا دەتوایەوە دوا جار هەموی بەسەر یەکدا تێك ترشان شاڵاوو سروشت و جیهان و گەردونی پوشی و بیست و چوار جار لەرزی شریخە بەجەستەیدا هات لەگەڵ هەر شریخەیەکدا هەمو گەردونی دەدی دوا جار کەفێکی سپی زەرد باو نیشتە سەر لێوی

تەرمەکەی لەسەر تەختە بەندەکە بێگیان بو پەنجەی بێجوڵە درێژ ببون قاچی وەکو خۆی دەهاتە بەر چاو شاڵ سپیش لەگەڵ مۆسیقایەکی خەفەدا بە توندی قریشکاندی بەسەر گۆڕستانەکەدا دەنگی حەوا داو هاواری کرد : مرد وەلیەکەی شارەکە مردو گیانی دەرچو لەگەڵ لەرزینی گەردون و مەرگە ناوەختەکەیدا هەزاران کێڵگەی پڕ زامی تری لە مێژودا هەڵکەند .. بە حەژمەتی ئەو هاوارەوە بەسەرسامیەوە وەستا شەپولی گومانی ئەزەلی گرتی گەواڵە هەوری ترسناك جەستەیان پێچایەوە هەستی بەبێهوشی کردو بروسکەی مەرگاوی لەناو پەڵە هەوری ترسناکەوە جەستەی دەگرت مێشکی بە قریشکەی شاڵ سەوزەوە راپێچ ببو گوێچکەی کەڕ دەبو وەکو ساروخی گۆڕستان و مەرگ و ژیان لەبەر چاویدا وەکو جاران گەردونی دەبڕی زیندو دەبووەوە لەسەر تەختە بەندەکەیش هەڵدەفڕی ئاسمانی تەی دەکردو گڕوگاڵی لێ بەرز دەبووەوە لە شەقەی باڵی دەدا بەو حەپەساویەوە دەستی گرت بەمێشکیەوەو هاواری کرد گۆڕستان لەرزێکی تێکەڵاوی گرت دارەکان بە کزەیەکی بە هێزەوە رادەوەشین لق و چڵ و پۆپ بەیەکدا دەدران گەڵای بێ نەوا دەوەری و سەگ و تولەو توتك کەوتنە وەڕین مارو مێرو خۆیان لە کون خزاند وەکو باڵندە کۆچی سەرو

ژوریـان کـرد شـینه شـاهۆکانیش لـه شـەقەی باڵیـان دەدا ساتێك بو بەحـەواوه دەخولانـەوەو دەنوکیـان گرتبـووه سـەر تەرمەکـه ئـەویش چـرکەی راسـت بونـەوەی رۆژانـی رۆژی رابـردوی لایـدا بـو چـەند چـرکەیەك بـو باڵـه فڕەیـان دەکـرد ناچار نیشتنەوەو باڵیان بەیەکدا دا پەڕیان بەسەردا وەراندو لەگــەڵ دەنگــه خنکاوەکــەی سروشــتدا مۆســیقای مــەرگی ناوەختەی شاڵ سەوزیان دەژەندو چاویان پەڵەی تازیەی لێ دەبینرایـەوە نهـێنی سـەر تەرمەکـەیان دەردەخسـت گڵـۆپی شارەکەیش هەڵکران لەگەڵ کۆچی خۆرەکەدا بە شەڕ دەهاتن دو هێزبـون لەگـەڵ مۆسـیقای خاموشـی مـەرگی ناوەختـەدا تێکەڵاو دەبون و بەشنەی بایەکی بەهێزەوە گۆڕستانەکەیان **دەهەژاند**).!!!